# هەملیت



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# هەملیت

نووسینی بلیمەتی نەمر

## ویلیەم شکسپیر

وەرگێڕ: م. ڕەئووف موفتی زادە



کتێب: هەملیت
نووسینی: ویلیەم شکسپیر
وەرگێڕ: م. ڕەئووف موفتی زادە
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٣٨
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٨١)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

## چۆن بوو کەوتمە سەر وەرگێڕانی ئەو بەرهەمە و کێگەل یاریەیان دام:

لە نیوەی یەکەمی ساڵەکانی هەشتای زایینیدا لە زانستگەی تاران، وێژەوانی یان ئەدەبیاتی ئینگلیزیم دەخوێند. یەکێ لە وانەکانمان -کە زۆری لەسەر جەخت دەکرا- بەرهەمەکانی ویلیەم شکسپیر، بەتایبەت هەملیت بوو.

مامۆستاکەمان -دوکتۆر میقدادی- جوانی بۆ شی دەکردینەوە و کاتێ لەسەر وشە یان دێڕەکان ڕاڤەی دەکرد، هەستم وابوو بەکوردی زۆر جوان وەردەگێڕدرێ. گوتم: «مامۆستا بەزمانی کوردی جوان تەرجەمە دەکرێ». گوتی: «بەدەیان زمان وەرگێڕاوە؛ با بەکوردیش دەرچێ».

«نەمدەزانی هەملیت کراوە بەکوردی یان نە، بڕستی تاقیکردنەوەیەکی بەربڵاویشم نەبوو. لەو دەمەدا کەرەسەکانی پێوەندی هیندە فرە نەبوون و بۆ هەموو کەسێ ئاسان نەدەڕەخسا کەڵکیان لێ وەرگرێ. ساتیلایت و ئینترنێت نامۆ و نەناسراو بوون؛ یان بۆ من وابوو. تەنیا ڕیفرێنسم هاوکارانم لە بەشی کوردی ڕادیۆ تاران بوون، کە پرسیارم لێ کردن و ئەوانیش بەگومانەوە وەڵامیان دامێ کە ئەو کارە نەکراوە (لەو ساڵانەدا کە خوێندکار بووم لە بەشی کوردی ڕادیۆ تارانیشدا بۆ گوزەرانی ژیان، ئیشم دەکرد.) ناوی خودام لێ برد و دەستم دایە قەڵەم. ماوەی سێ مانگ بێ وچان خەریکی بووم. هەرچەندە دەچوومە پێشەوە، هەستم دەکرد قووڵتر دەبێ. جاری واش هەبوو پەژیوانیان دەکردمەوە کە: ئەو پارووە بۆ زاری تۆ زۆر زلە و ئابڕووی خۆ مەبە، یان خۆم هەستم دەکرد دەرەقەت نایەم و دەستم دەکێشا.

هەر لەو دەمانەدا بوو کە برادەری هەرە خۆشەویستم، کاک جەمالی



سەلیم موکری، زۆری یاریدەدام؛ تەنانەت ئیشی بۆ کردم و هەر لێرەدا پڕ بەدڵ سوپاسی دەکەم.

بەکورتی، هێشتا مابووی نیوەی کەم، کۆڵی ژیانم قورس بوو. کەم دەسەڵاتی بۆ گوزەرانی ژین، بوو بەهۆی دەسکێشان لە کارەکە و هەوڵدان لە چەند لاوە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی مان. پاش چەند ساڵ لە تاران بارم کرد و بەماڵەوە هاتمەوە کرماشان. لە کرماشاندا لەگەڵ ئامۆزای ئازیز و هێژام، کاک حوسێنی موفتی، ناوەندێکی فێرکردنی زمانمان دانا و دەستمان کرد بەدەرس وتنەوە.

کاک حوسێن چاوی کەوت بەپاچڤە ناتەواوەکە و بەڕاستی ڕۆژ نەبوو بەتکا و تەمەننا و برێ جاریش تانە و تەشەر -کە لە کانگای دڵی کوردخواز و دڵسۆزییەوە هەڵدەقوڵێ- بۆ تەواوکردنی هانم نەدا. پاش دە ساڵ بڕیارم دا دەستی پێ بکەمەوە؛ بەڵام کە چاوێکم پێدا خشاند، زۆرم لەبەر قورس و سەخت هات و ئومێدی لێ بڕیم. چەند ساڵێکی تریش ڕابورد و هەملیتی ناتەواوی کوردی لە دراوێری مێزەکەمدا تۆزی دەخوارد. بەچاپ بوونی هەمبانە بۆرینەی مامۆستای پایەبەرزی کورد، مامۆستا هەژار، ئەنگێزەم بۆ ساز بوو. پاش ماوەیەکیش ئینتیرنێتم ناسی و دەستم گەیشتە هەزاران ڕاڤە و ڕاژە کە لەسەر هەملیتەوە و لەلایەن مامۆستایانی ناسراوی جیهانەوە لە سایتەکانی جۆر بەجۆردا دانراوە. لە ماوەی یەک ساڵ و پاش وەستانێکی پازدە ساڵە دواییم پێ هێنا. ئیتر باسی گیر و کێشەی دامان بۆ وشە و تووشی وەسواس بوون و شەو نەخەوتن و بیرکردنەوەکانم بۆ خۆم خاتراتێکی خۆش و بۆ خوێنەری بەڕێز درێژ دادڕینە و لێیانەوە نادوێم. بەڵام دەبێ سپاسی هەمووی ئەو خۆشەویستانە کە تەنانەت بەفێرکردنی وشەیەکیش یارمەتیان داوم بکەم بەتایبەت دایکی ئازیزم، کاک محەمەدی جەلالی، کاک حەسەنی جەلالی و هاوکارەکانی کرماشانم: ئاغایان فەللاحی، شادرام، قەنبەری، ئەتابەگی، ئەمینی.

دێته بیرم له سەرەتای کارەکەدا بووم؛ خزم و هاوپۆلی خۆشەویستم کاک ماجدی ڕوحانی -کە بەڕاستی دڵسۆزانە هەم شتی فێرکردم و هەم ئامۆژگاری جوانی دام- گوتی هەتاوی تەمەنی مامۆستا هەژار لە لچی پاسارە، با ئەو چەند لاپەڕەیە وەرتگێڕاوەتەوە نیشانی مامۆستا بدەم، کە بەداخەوە قەت ئەو هەلە نەڕەخسا؛ بەڵام لە دوایی کارەکەدا کاک ماجد چاوێکی بەپەلەی بەچەند لاپەڕەیەکدا خشاند و هەروەها کە گوتم چەند ئامۆژگاری بەنرخی دام و بەڵێنی دامێ بۆ چاپکردنی یاریدەم بدا کە جێی سپاسێکی زۆرە. پاشان هێندەی پێنەچوو برای کوردیزان و خاوەن بیر و هەستم، کاک عابد، بۆ سەردان لە لەندەنەوە هاتەوە ئێران و گەلێ ڕێنمونی کردم؛ سپاسی زۆری دەکەم.

لە ئەنجامدا بەنیازبووم مامۆستایەک بەوردی کوردییەکەی بخوێنێتەوە. بەسەفەرێکی تاران -لەگەڵ کاک عابدی برام- گەیشتینە خزمەت مامۆستای بەڕێز کاک محەممەدی کەمانگەر، کە بەڕاستی جوانی وەرگرتین و سەرەڕای سەر جەنجاڵی و کاروباری زۆر، منەتی خوێندنەوە و خەڵەتدانەوەی پاچڤەکەی لە سەرم نا. بەدڵ سپاسی دەکەم. دیارە کاک پەروێزی کەمانگەریش هان و یارمەتی زۆری دام و ڕێزی دەگرم. ئەگەر بمەوێ نێوی تەواوی ئەو ئازیزانەی -کە هەر کام بەچەشنێ یاریەیان داوم- لە قەڵەم بدەم، نە پێم دەکرێ و نە جێ دەگرێ. بۆیە سپاسی هەموان دەکەم و لە دواییدا لە کچەکەم و هاوسەرەکەم بۆ زەحمەتی تایپکردن دەسخۆشی دەکەم.



تکایەک لە خوێنەری بەڕێز:

دیارە دراما یان شانۆ جیاوازی زۆری لەگەڵ چیرۆک هەیە. لە چیرۆکدا نووسەر سواری قەڵەمەکەیە و بۆ ڕێکوپێک نیشاندانی مەبەستەکەی بەکەیفی خۆی سووڕی دەدا. بەڵام لە درامادا هەستی یاریکار جۆگە بۆ جۆهەری قەڵەمی نووسەر خۆش دەکا و خوێنەر دەبێ شوێنی جۆگەکە بگرێ تا بەدەریایەک مانا بگا؛ بۆیە چیرۆک گوێ بۆ گرتنی خۆشە و شانۆ چاو لێکردنی. جا ئەگەر لە دێڕێکدا ناڕێکی و جێبەجێبوونی وشەکان بەدی دەکەن، ئەوە شڵەژاوی هەستی یاریکار نیشان دەدا. ئەگەریش لە ڕستە و دێڕێک هەر تێنەگەیشتن ئەوە لە شڵەژاوی و ناشارەزایی وەرگێڕەکەیە.

هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکی بچووک بەکورد بکەم. هیچ نەبێ دنەدەر و هاندەرێکە بۆ زانایان کە دەس بدەنە قەڵەم و بەڕەخنە و پێشنیارەکانیان ڕێگا بۆ پاچڤەیەکی جوان و بێ هەڵەی هەملیت ساز بکەن.

چاوەڕوانی ئامۆژگارییەکانتانم بەم ئادرەسە ئینترنێتە rauf1337@yahoo.com تکایە بێ بەشم نەکەن.

ڕەئووف موفتی زادە

کرماشان، گەلاڕێزانی ٢٠٠٥ی زایینی

یاریکارانی دراما:

کلادیوس: پاشای دەنمارک

هەملیت: برازای پاشا

پولونیوس: ڕاوێژکاری پاشا

هورەیشیو: هەڤاڵی هەملیت

لەیرتیس: کوڕی پولونیوس

ڤولتیمەند
کورنیلیوس
ڕوزینکرانتز
گیلدینیستیرن
ئازریک
پیاوێکی پایەبەرز
(پیاوانی دیوەخان)

مارسیلوس
بیرنادۆ
فرانسیسکۆ
(سەربازان)

ڕینالّدۆ: خزمەتکاری پولونیوس

فورتینبراس: شازادەی نورویژ

چەند یاریکار (بۆ درامایەکی تر)

دوو لادێیی (گۆرکۆڵ)

سەرکردەیەکی نورویژی

باڵوێزانی ئینگلیزی

گیرترود: مەلەکەی دەنمارک و دایکی هەملیت

ئەفیلیا: کچی پولونیوس

ڕوحی باوکی هەملیت



چەند ئاغا و خانم و کەشە و ئەفسەر و سەرباز و گەمیوان و ڕاسپاردە و پاکار.

## بەشی یەکەم

### شانۆی یەک (لەسەر قەڵای پاشا لە شاری ئیلسینور)

*[بیرنادرۆ و فرانسیسکو دوو پاسەوان لەم پەڕ و لەوپەڕی شانۆ دەردەکەون]*

بیرناردۆ: کێیە لەوێ؟

فرانسیسکو: ئەتو وەڵام بدە. ڕاوەستە و خۆ شاندە.

بیرناردۆ: هەر بژی پاشا.

فرانسیسکو: بیرناردۆ؟

بیرناردۆ: خۆیە.

فرانسیسکو: زۆر بەجێ و کاتی خۆت هاتی.

بیرناردۆ: ئێستا کاتژمێر دوازدەی ڕاگەیاند. تۆ بچۆ بنوە؛ فرانسیسکو!

فرانسیسکو: لەبەر ئەو خەلاسکردنە سوپاست دەکەم. زۆر ساردە و منیش دڵم داگیراوە.

بیرناردۆ: پاسەوانییەکی هێمنت هەبوو؟

فرانسیسکو: مشکێکیش جووڵەی نەکرد.

بیرناردۆ: چاکە؛ شەوت باش!

ئەگەر هورەیشیو و مارسیلوس - هاوپاسەکانی ئەمشەوم - تووشت بوون، پەلەیان لێ بکە.



*[هورەیشیو و مارسیلوس دێنە ژووری]*

فرانسیسکو: پێم وایە دەنگیان دەبیسم. ڕاوەستە! کێیە لەوێ؟

هورەیشیو: ئاوەڵانی ئەم خاکە.

مارسیلوس: وە پیاوانی پاشای دەنمارک.

فرانسیسکو: شەوباشتان لێ دەکەم.

مارسیلوس: خوات لەگەڵ سەربازی دڵپاک؛ کێ خەلاسی کردی؟

فرانسیسکو: بیرناردۆ لە جێگای منە. شەوتان باش. [دەچێتە دەرێ]

مارسیلوس: ئەهەی، بیرناردۆ!

بیرناردۆ: بڵێ، چییە، هورەیشیوش لەوێیە؟

هورەیشیو: کوتێکی [*نەک تەواوی*].

بیرناردۆ: بەخێربی، هورەیشیو! بەخێربی، مارسیلوسی چاک.

مارسیلوس: چییە، ئەو دەعبا دیسان ئەمشەویش دەرکەوتووە؟

بیرناردۆ: شتێکم نەدیوە.

مارسیلوس: هورەیشیو ئێژێ هیچ نییە جگە خەیاڵی خۆمان و بڕوا بەرنادا لە باوەشی بگرێ تا هەست بەو شێوە ترسێنەرە دوو جار بەدیمان کردووە بکا. جا لێی پاڕامەوە لە گەڵماندا، سەرانسەری ئەمشەو پاس بدا کە ئەگەر دیسان ئەو ڕوحە دەرکەوتەوە، بڕوا بەچاوانمان بکا و بیدوێنێ.

هورەیشیو: هەی هو، هەی هو! قەت دەرناکەوێ.

بیرناردۆ: دانیشە تاوێ. با جارێکی تر هەڵمەتێ لەو گوێیانەت -کە لە ڕووی ئەو چیرۆکەمان قورس داخراون- بدەین؛ ئەوەی کە دوو شەوە بەدی دەکەین.

هورەیشیو: باشە، دادەنیشین و گوێ بۆ بیرناردۆ شل دەکەین باسی لێوە بکا.

بیرناردۆ: دوێنێ ئاخری شەو، کاتێ ئەو ئەستێرە – کە ئێستاش دەدرۆشێ
و ئەو بەشەی ئاسمانی ڕووناک داگیرساندووە – لە کەلی
باکوورەوە بەرەو ڕۆژاوا ڕێی گرتبووە بەر، کاتژمێر یەکی زراند؛
مارسیلوس و من... {ڕوح دەردەکەوێ]

مارسیلوس: وس وس! بێ دەنگ بە! چاو! لەویەوە دیسانەوە دێ.

بیرناردۆ: هەر لەو شێوەیەدا؛ وەکو پاشای خوالێخۆشبوومان.

مارسیلوس: ئەتو خوێندەواری؛ قسەی لەگەڵ بکە، هورەیشیو.

بیرناردۆ: جا ڕواڵەتی لە پاشا ناکا؟ وردی بەوە، هورەیشیو!

هورەیشیو: زۆر لە خۆی دەکا. تووشی ترس و سەرسووڕمانی کردووم.

بیرناردۆ: شایەت قسەی لەگەڵ بکرێ.

مارسیلوس: لێی بپرسە، هورەیشیو!

هورەیشیو: کێی ئەتو، ئەم کاتەی شەوت داگیر کردووە و بەو شێوە جوان و
خەباتگێرە –کە پاشای پایەبەرزی نێژراومان جاروبار پیاسەی
دەکرد– خۆ دەنوێنی؟ بەئاسمانت سوێند دەدەم دەنگت لێوە بێ!

مارسیلوس: ئالۆز بوو.

بیرناردۆ: چاو! بەئەسپایی دوور دەبێتەوە.

هورەیشیو: ڕاوەستە! دەنگ بکە ، دەنگ، تکایە قسە بکە. [ڕوح دەچێتە
دەرێ]

مارسیلوس: دەڕوا و وەڵامیش ناداتەوە.

بیرناردۆ: ئێستا چی؛ هورەیشیو؟ دەلەرزی و ڕەنگت لە ڕوو بڕاوە. جا
شتێکی زیاتر لە خەیاڵ نەبوو؟ بیروبۆچوونت چییە؟

هورەیشیو: بەو خودایە، بڕوام نەدەکرد تا چاوانی ڕاستبین و ڕاستەقینەی
خۆی بەدی نەکردبای.

مارسیلوس: لە پاشا ناکا؟



هورەیشیو: هەروەها کە تۆ لە خۆت دەکەی. ئەو کاتەش لە دژی پاشای
ملهوڕی نورویژ بەشەڕ هات، هەر ئەو جلوبەرگەی لەبەربوو.
هەروەهاش گرژ، جارێکیان – لە پاش وتووێژێکی توند –
سورتمە سوارەکانی پۆڵاندی بەسەر سەهۆڵەکاندا تێکشکاند.
سەرسووڕێنەرە!

مارسیلوس: بەو شێوە دوو جاری تریش –هەر لەم کاتە هێمنەدا–
بەئەسپایی لە پێش چاوی ئێمەوە تێپەڕیوە.

هورەیشیو: چۆنی بەوردی لێ بتۆژێمەوە، نازانم! بەڵام لە ڕوانگە و
ڕوانینی گشتیمەوە نیشاندەری قەومانی کارەساتێکی نامۆیە
لە وڵاتەکەماندا.

مارسیلوس: باشە! فەرموو دانیشن و ئەوەتان ئاگەدارە پێم بڵێ هۆی ئەو
ئێشکدانە پڕ کێشە و قورسەی شەوانە –کە خەڵکی وڵاتەکەشی
تاساندووە– چییە؟ بۆ هەموو ڕۆژێ لە برنجە و تونج تۆپ ساز
دەکەن و لە هەندەرانەوە ئەرکان دەکڕن؟ ئەو زۆر و مل بادانە
چییە لە پاپۆڕەسازان وا مەینەتی کار و ئیشیان، تەنانەت لە
حەفتەدا یەکشەممەیشی بۆ نەهێشتوون؟ چ لە پێش دایە کەوا
کرێکاران و کاربڕان بەپەلە ئارەق دەڕێژن و بێ وچان شەویان
دووراوە بەڕۆژەوە؟ کێیە دەتوانێ ئاگەدارم کا؟

هورەیشیو: ئەمن دەتوانم. هیچ نەبێ، سرتە سرت وەها بڵاوە:
پاشای پێشوومان –کە ئێستاش دیمەنی لە ڕوومان دەرکەوت–
هەروەها کە دەزانن لە دژی فورتینبراس (پاشای نورویژ) کە
خۆهەڵکێشانی، لەسەر چاوچنۆکی، ڕەپ ڕاستی کردبووەوە
بەشەڕ هات.
لەو شەڕەدا هەملیتی نەبەزمان –هەر بەوبۆنەوە ئەم بەشەی
ناسراوی جیهان ڕێزی لێ گرتووە– فورتینبراسی کوشت؛ کە

بەپێی بەڵگەیەکی دیاردەکراو و شایەتی گەورە پیاوانی لەسەردراو، بەڵێنی دابوو گەر بکوژرێ، تەواوی وڵاتی ژێر دەسەڵاتی، بەسەرکەوتووی ئەو شەڕە بدرێ. بەرانبەر بەوەش پاشامان مەرجی کردبوو گەر بیدۆڕێنێ، ئەو بەشەی کە دەستی بەسەردا کێشابوو، بگەڕێتەوە بۆ میراتبەرانی فورتینبراس.
ئێستا، ئاغا! فورتینبراسی لاو، لەسەر نەترسییەکی ناپۆڕ و خاو، بەگوڕ و دلێر، لەملا و لەولا ژمارەیەکی لات و خوێڕی بەتەمای نان و نەوا لەسەر سنوورەکانی نورویژدا هان داوە و بۆ وڵاتەکەمان دەرکەوتووە؛ مەبەستێکی نییە جگە لە وەرگرتنەوەی دۆڕدراوەکانی باوکی بەزۆر و ملهوڕی. جا من پێم وایە یەکەم هۆی ئەو تەیاربوون و ئێشککێشان و بەپەلە هاتوچوون و هەواڵ هێنان و بردنەی وڵاتەکەمان، ئەوەیە.

بیرناردۆ: وابزانم جگە لەوەش نەبێ. کەوابوو ئەو دەعبا بەدفەڕە کە لە شێوەی پاشادا -چەکدار لە کاتی چاوەدێرییەکەماندا- دەرکەوت نیشانەی شەڕ و شۆڕە.

هورەیشیو: نازانم؛ وەکو ڕیزە بەرد چاوی بیروبۆچوون کز دەکا. لە وڵاتی هەرەبەرز و بەربلاوی ڕۆمدا -ماوەیەک پێش لە ڕووخانی ژولیوسی مەزن- گۆڕەکان چۆڵ بوون و مردووانی کەفنکراو لە شەقامەکانی ڕۆمدا قیژ و واژیان لێ کەوتبوو؛ ئەستێرەکان شوێنیان ئاگر؛ شەونم خوێناوی؛ نەگبەتی سێبەری لە هەتاو دابوو و دیمەنی بەتریفەی مانگ کە لە پەنایدا نیپتون [ئەمپراتۆری بەحر و زەریا] ڕاکشاوە، مەنگ و ماندوو -وەک بڵێی تا ڕۆژی پەسڵان- داگیرابوو؛ دەق بەدەق وەکو پێشامای ڕووداوەکانی زەنەقبەر وابوو؛ کە پێشگۆکانی چارەنووس هەمیشە باسیان دەکەن و سەبارەت بەنێزیکبوونەوەی هووم و



بەدفەڕی وریایی دەدەن. جا بۆ هەواناسان و هاووڵاتیانی ئێمەش، ئاسمان و ئەرز پێکەوە نیشاندەری قەومانی بەڵا و باهوڕ بوون.

*[ ڕوحەکە دێتەوە]*

- بەڵام، وس! چاو! ئەی هاوار! لەویەوە هەمیسان دێتەوە.
- ڕێی لێ دەگرم؛ گەر تەفروتووناشم بکا. ڕاوەستە! شەودێز! ئەگەر دەنگت هەیە و زمانت دەگەڕێ، قسەم لەگەڵ بکە. ئەگەر کارێکی خەیر هەیە لە ئەنجامدا بووژانەوەی تۆ و بەختیاری منی تێدایە، قسەم لەگەڵ بکە، ئەگەر لە چارەنووسی وڵاتەکەت ئاگەداری و بەپێش پێزانین بکرێ خۆ لابدەین، قسە بکە. یان ئەگەر لە ژیانتدا خەزێنەیەکت لە دڵی خاکدا حەشارداوە، کە دەڵێن ڕوحتان لە پاشی مردن جاروبار دەکەوێتە گەشت و گێڵ بۆ دۆزینەوەی...

*[کەڵەبابی بەیان بانگ هەڵدەدا]*

قسەی لێوە بکە. ڕاوەستە و قسە بکە. ڕایگرە، مارسیلوس!

مارسیلوس: بەم ڕمەم لێیدەم؟

هورەیشیو: لێدە گەر نەوەستا.

بیرناردۆ: لێرەیە!

هورەیشیو: نا، لێرەیە.

مارسیلوس: نوقم بوو.

*[ ڕوحەکە دەچێتە دەرێ]*

- بەهەڵەدا چووین توورەییمان بەوەها پایەبەرزی نواند؛ چونکە ئەو وەکو هەوا وایە؛ زەبری لێ ناکەوێ و فرتوهۆڕە پووچەکانمان تەنیا لاساییکردنەوەی لێدان بوو.

بیرناردۆ: خەریک بوو قسە بکا؛ کەڵەبابەکە بانگی هەڵدا.

هورەیشیو: پاشان کەوتە ڕێ؛ وەکو تاوانبار کە بانگێکی زاڵەبەری لێ دەکرێ. وام بیستوە کەڵەشێر زوڕنای بەربەیانە؛ بەگەرووە بەرز و تیژەکەی کە دەقوولێنێ ڕووناکی لە خەو ڕادەپەڕێنی و بەو وریاییە، ڕوحی ئاوارە و وێڵ – لەسەر ئاو بێ یان ئاگر، لە ئەرز بێ یان لە ئاسمان – فرتە دەکاتەوە بەندەکەی. جا ئەم شتە ئێستاکە بەدیمان کرد، ڕاسبوونی ئەو وتەیەی سەلماند.

مارسیلوس: بەبانگی کەڵەبابەکە ڕەنگ لە ڕووی بڕا. وا دەڵێن تۆزێ وەرجەوەی لەدایکبوونی ڕزگاریدەرمان جێژن بگێڕدرێ، باڵندەی بەیان بەدرێژایی شەو چریکە دەکا و لەو ماوەیەدا هیچ ڕۆحێ ناوێرێ بکەوێتە گەشت. شەوان شێنین و لەو شەوانەدا هیچ ئەستێرەیەک نانەوێ، هیچ سیحرێ کاریگەر نابێ و سیحربازیش هێزی سیحر و جادووی نامێنێ؛ ئەو سەردەمە ئەوەندە پیرۆز و پڕ خێرە.

هورەیشیو: منیش وام بیستوە و تا ڕادەیەک بڕوام پێیە. بەڵام، سەیر بکەن! بەیان کەوای ئەرخەوانی لەبەر کردووە و پێی لەسەر شەونمی کێوە دوور و بەرزەکانی ڕۆژهەڵات داناوە. وەختیەتی واز لە پاسەوانی بێنین و بەبڕوای من، ئەوەی کە ئەمشەو بەدیمان کرد بەهەملیتی جەوان ڕابگەیێنین؛ چونکە بەژیانم سوێند، ئەو ڕۆحە کە لە ڕووی ئێمەدا بێ دەنگ بوو، لەگەڵ ئەودا بەقسە دێت. جا ئێوە ڕازین لەسەر خۆشەویستی و جێبەجێکردنی ئەرکمان، ئاگەداری بکەین؟

مارسیلوس: با وا بکەین؛ تکایە! ئەمن دەزانم ئەم بەیانییە لە کوێدا بەتەنێ تووشی ببین.

[دەچنە دەرێ]



## شانۆی دوو – قەڵای ئیلسینور، هۆڵێکی گشتی

*بەڕێز و حورمەت و چەپڵەڕێزان، کلادیوس «پاشای دەنمارک» ، گیرترود «مەلەکە» ، لەیرتیس و خوشکەکەی «ئوفیلیا» ، پایەبەرزان و پیاوانی دیواخان دێنە سەر شانۆ.*

پاشا: با وەکو هێشتا یادی مەرگی برای خۆشەویستمان –هەملیت– سەوزە و شیاوی ئەوەیە دڵمان پڕ لە خەفەت و ڕوومەتی سەرانسەری پاشایەتیمان برۆیەکی لە پەژارەدا گرژا بێ؛ بەڵام هەروەها کە هەتاهەتایە ئاوەز و بیر خۆ بەدەستی ڕووداوەکانی سروشتییەوە نەداوە، ئێمەش –هاوڕێ ئەوەی کە ژیرانە بیرمان خەمبارە– بیری خویشمان هەیە. کەوابوو خوشکی پێشوو و مەلەکەی ئێستامان کە پێوەنی پاشای ئەم وڵاتە خەباتگێڕەیە –لەسەر داب و دەستوور– بەوپەڕی کەیفەوە، بەختەوەرانە و بەچاوێکی ئەسرین بار، بەشایی لە ئازیەتبازی و ڕۆڕۆ لە زەماوەن، لە شایی و شیوەنێکی هاوسەنگدا مارە دەکەین. ئێمە ژیرتر لە ئێوەمان نییە لەگەڵ ئەو کارەساتە بێ خورتی و بەدڵ ڕێک هاتبێ. لە هەمووتان سوپاسی ئێمە.

ئێستا هەروەها کە ئاگەدارن، فورتینبراسی جەوان –کە بایی و بایەخی ئێمە بەسووک دەزانێ– یان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە تازە مردنی برای بەڕێزمان دەبێتە هۆی لێک پچڕان و دابەشبوونی وڵاتەکەمان، بەتەمای گەنج و قازانجە و دەس لە ئازارمان بەرنادا؛ پەیک و پەیخام بەرێ دەکا و داوای وەرگرتنەوەی ئەو ناوچانەی دەکا کە باوکی بەپێی ئەو هەموو بەڵگە و بڕیارە مۆرکراوە، بەبرای دلێرمانی دۆڕاندووە. ئەمە سەبارەت بە ئەو.

*[ڤولتیمەند و کورنیلیوس دێنە ژووری]*

ئێستا سەبارەت بەخۆمان و ئەم کاتەی کۆبوونەوەکەمان.
کاری گرینگ ئەوەیە ئێمە لێرەدا بۆ پاشای نورویژ -مامی فورتینبراسی لاو کە لاواز و لاگرتووە و بەدەگمەن لە مەیل و مەبەستی برازاکەی دەبیسێ- نووسیومانە لە هەنگاو هەڵێنانی پتری برازاکەی بەرگری بکا. ئەو میرانە و پیتاک وەرگرتنانە و سەربازگرتنانە و تەواوی تایبەتییەکانی ئەو کارانە، لە دەسەڵاتی ئەودا نین و ئێمە لێرەوە ئەتو کورنیلیوسی چالاک و تۆ -ڤولتیمەند- بەرێ دەکەین کە ڕاسپاردەی ئەم ڕێز و سڵاوە بن بۆ پاشای پیری نورویژ. هیچ دەسەڵاتێکی خۆماڵی ترتان نادەینێ لەگەڵ ئەو پاشایە - پتر لەوەی کە نێوەڕۆکی بەوردی دیاریکراوی ئەم نامەیە ئیزن دەدا - ئاڵوویر بکەن.

*[نامەکەیان دەداتێ]*

خوداتان لەگەڵ! با گورجوگۆڵێتان جێ پەسەندی ئەرکتان بێ.
کورنیلیوس و ڤولتیمەند: لەو ئەرکە و لە هەموو ئیشێدا ئەمەگداریمان نیشان دەدەین.
پاشا: ئێمە لەو بابەتەوە هیچ گومانمان نییە. پڕ بەدڵ بەخوداتان دەسپێرم.

*[ڤولتیمەند و کورنیلیوس دەچنە دەرێ]*

جا ئێستا، لەیرتیس! لە تۆ چ خەبەر؟ باسی داخوازێکت لەگەڵمان کردبوو. چییە ئەوە؟
لەیرتیس! ئەتو ناکرێ سەبارەت بەداخوازێک لەگەڵ پاشای دەنمارک باس بکەی و دەنگت ون بێ و نەبیسرێ. چیت داوا کردووە؟
لەیرتیس! گەرچی ئەوەجەی دەسبڵاوی من و پاڕانەوەی تۆی نییە، مێشک نێزیکتر بەدڵ و دەس کارسازتر بۆ دەم لە باوکت بۆ تاج و تەختی دەنمارک نییە. چیت بەنیازە؟ لەیرتیس!
لەیرتیس: سەروەری بەرزم! ئیزن و ئەرێی جەنابت بۆ گەڕانەوەی فەرەنسەم.



گەرچی لەوێیەوە بەپێی ئاواتم گەڕامەوە دەنمارک کە ئەرکی خۆم لە ئاهەنگی تاج نیانی جەنابتاندا بەڕێوەبەرم. ئێستا دەبێ ڕاگەیێنم، ئەرکم جێبەجێ کراوە و بیر و ئاواتەکانم دیسان ڕوویان لە فەرانسەیە و ملکەچی لێبووردن و ئیزنی پیرۆزی جەنابتانن.
پاشا: ئیزنی بابت وەرگرتووە؟ پولونیوس چی دەڵێ؟
پولونیوس: هەیەتی، قوربان! بەسۆز پاڕانەوە ئیزنێکی بەکێشەی لێ داگوشیم و لە دوایی مۆری ڕەزامەندی زۆرەکی خۆم لەسەر ئارەزووی کوتا. لە جەنابیشتان تکا دەکەم ئیزنی بدەن بڕوا.
پاشا: کاتێکی خۆشت هەبێ؛ لەیرتیس! سەردەمی خۆتە و لەسەر بیروباوەڕی خاوێنت بەئارەزووی خۆت ڕایبویرە. بەڵام ئێستا، برازام و کەسوکار و کوڕم هەملیت.
هەملیت *[لەبەرخۆیەوە]*: تۆزێ زیاتر لە کەس و کەمتر لە کوڕ[1].
پاشا: چۆنە وەها هێشتا تەم دایگرتووی؟
هەملیت: واش نییە قوربان! زۆریش لە ژێر تیشکی هەتاو دام.
مەلەکە: هەملیتی جوان! ئەو شەوڕەنگییە لەخۆ دابێڵێ با چاوانت وەکو هەڤاڵێک سەیری پاشای دەنمارک بکا.
تا هەتایە نابێ بەپێڵووی داکەوتووی چاوانت لە دوی باوکی پایەبەرزت خاک و خۆڵ بەیتە لاوە. ئەتو دەزانی ئاساییە؛ ئەوانەی دەژین دەبێ بمرن. مەرگ تێپەڕینێکە لەم سروشتەوە بەرەو بێ بڕانەوە.

(١) لە ئینگلیزییەکەیدا وا هاتووە: تۆزێ زیاتر لە خزم و کەس (kin) و کەمتر لە میهرەبان و دڵنەرم (kind) کە تایبەتییەکی جوانی لە باری ڕواڵەت و مانای دوو وشەکەوە هەیە. (وەرگێڕ)

هەملیت: ئا، خانم! ئاساییە.

مەلەکە: کەوایە بۆچ وا دیاری دەدا زۆر لەبەرت نامۆیە؟

هەملیت: دیاری دەدا، خـــانم؟ نا، هەروایە. ئەمن لە دیاری دەدا تێناگەم. تەنیا جامەی جەوهەرینم، دایکی هێژام، یان جلوبەرگی ئایینی ڕەش یان هووژەی هەناســەی هەڵبــەســراو، یان خــوڕەی ڕووباری چاوان، یان شێوەی داگرژاوی دیمەن؛ هەمووی لەگەڵ هەر شێوە و هەست و هەیتەڵی لە خەم ناتوانن ڕاستەقینەی هەستی من بدرکێنن. ئەوانە لە چاو دیارن؛ چونکە ڕواڵەتێکن مرۆڤ خۆی پێ دەنوێنێ. بەڵام من دەروونێکم هەیە کە گوزەرانی زەمان دەری دەخا. ئەوانە تەنیا داو و تەڵەکە و جلوبەرگی خەمن.

پاشا: شیرین و شیاوی ئافەرینە ئەوەی کە بۆ بەیانی ئەرکی ئەزیەتباری باوکت لە هەستت دایە، هەملیت! بەڵام دەبێ بزانی باوکت بابی لە دەس دا؛ ئەو باوکیشە بابی لە دەس داوە؛ ئەویش باوکی لە دەستی چووە.

جا ئەرکی پاشماوەیە – بەپێی ئەمەگی باوانداری – بۆ ماوەیەک خەمباری بنوێنێ. بەڵام تێکۆشان بۆ ئازیەتباری بەلاساری و ڕەچوویی، لەنجبازییەکی خوانەناسانەیە، خەمی ناپیاوانەیە، نیشاندەری وزەیەکی دژ بەئایین، دڵێکی ژلەژاو، بیرێکی ئاڵۆز، زانایییەکی ساکار و بێ نەخش و خەتە؛ چونکە ئەو شتانە دەبێ بزانین و هەرواشە – وەکو هەر شتێکی ئاساییە بۆ هەست و ئاوەز؛ جا بۆ دەبێ ئێمە بەرککردنی ڕەنجخوازانە لە دڵی بگرین؟ نالەبارە! تاوانبارییە بەرانبەر بەخودا، تاوانباری لە ئاستی مردووەکانە، تاوانباری لە ڕووی سروشتە، زۆر بۆ بیر و ئاوەز –کە مەرگی باوانی بەلاوە ئاساییە– بێ مانایە. ئاوەز –لە یەکەم تەرمەوە تا ئەوەی ئەمڕۆ مردووە– هاواری کردووە هەروا بووە و هەروا دەبێ.



ئێمە تکات لێ دەکەین ئەو خەمە بێ کەڵکە بەئەرزدا بدەی و ئێمە بەباوک بزانی؛ چونکە عالەم لە قەڵەم بدا ئەتو یەکەم جێنشینی بۆ تاج و تەختمان و بەعەشقێکی نەک کەمتر لەوەی کە دڵنەرمترین باوک بۆ کوڕی هەیەتی، چاوت لێ دەکەین. سەبارەت بەمەبەستی گەڕانەوەت بۆ زانکۆ لە **ویتینبیرگ** –دەبێ بڵێم– زۆر بەپێچەوانەی ئارەزووی ئێمەیە؛ داوات لێ دەکەین و فەرمانت دەدەین لێرەدا لەنێو خۆشی و ڕەحەتی چاوانماندا بمێنیەوە. ئەی بەڕێزترین دیواخاننشین و برازا و کوڕمان!

مەلەکە: با لاڵە و تکای دایکت بێ ئاکام نەبێ. هەملیت! لێت دەپاڕێمەوە لەگەڵ ئێمەدا بمێنییەوە و نەچییەوە بۆ ویتنبرگ.

هەملیت: بەوپەڕی توانم ملکەچی فەرمانتم، خانم.

پاشا: ها، ئەوە وەڵامێکی خۆشەویستانە و جوانە. وەکو ئێمە لە دەنمارکدا بژی. خانم! وەرە. ئەو هاوڕێیی نەرم و بێ خورتیەی هەملیت، جوان بەدڵمەوە نیشت. جا بەخۆشییەوە هیچ بادەیەکی سەلامەتی نەبێ کە پاشای دەنمارک ئەمڕۆ بیخواتەوە و تۆپە بەسامەکە بۆ هەورانی نەگێڕێتەوە و ئاسمانیش سەرمەستی و بەرزە دەماخی پاشا بەتریشقەی هەوران بۆ زەوی نەگەڕێنێتەوە. وەرن بچین.

*[بەچەپڵە و هەرا و هوریا هەموو دەچنە دەرێ جگە لە هەملیت]*

هەملیت: ئاخ! بریا ئەم لەشە زۆر زۆر پیسە بتوایتەوە، داڕزیبا و بووبای بەدڵۆپێکی شەونم؛ یاسایەکی لە دژی خۆکوشتن دەرنەکردبای. ئاخ! خودا! خودا! چەن کەسەر و کاڵ و بێ ڕەنگ و کەڵکە بەرهەمەکانی ئەم دونیایە لەبەرچاوم. ئای! شەرمەزاری! شەرمەزاری! چۆن ئەم باخە بژار نەکراوە گەشە دەکا بۆ تۆو هەڵهێنان و تاقە بەرهەمەکەشی هەژاڵە و گیای نەڕۆکە؛ تا بگاتە ئەو ڕادەیەی تەنیا دوو مانگە

مردووە؛ نا، ئەوەندەش نییە، دوو مانگ نابێ؛ وەها پاشایەکی گەورە کە لە حەنای ئەم دێوەزمەیەدا **هایپیریون** (خوداوەندی هەتاو) بوو. چەندە ئەویندارى دایکم بوو! نەیدەهێشت، تەنانەت با و گژەی ئاسمان توند لە ڕوومەتی هەڵکا.

ئاسمان و ئەرز! فریا! ئاخۆ پێویستە بیری لێ بکەمەوە؟ چۆن بوو؟ دایکم، وەها خۆی ئاوێزانی دەکرد، وەک بڵێی ئیشتیای لەسەر ئەوەی کە دە خوارد ئەنگێزتر دەبوو؛ بەڵام لە مانگێکدا... با بیری نەکەمەوە! هەی زایفە! نێوی تۆ ژنە. لە مانگێکی کورتدا، بەرلەوەی ئەو پێڵاوانەی کە لەپێی کردبوو و لەدوی تەرمەکەی بابی هەژارم - وەکو **نیوبی**[١] خەڵتانی فرمێسک - کۆن بکا.

بۆچ دایکم وای کرد؟ بەتایبەت ئەو. ئای خودا! دڕندەیەکیش بێ بەش لە زمان و زانین ماوەیەکی زۆرتر ئازیەتبار دەبوو. مێردی بەمامم کرد؛ برای بابم. جا چەندە من لە **هیرکوول** دەکەم، ئەویش ئەوەندە لە بابم دەکا. لە ماوەی مانگێکدا، بەرلەوەی شوڵاوی فرمێسکە فێڵاوییەکانی سوورایی چارە گڵ لێکەوتووەکانی بەجێ بهێڵێ، مێردی کرد. ئاخ! چ پەلەیەکی بێ ئاکار بوو. پەلامارێکی وەها چالاکانە بەرەو لێفەی زینا! نا، ناتوانێ ئاکامی چاک بێ. بەڵام دڵی ترکاندووم؛ چونکە دەبێ زمانم ڕاگرم.

*[هورەیشیو، مارسیلوس و بیرناردۆ دێنە ژوورێ]*

هورەیشیو: سڵاو لە جەنابت!

هەملیت: خۆشحاڵم بەکەیفت دەبینم؛ ئەتو هورەیشیوی یان گێژی لێی داوم؟

---

(١) نیوبی: ژنێکی لەخۆ ڕازی لە ئەفسانەکانی یونانییە کە لە خوداوەندێک بەنێوی لیتو گرژ دەبێ و ئەویش منداڵەکانی لێ دادەبڕێ و خۆیشی دەکا بەکۆتەڵێکی بەردین کە هەتا هەتایە بۆ منداڵەکانی دەگری.



هورەیشیو: خۆمم، قوربان! خزمەتکاری بچووکی هەمیشەتان.

هەملیت: ئاغا! هەڤاڵی هێژامی - ئەو نێوەت وەها لەبەر دەگۆڕم. جا چی لە ویتینبیرگەوە هەڵێناوی؟ هورەیشیو! [ڕوو لە مارسیلوس] مارسیلوس!

مارسیلوس: سەروەری بەڕێزم!

هەملیت: لە دیتنت زۆر خۆشحاڵم. [*ڕوو لە بیرناردۆ*] ئێوارە باش. ئاغا، [*ڕوو لە هورەیشیو*] بەڵام، چی بەڕاستی لە ویتینبرگ هەڵێنای؟

هورەیشیو:هەوای هەڵاتن، قوربان!

هەملیت: شتی وام لە دوژمنانیشت نەبیستووە؛ ناشتوانی ئەو ناتۆرە بەگوێمدا بکەی و بەخۆشکێنی قسەکانت ڕاس بنوێنی. ئەمن دەزانم تۆ نەبانوک نیت. جا فرمانت لە ئێلسینوردا چییە؟ تا بەدمەستی و تێر خواردنەوەت، بەرلەوەی بگەڕێیەوە، فێر بکەین.

هورەیشیو: قوربان! هاتم لە ئازیەتباری باوکتاندا بەشداری بکەم.

هەملیت: تکات لێ دەکەم گاڵتەم پێ نەکەی، دۆستی هاوپۆلم! پێم وایە بەهۆی بەشداری لە زەماوەنی دایکمدا بووبێ.

هورەیشیو: لە ڕاستیدا قوربان! بەپەلە کرا.

هەملیت: دەس پێوەگرتن، دەس پێوەگرتن، هورەیشیو! دەنا گۆشتە برژاوەکانی ئاهەنگی ئازیەتباری بەساردی سفرەکانی زەماوەنەکەی دەڕازاندەوە. خۆزگە چاوم بەخوێن تاڵترین دوژمنانم لە بەهەشتدا بکەوتبای و ئەم ڕۆژەم نەدیبای؛ هورەیشیو! بابم، پێم وایە بابم دەبینم.

هورەیشیو: حەی، لە کوێ قوربان؟

هەملیت: لە چاوی بیرمدا، هورەیشیو!

هورەیشیو: ئەمن جارێ چاوم پێ کەوتبوو؛ پاشایەکی پێکەوتوو بوو.

هەملیت: پیاو بوو، بگرە لە هەموو بارێکەوە هەمبەری ئیتر نابینمەوە.

هورەیشیو: قوربان! پێم وایە دوێنێ شەو چاوم پێی کەوت.

هەملیت: چاوت پێ کەوت؟ بە کێ؟

هورەیشیو: قوربان! پاشا، بابت.

هەملیت: پاشا، باوکی من؟

هورەیشیو: بەوردی گوێ شلکردن تاوێ تامازرۆیی داپسکێنە تا بەشایەتی
ئەم پیاوانە ئەو شتە نامۆیەت ڕاگەینم.

هەملیت: بەشقی خودا، با بیزانم.

هورەیشیو: دوو شەوی لەسەر یەک ئەم دوو پیاوە (مارسیلوس و بیرناردۆ)
لە کاتی ئێشکدانەکەیاندا، لە نیوەشەوی بێ دەنگ و زرەدا تووشی هاتوون؛ پەیکەرێ وەکو باوکت؛ سەر تا پێ چەکدار لە پێش چاویان دەرکەوتووە؛ بەپیاسەکردنێکی هێمن، ئارام و لەسەرخۆ لە ئاستیان تێپەڕیوە.
سێ جار لە پێش چاوی داماو و ترساویاندا بەدۆژ و دوورایی کەوازەکەت ڕێ دەکا و ئەمان لە ترساندا ئارەق دەتکێنن و هاکا بێن بەدەڵەمە؛ لە زمان لاڵ دەبن و نایدوێنن. ئەو بەسەرهاتەیان لە پەناوە بۆ گێڕامەوە و منیش لەگەڵیاندا شەوی سێیەم پاسەوانیم کرد.
هەر بەو چەشنە کە ڕایانگەیاندبوو، لە هەمان کات و هەمان شێوەدا قسەکانیان ڕاست دەرکەوت و ڕۆحەکە هاتەوە. ئەمن باوکتانم دیبوو؛ ئەو دەستانەم ئەوەندە لە یەک ناکەن، کە ئەو ڕوحە لەوی دەکرد.

هەملیت: جا لە کوێدا بوو؟

مارسیلوس: قوربان، لەسەر ئەو قەڵایەوە کە ئێشکمان دەکێشا.



هەملیت: نەتاندواند؟

هورەیشیو: با، قوربان! من قسەم لەگەڵ کرد. بەڵام وەڵامی نەدامەوە. پێم وایە لەو کاتە کە سەری هەڵبڕی و خۆی خڕدا بۆ قسەکردن – بەشێوەیەکی سەردەمی ژیانی – کەڵەشێری بەیان بەرز قووڵاندی و بەو دەنگە، لەزوبەز هەڵچرچا و لە چاومان نوقم بوو.

هەملیت: زۆر سەمەرەیە!

هورەیشیو: جا چەندە ڕاسە کە من زیندووم و دەژیم، سەروەری هێژام،
ئەویش هێندە ڕاس بوو.
ئێمەش بەئەرکی نووسراوی خۆمان زانی جەنابت ئاگەدار بکەین.

هەملیت: بەڕاستی، بەڕاستی، ئاغایان! بەڵام کاس و کەسەری کردووم.
ئەمشەویش ئێشک دەدەن؟

مارسیلوس و بیرناردۆ [پێکەوە]: دەدەین، قوربان!

هەملیت: گوتتان چەکدار بوو؟

پێکەوە: چەکدار بوو، قوربان!

هەملیت: سەر تا پێ؟

پێکەوە: قوربان! لەسەر تا پێ.

هەملیت: جا، ڕوومەتیتان نەدی؟

هورەیشیو: با قوربان، باندیمەکەی هەڵدابووەوە.

هەملیت: چۆن بوو، تووڕە بوو؟

هورەیشیو: ڕەنگێکی پتر لە خەمباری تا تووڕەیی.

هەملیت: ڕەنگ بزرکاو یان ئاڵوگۆڕ؟

هورەیشیو: نا، زۆر هەڵبزرکاو.

هەملیت: چاوی لێ دابڕیبوون؟
هورەیشیو: بێ پلکەدان.
هەملیت: بریا لەوێ بوایەم.
هورەیشیو: زۆری دەپەشۆکاندی.
هەملیت: بێ گومان، بێ گومان. جا زۆر مایەوە؟
هورەیشیو: ئەوەندە لە سەرخۆ تا سەد بژمێری.
مارسیلوس و بیرناردۆ [پێکەوە]: زیاتر، زیاتر.
هورەیشیو: نەک ئەو کاتەی من دیم.
هەملیت: ڕدێنی ماش و برنجی بوو، نا؟
هورەیشیو: با، بەو جەشنەی لە ژیانیدا دیبووم. زێوڕەنگیی ڕەشباو.
هەملیت: ئەمشەو ئێشک دەکێشم، ڕەنگە بێتەوە.
هورەیشیو: بێ گومان دێتەوە.
هەملیت: ئەگەر لە شێوەیەکی بەشکۆدا -وەکو بابم- دەرکەوێ، قسەی لەگەڵ دەکەم؛ با دۆزەخیش خۆی دەم بکاتەوە و فەرمانی بێ دەنگیم بدا. لە هەمووتان تکا دەکەم، ئەگەر تا ئێستا ئەو ڕووداوەتان شاردوەتەوە، با هەر لە بێ دەنگیتاندا کڕ بێ و لە هەرچی تریش ئەمشەو ڕوو بدا سەرنج بدەن، بەڵام زمانتان قورس بێ. قەرەبووی ئەو ئەمەگدارییەتان دەکەمەوە. ئیتر، خوداتان لەگەڵ؛ لەسەر قەڵاوە، نێوان یازدە تا دوازدە دەتانبینمەوە.
هەمووان: ئەرکمان ڕێز و حورمەتی جەنابتە.
هەملیت: خۆشەویستیتان وەکو خۆشەویستی منە بۆ ئێوە. لای ئێوە خۆش.

*[هەمووان دەچنە دەرێ جگە لە هەملیت]*

ڕۆحی بابم، چەکدار؟ بەگشتی، شتێکی باش نابێ.
گومان لە نالەبارییەک دەکەم. خۆزگە شەو زوو بهاتبای! تا ئەو



کاتە بسرەوە، ئەی ڕوحی من! کرد و کرداری چەپەڵ گەر خاکی عالەمیشی بکێشیە سەر، هەر لە پێش چاوی خەڵک سەر هەڵدەدا.

*[دەچێتە دەرێ]*

## شانۆی سێ – ئیلسینورماڵی پولونیوس

*[لەیرتیس و ئوفیلیا دێنە ژوورێ]*

لەیرتیس: کەلوپەلمان لە باردراون. بەخودات دەسپێرم. جا، خوشکم! هەر کەی با لەبار هەڵدەکا و قەتارچیانی زەریا ڕێ دەکەون، خەو نەتباتەوە و با هەواڵت بزانم.

ئوفیلیا: لەوەدا گومانت هەیە؟

لەیرتیس: سەبارەت بەهەملیت و مەیلە بێ بایەخەکەی بەکازەی بزانە، هەوایەکە لە خوێندا، وەنەوشەیەکە لە تازی بەهاری سروشتدا دەبووژێتەوە، نەک بۆ هەمیشە. شیرینە، بۆ ماوەیەک؛ بۆن و بۆ گەمەیە بۆ تاوێ. لەوە زیاتر نییە.

ئوفیلیا: هەر ئەوەیە و زیاتر نە؟

لەیرتیس: لەوە زیاتری مەزانە؛ چونکە هیلالی سروشتی مرۆڤ تەنیا پێشە و ماسوولکەی زیاد ناکا، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم کەواخە پەرەدەسێنێ، لە ناوخەوە بیر و ڕۆحیش -هاوکات- بڵاوە دەکا. بەگومان ئێستا خۆشتی دەوێ و پەڵە و پەڵۆخێ لە مەیلی بێ خەوشی نەکەوتووە؛ بەڵام دەبێ بترسی. پلەوپایەی بەرزی هەڵسەنگێنە؛ ویستی هی خۆی نییە؛ چونکە خۆیشی پێ بەسراوی شوێنەزایەتی. ناکرێ بەڕەوتی پیاوانی نەناسراو بۆ خۆی ئیش بکا؛ ویس و نەویسی ئەو بەسراوە بەساغی و سەلامەتی تەواوی وڵاتەکەیەوە؛ کەوابوو بەری هەڵبژاردنی کورت دەبێتەوە سەردەنگ و داخوازی پەیکەرێ کە ئەو سەریەتی [*واتە دەنمارک*].

جا کە دەڵێ خۆشتی دەوێ، ئاوەز و بیرت هێندە هەڵدەگرێ بڕوای پێ بکەی کە لەو پلەوپایە تایبەتییەدا دەتوانێ لەسەر



قسەی ڕاوەستێ، ئەویش زیاتر لە گرینگایەتی بارودۆخی گشتی دەنمارکی بۆ نارەخسێ. جا هەڵیسەنگێنە چ زیانێک لە ئابڕووت دەکەوێ ئەگەر بەگوێ گومان لێ بڕاو ئاوازەکانی دڵداری ببیسی، یان دڵت بدۆڕێنی، یان دەرکی خەزێنەی خاوێنت لە ڕووی تکا و لاڵەی هەوسار بڕاوی بکەیتەوە. بترسە، ئوفیلیا! بترسە، خوشکی خۆشەویستم و خۆ لە پەنای دڵوانییەکەت ڕاگرە با تیروتەوژمی هەوەس نەتپێکێ. پاکترین کچ ئەگەر تەنانەت جوانی بەمانگی ئاسمانیش بنوێنێ، سووک و سەربزێوە. پاکی لە زەبروزەنگی تانە و تەشەر گیان دەر ناکا. کرم و کرمۆژنە نەمامە ساواکانی بەهار – زۆر بەر لە بووژانەوەی چرووەکانیان، پووچەڵ دەکەنەوە. جا لە بەرەبەیانی گەنجی و تەڕەشەونمی هەرزەکاریدا تووشبوون و پێوەبوون زۆر ئاساییە.

سا ئاگات لەخۆ بێ؛ ساغی و سەلامەتی لە ترس تەنراوە. سەردەمی گەنجی لەخۆیەوە ئەشقییە، با هۆیەکی تریشی لە پاڵ نەبێ.

ئوفیلیا: «ئاخیەی» ئەو ئامۆژگارییانە وەکو پارێزەرێک بۆ «خێوەتی» دڵم ڕادەگرم. بەڵام برای چاکم، چەشنی کەشەی لە خودا بێ خەبەر نەکەی؛ ڕێگای پڕ هەوراز و نشێو و دڕکاوی بەهەشتم پێ بنوێنێ و خۆی وەکو کەپر سەوزی بێ ئاوەز و پفیو، ڕێی هەوا و هەوەس دەگرێتە بەر و گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانی خۆی شل نییە.

لەیرتیس: نا، لە من ترست نەبێ!

*[ پولونیوس دێتە ژوورێ]*

زۆرم درەنگ کردووە، ئەوا بابم هات. دووجار خوداحافیزی دوو

شوکرانه بژێری هەیە؛ وەختیش بۆ دووەم خێراتن زەردەخەنەیەتی.

پۆلۆنیوس: هێشتا لێرەی، لەیرتیس؟ دەبچۆ سوار بە؛ بچۆ، شەرم بکە! با لە سەرشانی بادەوانەکەت سوارە و چاوەڕوانتن. دەبچۆ دوعام لە سەرت! ئەو چەند ئامۆژگارییەت لەبیر بێ و دەکاریان بێنە: بەبیر و ڕاوێژت زمان نەدەی و بێ بیرکردنەوە هەوڵ نەدەی. لەگەڵ خەڵکدا ئاشنا بە؛ بەڵام قەت تێکەڵ مەبە. ئەو ئاوەڵانەی هەتە و تاقی کراونەتەوە، بەئاڵقەی پۆڵایین ڕاگرە؛ بەڵام بۆ میوانداری لە دۆستی تازە لە هێلکە هەڵجووقاو و پەڕ دەرنەکراو لەواسە شل نەکەی. خۆ لە شەڕوشۆڕ بپارێزە؛ بەڵام کە تێکەوتی وا دەرکەوە دوژمنت خۆی لە تۆ بپارێزێ. گوێ بۆ هەمووان شل بکە؛ بەڵام کەم دەنگت لێوە بێ؛ ڕەخنەی هەر کەسێ ببیسە؛ بەڵام داوەریت مەدرکێنە. جلوبەرگ و خوو و خدەت هاوسەنگی پارەی گیرفانت بێ؛ نەک زەرق و بەرقدار بێ، گران بێ، نەک ئەڵوان؛ چونکە ڕواڵەت زۆر ناسێنەری مرۆڤە هەروەها کە چینەکانی ناسراو و پایەبەرزی فەرانسە زۆر لەو بابەتەوە هەڵبژاردە و بەناوبانگن. نە قەرزکەر بە و نە قەرزدەر؛ چونکە قەرز هەم دەفەوتێ و هەم دۆست دەفەوتێنێ، قەرز وەرگرتنیش تێخی دەس پێوەگرتن کول دەکا. لەسەر هەمووی ئەمانەش، لەگەڵ خۆتدا ڕاست بەو وەکو شەو لەدوی ڕۆژ ئەو ڕاستییە شوێنت بەرنەدا؛ کەوابوو ناتوانی لەگەڵ کەس ناڕاست بی. خودات لەگەڵ. ئاواتی خەیرم لە ڕێت بێ!

لەیرتیس: بەوپەڕی ڕێزەوە ئیزنی ڕۆیشتن وەردەگرم، سەروەرم!

پۆلۆنیوس: زەمان خولکت دەکا. بچۆ، خزمەتکارانت چاوەڕوانن.

لەیرتیس: خودات لەگەڵ، ئۆفیلیا! چاکت ئەوانەم پێ گوتی لەبیر بێ.



ئۆفیلیا: لەبیرمدا قوڵفی دەکەم و خۆت کلیلەکەی ڕاگرە.

لەیرتیس: لای ئێوە خۆش. [دەچێتە دەرێ]

پۆلۆنیوس: چییە، ئۆفیلیا! چی پێ گوتووی؟

ئۆفیلیا: خۆشیتان، شتێک سەبارەت بەجەنابی هەملیت.

پۆلۆنیوس: بەخودا چاکی لەبیر بووە. پێم وتراوە زۆرت خەڵوەت لەگەڵ دەکا. تۆش خۆت لەو بارەوە زۆر دەس و دڵبازی. ئەگەر وابێ – بەو چەشنە تێگەیشتووم کە لەسەر کار قایمی پێم وتراوە – دەبێ پێت بڵێم ئەوەندە جوان کە شایانی پلەوپایەی خۆتە و کچی من بی خۆت نەناسیوە. نێوانتان چۆنە؟ ڕاستەکەم پێ بڵێ.

ئۆفیلیا: ئەو، قوربان! لەم دواییانەدا هەستێکی زۆری لە خۆش ویستنی من نیشان داوە.

پۆلۆنیوس: خۆشەویستی؟ پف! وەکو کچێکی ناتاو ناشارەزا لە وەها دۆخێکی پڕ مەترسی قسە دەکەی. ئەتو بەوەی کە بەهەستی دەزانی بڕوات هەیە؟

ئۆفیلیا: من نازانم، قوربان، چۆن لێی بیر بکەمەوە.

پۆلۆنیوس: کەوابوو، فێرت دەکەم. خۆ بەمنداڵێکی ساوا بزانە، ئەگەر ئەو هەست و هەوایە بەنەخت دەزانی؛ چونکە پولێکیش بایەخیان نییە. خۆ تۆزێ قورستر بنوێنە؛ دەنا –نامەوێ قسەی ناشیرین درز بکات و بکەوێتە سەر زاران– بەنەفامێکت دەزانم.

ئۆفیلیا: قوربان! تکاکاری ئەوین لەسەر مۆدێکی بەهورمە.

پۆلۆنیوس: ئەرێ! ئەتۆ بەمۆدی بزانە. دەبڕۆ! سا، بڕۆ!

ئۆفیلیا: بەو قسانە سوێندی خواردووە، قوربان! لای کەم بەتەواوی سوێندە پیرۆزەکانی ئاسمانی.

پۆلۆنیوس: ئا، داو و تەڵەکە بۆ ڕاوی مەل و مور. ئەمن دەزانم، ئەو دەمەی خوێن دێتە جۆش، چەندە دەسبڵاو ڕوح بەزمان سوێند قەرز دەدا. ئەم بریسکانە، کچە! تیشکیان لە تینیان زیاترە، کە دەرکەوتن نوقمیش دەبن. نابێ بەئاوریان بزانی. لەم کاتەوە تا ڕادەیەک ڕژدتر بە لە نواندنی کچایەتییەکەتدا؛ داخوازەکانت بەرزتر بێ لەوەی کە لەسەر فەرمانێک خۆ بەدەستەوە بدەی. جەنابی هەملیتیش، هیندەی بڕوا پێ بکە کە گەنجە و بەلەغاوێکی درێژتر لەوەی کە بەتۆ دراوە ڕێ دەکا.

کورت و کارساز، ئۆفیلیا! بەو سوێندانە بڕوا مەکە؛ چونکە ئەو سوێندانە دەلاڵن. لەو ڕەنگە نین کە ڕواڵەتیان دەنوێنێ؛ بەڵکو تەنیا تکاکار و هاندەری جووتبوونی حەرامن، وەکو پیاوانی ئایینی و پاک هەناسە دەدەن کە چاکتر فریو بدەن. دوایی قسەم لە چەند وشەی ڕاست و ڕێکدا ئەوەیە:

لەمەوپاش هیچ ساتێکی سونگەت لەگەڵ جەنابی هەملیت، بۆ قسەکردن و بەڵێندان ڕانابوێری.

سەرنج بدە! فەرمانت دەدەم. ڕێگای خۆ بگرە.

*[ دەچنە دەرێ]*



## شانۆی چوار – سەربانی قەڵای ئیلسینور

*[ هەملیت و هورەیشیو و مارسیلوس دێنە ژووری]*

هەملیت: کزەی دێ؛ زۆر ساردە.

هورەیشیو: بایەکی تەزدار و تیژە.

هەملیت: کاتژمێر چییە ئێستا؟

هورەیشیو: پێم وایە ماویەتی بۆ دوازدە.

مارسیلوس: نا، دوازدەی زراند.

هورەیشیو: بەڕاستی؟ ئەمن نەمبیست. کەوابوو وەختیەتی ڕوحەکە لە شێوەکەیدا دەرکەوێ.

*[ دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دێ و دوو تۆپیش دەردەکرێ]*

ئەوە مانای چ بوو، قوربان؟

هەملیت: پاشا ئەمشەو خەوەرە و خەو زڕانیەتی؛ مەیخۆری دەکا و بەسەر مەستی سەما دەکا و کە بادە لە شەراوی **ڕینیش** پڕ دەکا، دەهۆڵ و زوڕنا بەسەلامەتی ئەو دێنە سەرە.

هورەیشیو: ئەوە دابونەریتە؟

هەملیت: ئا بەخودای. بەڵام بەبیروڕای من – گەرچی ئێرە شوێنەزامە و لەسەر ئەم دابونەریتە لە دایک بووم – ئەو ئاهەنگە جوانترە لەبیر بکرێ تا لە چاو بگیردرێ. ئەم بەزمە سەرگرانە لە سەرانسەری جیهاندا بێ بایەخ و بێ ئابڕووی کردووین. بەدایە مەستمان دەزانن و بەوشەی نالەبار سەر نێو و بەر نێومان چەپەڵ دەکەن و لە ڕاستەقینەدا لە دەسکەوتەکانمان -با بەرز و بڵندیش هەڵکرابێتن- نێو و ناوەڕۆک دەپووکێنێتەوە. جا هات و نەهات، لە هەندێ کەسیشدا بەهۆی نارێکییەکی سروشتی، گاهەس زگماکیش، -کە ئەوانیش بێ تاوانن چونکە دەقی سروشتی هەڵبژاردوو نییە- تایبەتییەکی جیسمانی لە ڕادە بەدەر پەرەدەستێنێ، کە زۆر جار

پەژان و پەرچینی لە بار و باو تێکدەشکێنێ یان خوو و خدەیەکیان تووش دەبێ کە زۆر سنوور پەڕێنە.

ئەو کەسگەلە -بەبڕوای من- هەڵگری دیاردەی نوخسانێکن. جا خەلاّتی سروشت بێ یان لە ئەستێرەی بەخت، کە تایبەتییەکانی تریشیان، با پاک و پاراو وەکو بەرەکەتی خودا و تا ئەو ڕادەیە بۆ مرۆڤ دەرەخسێ بێ بن و قووڵ بن، بەهۆی ئەو نوخسانەوە لە باوەڕی کۆمەڵدا چەوتی و چەپەڵی دەگرنە خۆ.

*[ ڕوح دێتە ژووری]*

هورەیشیو: چاو، قوربان، ئەوا دێ!

هەملیت: ئەی پەری و فریشتەکانی بەزەیی! بمانپارێزن.

ئەتو ڕوحی سەرکەوتوو بی یان دێوی لێکەوتوو، بای بەهەشتت هێنا بێ یان بڵێسەی دۆزەخ، مەبەست چارەڕەشی بێ یان چاکە و خوەشی، لە وەها شێوەیەکی پرسێنەردا هاتووی کە قسەت لەگەڵ دەکەم. بەهەملیتت دەزانم؛ پاشا و باوکی پاشایەتی دەنمارک. جا، پەرسڤم بدەوە! با لە نەفامیدا نەتەقێمەوە. دە بڵێ! چۆن پێشە و پلانی غوسڵ کراوت، لە دار تەرم نێژراوت، لۆی کەفنەکەیان دڕیوە؟ چۆن ئەو زێدەی کە لە پێش چاوماندا هێمن تێدا ڕاکشابووی شەویلەکانی قورس و مەرمەڕینی داچەقاندووە و دیسانەوە دەری پەڕاندووی؟ ئەوە مانای چ بێ کە تۆ -تەرمێکی مردوو- دیسانەوە سەر تا پێ چەکدار، لە تریفەی مانگەشەودا خۆ دەنوێنی؟ شەو بەسام دەکەی، لەشی ئێمەی گێژداماوی سروشت وەها زەنەقبەرانە بەهزر و خەیاڵێ کە لەوپەڕی برستی ڕوحمانە، دەلەرێنێتەوە؟

بڵێ بۆ وایە؟ چۆنە؟ دەبێ چ بکەین؟ [*ڕوح ئاماژە لە هەملیت دەکا* ]



هورەیشیو: بەئاشیرەت خوڵکتان دەکا لەگەڵی بچن؛ وا دیارە دەیەوێ نهێنییەکتان، بەتەنیا پێ بێژێ.

مارسیلوس: چاو! بە چ شێوەیەکی شێنە بەرەو شوێنێکی دوورتر، دەس با دەدا. بەڵام لەگەڵیدا نەچن!

هورەیشیو: نا، بە هیچ جۆرێ!

هەملیت: قسە ناکا، کەوابوو لەگەڵی دەچم.

هورەیشیو: نەکەی، قوربان!

هەملیت: بۆ، ئەو ترسە لەبەر چ بێ؟ من ژیانم بەپوولێ نازانم و بۆ ڕوحیشم، دەتوانێ چی لێ بکا؟ وەکو خۆی شتێکی هەرە نەمرە. هەمیسان دەستم بۆ بادەدا. لە دوی دەکەوم.

هورەیشیو: ئەگەر بەرەو لافاو دنەت بدا، قوربان! یان ڕوو لە ترۆپکی تاشێک بنەکەی زەریا بێ و لەوێ شێوەیەکی زاڵەبەر بگرێتە خۆی کە هۆش و بیرت لێ ببرێ و لێوە و شێتت بکا چی؟ بیری لێ بکەوە! ئەو جێگایە هۆ و سۆنگەی پەرێشانی - گەر هۆیەکی تریش نەبێ - لە هەر مێشکێدا کە لەو بەرزەوە چاو لە زەریا بکا، چۆن لە ژێرەوە هاژەی دێ، بەدی دێنێ.

هەملیت: هێشتا دەستم بۆ بادەدا. دە بچۆ، لە دوت دەکەوم.

مارسیلوس: ئەتو ناچی، قوربان!

هەملیت: دەستت لادە!

هورەیشیو: ژیر بە، نابێ بچی.

هەملیت: چارەنووسم هاوار دەکا و ڕەگ و ڕیشەی بێ کەڵکی ئەم لەشەی وەکو ڕەگ و پەی شێرەکەی **نیمین**[١] پتەو هەڵگرساندووە. [ڕوح *ئاماژە دەکا]*

---

(١) نیمین: شێرێ لە ئەفسانەکانی یۆنانە کە بڕوا وا بووە قەت نابەزێ؛ بەڵام هیرکول دەیکوژێ و لەسەر یەکێ لە دوازدە ڕەنجەکەی دێتە ئەژمار.

هێشتا بانگم لێ دەکرێ. دەستم لێ بەردەن، پیاوان! بەو خودای، ئەوەی بەرگرم بێ دەیکەم بەڕوح.

گوتم، خۆ لادەن! دە بچۆ، لە دوت دەکەوم. [ڕوح و *هەملیت* دەچنە دەرێ]

هورەیشیو: خەم بەخەیاڵ دادەپۆشێ.

مارسیلوس: با شوێنی بگرین؛ لەوەدا دروس نییە گوێ لە فەرمان بین.

هورەیشیو: شوێنی بگرە، دواییەکەی دەبێتە چی؟

مارسیلوس: بێ گومان پیسی و پۆخڵییەک لە وڵاتی دەنمارکدا ڕووی داوە.

هورەیشیو: خودا ڕاستی بگەڕێنێ.

مارسیلوس: نا، با بەدویدا بچین. [دەچنە دەرێ]



## شانۆی پێنج – شوێنێکی تری سەر قەڵا

*[ڕوح و هەملیت دێنە ژووری]*

هەملیت: بەرەو کوێم دەبەی؟ قسە بکە! ئەولاتر نایەم.

ڕوح: سەرنجم بدە.

هەملیت: دەدەم.

ڕوح: ئیتر وەختیەتی خۆ بەدەم بڵێسەکانی هەڵقرچێنەر و زەرد و سوور هەڵکراوی ئاگرەوە بدەم.

هەملیت: بەداخم! ڕوحی بێ دەرەتان.

ڕوح: بەزەییت بەمندا نەیت، بەڵکو ئەو گوێیە تیژانەت شل بێ بۆ ئەوەی دەیدرکێنم.

هەملیت: قسە بکە! ئامادەی بیستنم.

ڕوح: جا کە بیستت تۆڵەی دەکەیتەوە؟

هەملیت: چی؟

ڕوح: ئەمن ڕوحی باوکتم؛ فەرمان دراوم بۆ ماوەیەک لە شەودا بکەومە گەشت و گێڵ؛ لە درێژایی ڕۆژیشدا بەزمانی ڕۆژوو بەندی بڵێسەکانی ئاورم تا سووچ و تاوانەکانی لێ قەوماو لە سەردەمی ژیانم بپرووزن و داڕزن. بەڵام قەدەغە کراوم لە درکاندنی ڕاز و ڕەمزی گۆڕەخانەم؛ دەنا چیرۆکێکم بۆ دەردەخستی سووکترین وشەی ڕوحی لە ناخی گیانت هەڵکێشایە، خوێنی گەشتی برچاندبای، ئەو چاوانەی وەکو ئەستێرەتی لە گلێنە دەرپەڕاندبای، ئێسک و ئێسقانی هەڵبەسراوتی لێک هەڵپچڕاندبای و هەر تاڵە قژێکتی وەکو تێخەکانی ژیشکێکی توورە ڕەپ بکردبای. بەڵام ئەو نهێنییە نەدرکاوە بۆ گوێ هەڵبەسراو لە پیس و خوێن نابێ. گوێ بگرە، گوێ، ئای، گوێ شل کە! ئەگەر بابی بەڕێزت خۆش دەوێ.

هەملیت: وای، خودا!

ڕوح: تۆڵەی تاوانەکەی و پیاوکوژییە ناپیاوانەکەی بکەیتەوە.

هەملیت: پیاوکوژی؟

ڕوح: پیاوکوژی زۆر پیسە، لە جوانترین شێوەشدا؛ بەڵام ئەمەیان زۆر پیس و پۆخڵ و ناپیاوانە بوو.

هەملیت: زوو ئاگادارم کە تا بەدوو باڵی تیژ وەکو خەیاڵ یان ئارەزووی ئەویندار بکشێم بەرەو تۆڵە.

ڕوح: زرک و وریات دەبینم؛ بەڵام لە گەنەگیای گیپنی قەراخی **لیتی**(١) کە لە کەمتەرخەمیدا خۆ دەژاکێنێ شل و ولتری گەر لە پێناویدا تەکان لە خۆ نەدەی. ئێستا، هەملیت! ببیسە: وا بڵاوکراوەتەوە کاتی نوستن لە باخەکەمدا مار گەستوومیەتی؛ بەم چەشنە گوێ تەواوی دەنمارک بەڕووداوێکی هەڵبەسراو سەبارەت بەمەرگم هەڵخەڵەتاوە؛ بەڵام بزانە ئەتو، لاوی ڕەگەزدار! ئەو مارەی کە ژینی بابتی گەست ئێستا تاجەکەی لەسەر ناوە.

هەملیت: تەحجا، ڕوحی پێشگوم! مامم؟

ڕوح: ئا، ئەو چەپەڵکارە، ئەو دڕندە زیناکارە، بەسیحری زمان، بەخەڵاتی خەیانەتبار – ئاخ! لەو زمان و خەڵاتە خەنزارانە کە هێزی هەڵخەڵەتانیان لەبەرە – لەسەر دڵچەڕێنییەک ناحەز بەسەر ورەی بەڕواڵەت زۆر خاوێن و پاکی خاتوونمدا زاڵ بوو. ئای هەملیت! چ سەرنخوونییەک بوو. لە منەوە – ئەوینم بەرز و بە شکۆ، بێ کەموکورت و بەینەتدار بەو سوێندەی لە دەسگرتنەکەماندا بۆی خواردم – ڕاچەماوە سەر خوێڕییەک، کە تایبەتییەکانی سروشتی

(١) لیتی: ڕووبارێک بوو – لە ژێر دەسەڵاتی هەدیس خودای ژێر ئەرز – کە ئاوەکەی هۆی فەرامۆشی بوو بۆ ڕوحی مردووەکان.



بەرانبەر بەوەی من بووم بێ وەج و بەلاشە. بەڵام پاکی، گەر چەپەڵی لە شێوەیەکی ئاسمانیشدا خولکی بکا، قەت ڕووی تێناکا و پیسی، گەر لەگەڵ فریشتەی ڕووناکی جووت بێ –با لەسەر پێخەوی ئاسمانیش بێ– خۆ دەنوێنێ و لە چڕی و چەپەڵی خۆی تێر دەکا.

بێ دەنگ، بێ دەنگ! پێم وایە بۆنی سروەی بەیان هەست دەکەم؛ بەکورتی بڵێم: لەسەر خوو و خدەی هەمیشەیی پاش نیوەڕوانم لە باخەکەمدا نوستبووم؛ کە هێمنی خەو دایگرتم. مامت بەدزییەوە شووشەیەکی شیرەی هەرمەت لێکراوی هەلای هەل لە دەس – هات و ئەو ناراوە گول و پیسەی لە گوێم ڕژاند؛ جا کاریگەری لەسەر خوێنی مرۆڤ ئەوەندە توندوتیژە کە گورجوگۆڵ –جیوەئاسایی– بەرۆچنە و ڕێگاکانی سروشتیدا بڵاوە دەکا و بەو گەوشینە بۆ هەڵگرسان هەیەتی وەکو چەن دڵۆپی ترشی لە شیر بکەی – خوێنی تەڕ و تازە هەڵدەگرسێنێ؛ هەروا کە خوێنی منی گیرساند و لەناکاو لۆیەکی پێستی پیس و گەڕ، چەشنی گولی، سەرانسەری لەشی نەرمی داگرتم. وەها لە خەوندا بەدەستی برای خۆم لە ژین، لە تاج، لە مەلەکە، بەیەکجاری بێ بەش کراوم و دابڕام؛ تەنانەت لە سەردەمی چرۆکردنی گوناباریدا بێ ئەوەی دەرفەتی تۆبەم هەبێ، ناهومێ، بێ **ڕۆن هەڵسوان**(٢)، بێ ورییایەک، بەرەو حەساو و دەفتەری ڕۆژی پەسلانم – بەتەواوی ناڕاستی و ناتەواوییەکانی بارکراو بەسەرمدا – بەڕێ کرام.

هەملیت: ئای، بەسامە! بەسامە! زۆر سامدارە!

(١) ڕۆن هەڵسوان: لە ئاینی مەسیحدا کە مرۆڤ دەکەوێتە ئاوزینگ، بەپێی ئاهەنگێکی ئایینی، لە هانیەی ڕۆن هەڵدەسون.

ڕوح: ئەگەر لە گیانتدا هەست هەبێ، نایپەژێری. ڕێ مەدە تەختی پاشایەتی دەنمارک قەرەوێڵەی خوەشگوزەرانی و ئیلاقەی نوورە لێ کراو بێ. بەڵام، گەرچی دەبێ شوێنی ئەو ئەرکە بگری، بیرت پیس نەبێ و نەکەی ڕوحت لە دژی دایکت هەڵگەڕێ؛ ئەو بەخودا بسپێرە؛ بەو دڕک و دڕوانەی کە لە سینگیدا ڕواون و کون کونی دەکەن و چزی لێ دەدەن. ئیتر خودات لەگەڵ. ئەستێروک نیشان دەدا بەیان نێزیکە؛ خەریکە ئاگرە بێ تینەکەی بپەڕێ.

خودات لەگەڵ، خودات لەگەڵ، خودات لەگەڵ! بیرم بکەی. [*دەچێتە دەرێ*]

هەملیت: ئەی فریشتەکانی ئاسمان! ئەی ئەرز! ئیتر هاوار بۆ چی بەرم؟ ڕوو لە دۆزەخ بکەم؟ ئوف! بسرەوە، بسرەوە، دڵەکەم! ئێوە ئەی ڕەگ و ڕیشەم! پەرە بگرن. نەکا لەناکاو پیر بن. پتەو ڕامگرن.

بیرت بکەم؟ باشە، لەسەر پەڕەی بیرمدا تەواوی تۆمارەکانی فیرۆ و فیشاڵ، هەموو زانست و زانیاری پەرتووکان، هەر شێوە و شوێنەواری لە ڕابردوو کە سەردەمی گەنجی نەخشاندوویەتی دەسڕم و تەنیا فەرمانەکەی تۆ – پوختە و بێ پەڵە لە هەر خاڵێکی خەڵەت – لە دەفتەری مێشکمدا زیندوو ڕادەگرم. ئەرێ، بەئاسمان سوێند! بەڵام تۆ، هەی ژنی زیانەخورۆ! هەی ڕوو ڕەش! ڕوو ڕەشی ڕووخۆش! ڕوو ڕەشی هەرمەت لێ کراو! ڕەوایە لە قەڵەم بدەم کە مرۆڤ دەکرێ لێو بەزەردە بێ و دڵ ڕەشیش بێ، هەر نەبێ لە دەنمارک وایە. بەڵام، مامە، ئەتو! وتەی من بۆ تۆ ئەوەیە: خودات لەگەڵ. خودات لەگەڵ، بیرم بکەی، کە لە سەریشی سوێندم خواردووە.

هورەیشیو [*لە پشتی شانۆ*]: سەروەرم! سەروەرم!

[*هورەیشیو و مارسیلوس دێنە ژوورەوە*]



مارسیلوس [بانگ دەکا]: جەنابی هەملیت!

هورەیشیو: خودا ڕزگاری کا!

هەملیت: یا خوا!

مارسیلوس: ئەهای، ئەهای، سەروەرم!

هەملیت: ئەهەی، وەرە! وەرە! کوڕو! وەرە، پەلەوەر! وەرە.

مارسیلوس: چۆنە، سەروەری هێژام؟

هورەیشیو: چ خەبەر، قوربان؟

هەملیت: ها، زۆر سەیر و سەمەرە!

هورەیشیو: سەروەری چاکم، بیڵێ.

هەملیت: نا، دەیدرکێنن.

هورەیشیو: ئەمن، قەت، قوربان، بەخودای!

مارسیلوس: منیش، قەت، قوربان!

هەملیت: جا، چ دەڵێن؟ ئاخۆ دڵی مرۆڤ قەت بیری وای کردبێ؟ شەرت بێ ڕازدار بن؟

هورەیشیو و مارسیلوس پێکەوە: ئا، بەخودای، قوربان!

هەملیت: نەبووە لە سەرانسەری دەنمارکدا، ناپیاوێ ژیابێت و چەپەڵکار نەبووبێ.

هورەیشیو: پێویست نەبوو، قوربان! ڕوحێک لە قەبر سەر هەڵکا و ئەوەمان پێ بێژێ.

هەملیت: بەڵێ، وایە؛ ئەتو ڕاس دەکەی! کەوابوو بێ هیچ قسەوباسێ وای بەباش دەزانم دەس لێکشێنین و جیا بینەوە؛ ئێوە بەرەو کار و کەیفی خۆتان؛ هەروەها کە هەر مرۆڤێ کەیف و کاری تایبەتی خۆی هەیە و دەبێ واش بێ و منیش لەبەر ئەو بەشە ڕەشە پێم براوە – سەیر بکەن– دەچم بۆ دوعاکردن.

هورەیشیو: ئەو قسانە گژڕاچوون و گێژبێژین، سەروەرم!

هەملیت: ببوورن، بەدڵ، کەوا دڵی ئێشاندن؛ ئا، بەدڵ داوای لێبووردن دەکەم.

هورەیشیو: دڵ ئێشانێ نەبووە، قوربان!

هەملیت: با، بە **پاتریک**[1]ی پیرۆز وایە. هورەیشیو! زۆریش جێی دڵ ئێشانە. ئەو شێوەیە لێرەدا بەدی کرا - با پێتانی بڵێم - ڕوحێکی ڕاستە. بۆ تامازرۆ بوونیشتان، کە بزانن لە نێوان ئێمەدا چ ڕوویداوە، بەکەیفی خۆ ڕاوەی لەسەر بکەن. بەڵام، ئاوەڵانی ئازیز لەسەر دۆستی و هاوپۆلی و ورەی سەربازی تاکە تکایەکی بچووکم وەرگرن.

هورەیشیو: چییە قوربان؟ بەچاوان.

هەملیت: قەت ئەوەی ئەمشەو بەدیتان کرد نەدرکێنن.

هورەیشیو و مارسیلوس [پێکەوە]: قوربان! قەت.

هەملیت: تا دەبێ سوێندی لەسەر بخۆن.

هورەیشیو: لەسەر باوەڕم، قوربان! ئەمن قەت.

مارسیلوس: منیش، نا، قوربان! بەدینم.

هەملیت: لەسەر ئەم شیرەم -کە لە خاچ دەکا- سوێند بخۆن.

مارسیلوس: قوربان، هەر ئێستا سوێندمان خوارد.

هەملیت: هەر دەبێ لەسەر ئەم شیرەم سوێند بخۆن.

*[ڕوح لە پشتی شانۆوە هاوار دەکا]*

ڕوح: سوێند!

هەملیت: ئەها کوڕو، تۆش وا دەڵێی؟ لەوێ دای، هاوڕێی باش؟ وەرن، خۆ دەنگی لە پەناوە دەبیسن. مل بۆ ئەو سوێندە کەچ کەن.

هورەیشیو: سوێندەکە بڵێین، قوربان؟



هەملیت: قەت باس لەوەی کە بەدیتان کرد نەکەن. بەم شیرەم سوێند بخۆن.

ڕوح [*لە ژێرەوە*]: سوێند!

هەملیت: لێرە و لە هەر جێگایەکی تریش؟ کەوابوو، جێگاکەمان دەگۆڕین.
وەرنە ئێرە ئاغایان! دیسانەوە دەس لەسەر شیرەکەم قەت ئەوەی بەگوێتاندا هات نەدرکێنن؛ سوێند بخۆن بەشیرەکەم.

هەملیت: چاکت گوت، هەرمووسکی پیر، چۆن دەتوانی وا گورج زەوی بکۆڵی. هەندێکی هەرەبەرزە. جارێکی تر جێگا دەگۆڕین، هاوەڵانی چاک.

هورەیشیو: بەڕۆژ و شەو سوێند، جگە لە بێ پەنایەکی پەرتەوازە نییە!

هەملیت: گەر واش بێ وەکو بێ پەنایەک بەخێرهاتنی بکە. گەلێ شت زیاتر لەوەی کە خەیاڵی فەلسەفە و زانست پێ ڕابگا، هورەیشیو! لە ئاسمان و ئەرزدا هەیە. بەڵام وەرن! وەکو جاران قەت بەزەییتان بەمندا نەیێتەوە؛ کە چەندە ناحەز و نارێکە کاروبارم؛ چونکە من لەمەوپاش دەمەوێ دیمەنێکی نامۆ بگرمە خۆ. ئێوەش کە چاوتان پێم دەکەوێ، دەس هەڵمەپێکن و سەر مەلەقێنن و قسەی گومان هەڵخڕ مەکەن؛ وەکو «باشە باشە دەزانین»؛ یان، «خۆزگە بمانتوانیبا و ئەگەر وامان بکردبای»؛ یان «گەر ئیزنی قسەمان بدەی» و «دەبێ وابێ» و «ئەگەر وایان بکردبایێ» و لەم چەشنە ڕاوێژ و ڕاوە ناکلۆکارانە کە دەرکەوێ شتێک سەبارەت بەمن دەزانن، ئەم شتانە نەبێ و نەوترێ.
زۆر سوپاس یاری و هاریکاریتان دەکەم. سوێند بخۆن!

ڕوح [*لە ژێرەوە*]: سوێند!

*[ئەوانیش سوێند دەخۆن]*

هەملیت: هێمن بە، ئەی گیانی پەرێشانم. کەوابوو، ئاغایان! بەتەواوی خۆشەویستیمەوە کە پێشکەشتانی دەکەم، لە پیاوێکی بێ دەرەتان، وەکو هەملیت. چ دەسەڵات بێ لە خۆشەویستی و دۆستایەتی، بەئیزنی خودا، دریغ ناکەم. با پێکەوە بچینە ژووریٚ. بەڵام تا ماون قامک لەسەر لێو بگرن، تکا دەکەم. ڕۆژگارێکی هەڵپچڕاوە. ئەی چارەنووسی بەدفەڕ بۆچ من بۆ هۆنینەوەی لە دایک بووم؟ وەرن پێکەوە بچین. [دەچنە دەرێ].

## بەشی دووەم

### شانۆی یەک – ئیلسینور – ماڵی پولونیوس

*[ پولونیوس و ریناڵدۆ دێنە ژوورێ]*

پولونیوس: ئەم پارە و پەیامانەی بدەرێ، ریناڵدۆ!

ریناڵدۆ: بەچاوان، قوربان!

پولونیـــوس: ریناڵدۆی بەڕێز! پێش لەوەی دیتنی لەگــەڵ بکەی، ژیرانە سەرنجی بدە و لە کاروباری ورد بەوە.

ریناڵدۆ: قوربان، لەسەر ئەو مەبەستە بووم.

پولونیوس: بژی! چاکت گوت، زۆر چاک. لە پێشدا، بۆم پەیجور بە و بزانە دەنمارکییــەکانی دانیشــتووی پاریس چ دەکــەن، چۆن دەژین، بەچی و لە کــوێ و لەگــەڵ کێ خــەریکن. لە دۆســتــیــان، دەسکەوتیان.

جا لە دەوروبەری ئەم پرسیارانەدا بزانە کوڕەکەم دەناسن؛ لەوەی کە ئەرکی تایبەتی خۆتە نێزیکتر بەوە. خۆ بدە لەو ڕێگایە کە لە دوورەوە ئاشناییەکت لەگەڵی هەیە؛ وەکو ئەوەی کە بابی و ئاوەڵانی و تا ڕادەیەکــیش خــۆی دەناسم. ســەرنج دەدەی، ریناڵدۆ؟

ریناڵدۆ: ئا، قوربان! زۆر باش.

پولونیـوس: بەڵێ، تا ڕادەیەک دەیناسم؛ بەڵام بلێ چاکی ناناسم. ئەگەر



ئەوە بێ کــە من دەزانم، زۆر دژ و دڕ و وا و وەها پێ کــراوە، چەند بوختانی -بەکەیفی خۆت- بۆ هەڵبەستە؛ بەڵام بۆ خاتری خــودا وا نـەبێ ئابڕووی بۆ نەهێـڵـی؛ وریا بە! شـتگەلێ وەکــو ژنبــازی، جــەنگەرانی و ئەو هەڵە و هەڵەشــەییــیــانەی کــە هاوتەمــەنەکــانی دەزانن و هاوســەنگی ســەردەمی گــەنجی و هەرزەکارییە.

ریناڵدۆ: وەکو قومار، قوربان!

پولونیــوس: ئەی چی، یان خــواردنەوە، شــیــران، جنێــودان، شــەڕکــردن، فەڵیتەگەمە؛ هەر ئەوەندە.

ریناڵدۆ: قوربان! ئەوە بێ ئابڕووی دەکا.

پولونیوس: بێ گومان، نا؛ چونکە نەختێ تام وتراوی تێکەڵ دەکەی. نابێ هیندەی خراپە بارکەی فەسات و فەوتاو بنوێنێ. مەبەستی من ئەوە نـیـیـە. بەڵکو هەوایەک بەو خــەڵەت و پەڵەتانە بدە کــە ڕەنگی ڕەبەنی هەبێ، بزیسک و پریشکی بیرێکی هەڵگڕاو، لا ڕێگەری و سـڵـکردنی خوێنێکی کەوی نەکراو و ملهوڕییــەکی گشتی بێ.

ریناڵدۆ: بەڵام، سەروەری بەڕێزم...

پولونیوس: بۆچ دەبێ ئەو کارە بکەی؟

ریناڵدۆ: ئا، قوربان، نازانم.

پولونیـــوس: بەڵێ، ئاغـــا! مـــەبەســـتم ئەوەیە و پێم وایە ڕەوتێکی دەستــەبەرییە. ئەتو ئەو بوختـانە سـووکانە لە کـوڕەکەم دەدەی، وەکـو چۆن بەرهەمێ لە ئیشدا چڵک هەڵدەگرێ؛ تێدەگەی! تا لەگــەڵ ئەو کــەســەی بەقــســە هاتووی بۆت دەرکــەوێ لەو خراپەکردنانە و هەڵبەستراوانەدا دیتراوە یان نا.

خاترجەمیش بە ئەو گەنجەی لەگەڵی دەدوێی، بەم ڕەوتە خۆ نێزیکت دەکاتەوە:

ئاغای بەڕێز، یان برادەر، یان پیاوی چاک، بەو شێوەیە کە سەرناو و بەرناو بۆ پیاو لەو وڵاتەدا دەزار دێنن...

ڕینالدۆ: زۆر باش، دەی قوربان!

پولونیوس: کەوابوو، وا دەکا - چ دەکا - ئەرێ چم دەویست بڵێم؟ بەخودا، دەمەویست شتێ بڵێم، لە کوێدا بووم؟

ڕینالدۆ: کە نێزیک دەبێتەوە بەسەرناو و بەرناوی ئاغا و دۆست و پیاوی چاک.

پولونیوس: ئا، بەم چەشنە خۆ نێزیک دەکاتەوە. وایە! نێزیک دەبێتەوە و دەڵێ: ئەمن ئەو پیاوە دەناسم. دوێنێ یان چەند ڕۆژ لەوەپێش یان فلان و فیسارە ڕۆژ چاوم پێ کەوتووە. وەها و وەها بووە؛ یان هەروەها کە گوتت خەریکی قومار بووە، زۆری خواردووەتەوە؛ یان لە یاری تینیسدا بەشەڕ هاتووە، یان، بگرە بێژێ: چاوم لێ بووە چووەتە ماڵێکی خراپ، فەڵیتەخانەیەک یان شوێنێکی تر. ئێستا تێگەیشتی چۆن بەچەشەی درۆ دەلەسە ماسی ڕاستەقینە ڕاو بکەی؟ بەڵێ ئێمەی زانا و ژیر لە کوێرە ڕێگاوە - لاوەلا و دەورەکردن - مەبەست و مەخسەدمان دەبینینەوە. جا بەو مۆچیاری و ئامۆژگارییانەی پێم گوتی کوڕەکەم بناسە. تێم گەیشتی، نا؟

ڕینالدۆ: قوربان، تێگەیشتم.

پولونیوس: خودات لەگەڵ، لای تۆ خۆش!

ڕینالدۆ: چاکە، سەروەری هێژام!

پولونیوس: بەچاوی خۆ ببینە تاو و تەمای لە چ دەکا.



ڕینالدۆ: بەچاوان، قوربان!

پولونیوس: ئیتر وازی لێ بێنە سازی دڵی بژەنێ.

ڕینالدۆ: باشە، قوربان!

پولونیوس: خودات لەگەڵ.

*[ڕینالدۆ دەچێتە دەرێ]*

*[ئوفیلیا دێتە ژوورێ]*

چۆنی ئوفیلیا؟ چ خەبەر؟

ئوفیلیا: ئای سەروەرم! سەروەرم! زۆر ترساوم.

پولونیوس: لە چی؟ یا خودا.

ئوفیلیا: قوربان، لە ژوورەکەی خۆمدا خەریکی دروومان بووم؛ جەنابی هەملیت بەکەوایەکی لێک بڵاو سەری بێ کڵاو، گۆرەوی پیس و داماڵدراو و لۆچ داخراو تا قاپی پێ؛ ڕەنگی بزڕکاو وەکو کراسەکەی، دوو ئەژنۆی لەرزان لە یەک دەکوتران و بەدیمەنێکی دڵتەزێن و بزڕکاو لە ڕازێک - وەک بڵێی لە دۆزەخەوە ناردرابوو باسی غەید و غەزەو بکا - لە ئاستم دەرکەوت.

پولونیوس: لێوەی ئەوینت بووە؟

ئوفیلیا: قوربان، نازانم. بەڵام بەڕاستی لەوەی دەترسم.

پولونیوس: چی دەگوت؟

ئوفیلیا: فەرشکی گرتم و توندی ڕاگرتم. جا بەدرێژایی باسکی لێم دوورکەوتەوە، ئەو دەسەکەشی لەسەر برۆی ڕاگرتبوو؛ وا بەحەت و باهیر سەر ڕوومەتم بوو؛ دەتگوت نەخشم دەکێشێ. ماوەیەک هەروا مایەوە. لە دواییدا، هەوایەک باسکی لەراندمەوە و سێ جاریش سەری بان و خوار تەکاند؛ ئاخێکی پڕ سۆز و قووڵی کێشا وەک بڵێی گیانیان لە لەش هەڵکێشا و دوایی هەناسەی

ژیانی کێشا؛ جا وازی هێنا و بەملی کزکەوتووی سەر شانی گەڕایەوە. وا دیار بوو ڕێگای، بێ چاولێکردن، دەناسییەوە؛ لە دەرکێش -بێ یارمەتی چاوانی- چووە دەرێ و تا دوایی پێچکردنەوە نووری چاوی لەسەر ڕووم بوو.

پولونیوس: وەرە! وەرە لەگەڵم پاشا ببینمەوە. ئەوە ئەوپەڕی شێتی ئەوینە؛ گەوشینە پڕ مەترسییەکەی خۆبەختکردنە و هزر و بیری مرۆڤ، وەکو هەر ئاپۆرەیەکی تری ئاسمانی کە تووشمان دەبێ، ڕوو لە سەرگەردانی هان دەدا. زۆر بەداخم! ئادەی، لەم دواییەدا قسەی تاڵ و توندت پێ نەکردووە؟

ئوفیلیا: نا، سەروەری بەڕێزم؛ بەڵام -بەپێی فەرمانت- نامەکانم وەرنەدەگرت و خۆم لە دەسبڕستی لادەدا.

پولونیوس: سا ئەوە شێتی کردووە. بەداخم لە ڕێگا و ڕەوتێکی باشترەوە سەرنجم لەسەر نەدا؛ لەوەی دەترسام بەسووکایەتی و بێ سەخەری داماوت بکا؛ بەڵام تفو بێ لەو دڵ پیسییەم! جا ئەوە تایبەتی تەمەنی ئێمەیە:

لە بیر و ڕاوێژماندا کار قایمی و خۆپاراستن بەلێشاوە؛ هەروەها کە لاوان بیری دواییان نییە. وەرە! وەرە! با بچینە خزمەتی پاشا. ئەوە دەبێ ئاشکرا بکرێ؛ چونکە تاقەتکردنی گێرە و کێشەی زیاتر دەبێ لە درکاندنی.

*[دەچنە دەرێ]*



## شانۆی دوو – ئیلسینور؛ ژوورێک لە قەڵا

*[بەڕێز و حورمەت، پاشا و مەلەکە و ڕوزینکرانتز و گیلدینیستیرن و خزمەتکاران دێنە سەر شانۆ]*

پاشا: بەخێرهاتن، بەڕێزان! ڕوزینکرانتز و گیلدینیستیرن! جگە لەوەی کە زۆر ئارەزووی دیتنتان بوو، پێویستی جێبەجێکردنی ئەرکێک هانی داین بۆ چاوپێکەوتنتان پەلە بکەین. «ئاخۆ شتێکتان سەبارەت بەتێکچوونی هەملیت بیستبێ؟ ئەمن بەتێکچوونی دەزانم، چونکە ڕوو و ڕواڵەتی یان بیروباوەڕی قەت لەوەی ناکەن کە بوون. ئاخۆ چ بێ زیاتر لە مەرگی بابی، کە وەها فام و فکری لێ دابڕیوە؟ بەخەیاڵیش پێ ناگەم. لە ئێوە دوو کەس، کە لە منداڵییەوە لەگەڵی گەورە بوون و بەکەیف و کەین و بەینی دەزانن تکا دەکەم ماوەیەکی کورت لە دیواخانی ئێمەدا ڕابوێرن؛ بەڵکو بەهاوەدەمی ئێوە بیخەینەوە سەر سەما و هیندەی لەگەڵ کۆ ببینەوە؛ بەڵکو هەڵکەوت، هۆی ئەو تووشبوونە -کە بۆ ئێمە نادیارە- دەرخەن؛ بگرە دەرمانی لە کن ئێمەدا بێ.

مەلەکە: پیاوانی بەڕێز! زۆرتان باس دەکا؛ ئەمن دڵنیام دوو کەسی تر لە ژیانیدا نین وەکو ئێوە تێکەڵاویان بێ؛ ئەگەر ڕوومان پیشان بدەن و لەسەر ئەمەگداری و ئارەزوومەندی سەردەمێکمان لەگەڵ ڕابوێرن، بەڵکو بەو ئاواتەمان بگەین، ڕێز و حورمەتی شاهانەتان لێ دەگیردرێ.

ڕوزینکرانتز: پایەبەرزان! بەپێی هێزی دەسەڵاتدارییەک بەسەرماندا هەتانە، بۆ داخوازەکانتان فەرمان بدەن نەک تکا بکەن.

گیلدینیستیرن: ئێمەش هەردووکمان سەر لە ڕێی فەرمانین، ئێستاش، بەوپەڕی شانازییەوە، خۆ تەرخان دەکەین بۆ بەدڵ خزمەتکردنی بەرپێتان و جێبەجێکردنی فەرمانتان.

پاشا: سوپاس لە روزینکرانتز و گیلدینیستیرنی دلاوەر!

مەلەکە: گیلدینیستیرن و روزینکرانتزی دلاوەر! ئێستا داواتان لێ دەکەم لەزوبەز چاوپێکەوتنێکی کوڕە هەرە ژڵەژاوەکەم بکەن. [ڕوو لە خزمەتکاران] وەرن! یەکتان ئەو ئاغایانە بۆ شوێنی هەملیت ڕێنموونی بکا.

گیلدینیستیرن: خودا بکا بوون و تێکۆشانمان ببێتە هۆی کەڵک و کەیفی!

مەلەکە: ئامین!

*[ روزینکرانتز و گیلدینیستیرن هاوڕێ چەند پاکار دەچنە دەرێ]*

*[ پولونیوس دێتە ژوورێ]*

پولونیوس: باڵیۆزەکان لە نورویژەوە، قوربان! بەڕەزامەندی گەڕاونەتەوە

پاشا: ئەتو هێشتا باوکی خۆش خەبەریت.

پولونیوس: بەڕاستی قوربان؟ سەروەری بەڕێز! خاترجەم هەروەها گیانم دەپارێزم، ئەرکیشم بپارێزم؛ هەردووکیان پێشکەش بەخودا و بەپاشای خەیرخوازم. بەڵام پێم وایە – گاهەسیش ئەو مێشکەم ئیتر لە ڕەتدانان و ڕاوکردنی کار و فرماندا وەکو جاران ئارخەیان نەبێ – هۆی لێوە بوونی هەملیتم بینیوەتەوە.

پاشا: ئا، باسی بکە! زۆر بەهەوەیای بیستنم.

پولونیوس: لە پێشدا ئیزنی باڵوێزەکان بدەن بێنە ژوورێ؛ با ئەو هەواڵەی من ببێ بەپاش خۆراکی ئەو جێژنە گەورەیە.

پاشا: خۆت شانازیان بدەیە و بانگیان بکە ژوورێ.

*[ پولونیوس دەچێتە دەرێ]*

گیرترودی ئازیزم! ئەوا دەڵێ سەرچەمە و چاوکەی ژڵەژاوی کوڕەکەتی، ڕەبەق بینیوەتەوە.

مەلەکە: گومانم هەیە شتێکی تر جگە لە مەرگی بابی و دەسگرتنی بەپەلەی ئێمە بێ.



پاشا: باشە، لێ دەتۆژینەوە.

*[ پولونیوس و ڤولتیمەند و کورنیلیوس دێنە ژوورێ]*

بەخێرهاتن، ئاوەڵانی چاکم! بڵێ، ڤولتیمەند! چ خەبەر لە برادەر، پاشای نورویژ؟

ڤولتیمەند: وەڵامێکی زۆر باشی سڵاو و ئارەزوو. دەسبەجێ ناردی ملهوڕی برازاکەی –کە وای زانی بوو لە دژی پۆڵاندییەکان خۆی تەیار کردبوو– دەمکوت بکرێ؛ بەڵام کە بۆی دەرکەوت لە ڕاستیدا مەبەستی جەنابتان بووە و نەخۆشین و لاوازی ئەوی دەزگرە کردبوو، زۆر تێکچوو. پاشان ناردی فورتینبراس قۆڵبەس هێنرا؛ ئەویش، بەکورتی بڵێم، پاش بیستنی سەرکۆنەکانی مامی، ملی بۆ پاشای نورویژ دانەواند و بەخۆشییەوە، بەرانبەر مامی سوێندی خوارد قەت جارێکی تر لە ئاستی جەنابتان دەس بەچەک نەبێ. جا پیرە پاشای نورویژ، بەکەیفەوە سێ هەزار کراون مووچەی ساڵانە و دەسخۆشانەی دایە کە هێزەکانی – وەکو بڕیاری دابوو – لە دژی پۆڵاندییەکان ڕابێنێ. ئەو تکانامەشی – کە ئاگەداریی زیاتری تێدایە – پێشکەشی جەنابتان کرد [نامەکەی دەداتێ] و داوای ئیزنی تێپەڕبوونی هێمنی هێزەکانی، بۆ هێرش لەسەر پۆڵاند، لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی جەنابتان کردووە. هاوڕێ میرانە و مەرحەبایەک کە تێدا دیاری کراوە.

پاشا: جێی پەسەندمانە و لە هەلێکی باشتردا دەیخوێنینەوە؛ پەرسڤی دەدەینەوە و بیری لێ دەکەینەوە. هەروەها سوپاستان دەکەین بۆ ئەو ئەرکەی کە جوانتان جێبەجێ کرد. بچن پشوویەک بدەن.
شەو پێکەوەی ڕادەوێرین. زۆر بەخێرهاتنەوە!

*[ باڵوێزان دەچنە دەرێ]*

پۆلۆنیوس: ئەو کارەش چاک جێبەجێ کرا. پاشا و مەلەکەی پایەبەرزم!
ڕاڤە و ڕاژەکردنی ئەوەی کە میرایەتی دەبێ چۆن بێ، ئەرک چییە، ڕۆژ بۆ ڕۆژە، شەو بۆ شەوە و کات هەر کاتە، چی بەسەردا نییە جگە بەفیڕۆدانی شەو و ڕۆژ و کات. کەوابوو کورت و کەم قسەکردن ڕۆحی ئاوەز و بیرە و درێژدادڕی بۆ ڕواڵەت نواندن و ڕەگ دەرپەڕاندنە؛ بەکورتی دەڵێم: کوڕی پایەبەرزتان شێت بووە. ئەمن بەشێتی دەزانم چونکە شێتی ڕاستەقینە ڕاژەیەکی لەسەر ناکرێ جگە لە شێتی. بەڵام جارێ باسی لێوە مەکەن.

مەلەکە: پتر لەسەر مەسەلەکە و بەرێزەریسی کەمترەوە بدوە.

پۆلۆنیوس: خانم، سوێندە قەت ڕێزەریسی نەکەم. ئەوەی کە شێتە ڕاستە.
ئەو ڕاستییە جێی داخە و بەداخەوە وایە – نەخشبەندێکی نەفامانە بوو لە واتە و وشە بەڵام لێ گەڕێ؛ چونکە نامەوێ بەرزەبڵێسی بکەم. با بێ گومان بەشێتی بزانین. جا ئێستا ماوەتەوە هۆی ئەو هاتە دەرخەین یان بلێین، هۆی ئەو هوومە چونکە ئەو هاتە بەهوومە هۆیەکی لەبەرە. کەوابوو، هەر ئەوە لە پاش ماوەتەوە و پاشمەنەش ئەوەیە.
سەرنج بدەین! ئەمن کچێکم هەیە؛ هێشتا هەر کچی منە. لەسەر ئەرکناسی و فەرمانبەری ئەو نامەیە بەمن داوە، سەیر بکەن! جا وەرن و تێفکرن.

*[نامەکە دەخوێنێتەوە]*

«بۆ بوتی ئاسمانی و گیانیم، ئوفیلیای هەرە ڕازراوەم» ئەوە وشەیەکی ناخۆشە و وشەیەکی سووکە؛ «ڕازراوە» – وشەیەکی ناحەزە. بەڵام جارێ گوێ ڕاگرن:
«لە سینگی جوانی سپیدا، ئەمانە...»



مەلەکە: ئەمە لە لایەن هەملیتەوە بۆی هاتووە؟

پۆلۆنیوس: خاتوونی خاسم! تۆزێ خۆڕاگرن، ئەمن ڕاستۆکم.

*[دەیخوێنێتەوە]*

«لە ئاگر بوونی ئەستێران دوودڵ بە
لە هەستان و نەوینی تاو دوودڵ بە
لەوەی کە ڕاستی درۆ بێ دوودڵ بە
بەڵام لە عەشقی من موتمانە دڵ بە

ئاخ! ئوفیلیای خۆشەویست، ڕەدیف و پاشلەم لێ تێکچوو؛ هونەری هۆنینەوەی هانا و هەستم نەماوە؛ بەڵام زۆرتم خۆش دەوێ، زۆر؛ بڕوا بکە. لای تۆ خۆش. ئەویندارى هەتاهەتایی تۆ – ئەی ئافرەتی ئازیز! – تا گیانم لە لەش دایە. هەملیت»
ئەمە، لەسەر ئەرکی فەرمانبەری، کچەکەم پێ نیشان داوم؛ جگە لەوەش، داوا و داخوازەکانی، هەر بەو چەشنە کە دەربڕاون -کەنگێ، چۆن و لە کوێ- هەمووی گەیشتوونەتەوە گوێم.

پاشا: جا ئەو چۆنی ئاوڕ داوەتەوە سەر ئەو ئەوینە؟

پۆلۆنیوس: بەچۆن پیاوێکم دەزانن؟

پاشا: پیاوێکی بەئەمەگ و ئابڕوومەند.

پۆلۆنیوس: بەهیوام وای بسەلمێنم. تا بیروڕای ئێوە چ بێ. بەرلەوەی کچەکەم باسی بکا، ئەو ئەوینە بەتینەم لەسەر پاساری دڵیەوە بەدی کرد. جا ئەگەر وەکو پەرتووکێکی بەسراو بێ دەنگ بوایەم، یان چاوم لە دڵم داگرتبای، کڕوکپ بێ، یان ئەو ئەوینەم بەسووک چاو لێ بکردبای، ئێوە چتان بیر دەکردەوە؟ بەڵام من لەسەری چووم؛ لەگەڵ کچەکەم بەقسە هاتم کە: جەنابی هەملیت شازادەیە، لە ئەستێرەی بەختی تۆدا نییە و

شتی وا قەت ناکرێ. جا فەرمانم دا خۆ لە ژوورەکەی دوور بگرێ. هیچ ڕاسپاردەیەک ڕێ نەدا و هیچ ڕاسپێر و دیارییەک وەرنەگرێ؛ کە بەگوێی کردم و بەری ئامۆژگارییەکانی هەڵچنیم، ئەو پەکی کەوت؛ وەکو نەزیرەیەک بیگێڕمەوە، کەوتە گۆمی خەم. پاشان خواردنی لێ هەڵگیرا، جا وڕ و واژ هەڵگەڕا، بڕستی لەبەر بڕا، سووک و بێ سەنگ کەوت، سەرنخوون کەوتە شێواوی و شێتییەک کەوا ئێستا وڕاوە و وڕێژی دەکا و هەموومان لەبەری بەداخین.

پاشا [*ڕوو لە مەلەکە*]: ئەتو پێت وایە هۆی ئەوە بێ؟

مەلەکە: وا وێدەچی، بگرە زۆریش لەوە دەکا.

پولونیوس: تا ئێستا هەڵکەوتووە -پێم خۆشە بزانم- گوتوبێتم وایە و پێچەوانەکەی دەرکەوتبێ؟

پاشا: نا، تا ئەو جێگایە من بزانم.

پولونیوس [*ئاماژە بەسەر و شانی دەکا*]: ئەمە لەوە جوێ بکەنەوە ئەگەر وانەبوو. گەر بارودۆخ ساز بکرێ، دەری دەخەم ڕاستی لە کوێدا شاردراوەتەوە؛ با لە دڵی ئەرزیش وشاردرابێ.

پاشا: چۆنی پتر تاقی بکەینەوە؟

پولونیوس: دەزانن جاری وا هەیە لە هۆڵەکەدا چوار سەعات لەسەر یەک هاتوچوو دەکا.

مەلەکە: بەڵێ بەڕاستی وایە.

پولونیوس: لە وەها کاتێدا کچەکەمی بۆ شل دەکەم. جا جەنابتان و من پاردەیان لێ دەگرین. چاو لە دیتنیان دەبڕین؛ ئەگەر مەیلی لێ نەبوو و لەبیر و ئاوەز دەرنەچوو، با من ڕاوێژکاری دیواخان نەبم و جوتیاریی و کاشەداریی بکەم.



پاشا: تاقی دەکەینەوە.

*[هەملیت خەریکی خوێندنەوەی پەرتووکێ دێتە ژوورەوە]*

مەلەکە: ها، چاوی لێ بکەن! هەژارە بێ دەرەتانەکە، مل چەوت، خەریکی خوێندنەوە دێ.

پولونیوس: لادەن! تکایە، هەردووکتان خۆ لادەن! هەر ئێستا بەرۆکی دەگرم؛ ئیزنم بدەن!

*[پاشا و مەلەکە هاوڕێ پاکاران شانۆ چۆڵ دەکەن]*

سەروەری هێژام، جەنابی هەملیت، چۆنە؟

هەملیت: چاک، شوکور بۆ خودا.

پولونیوس: دەمناسیەوە، قوربان؟

هەملیت: زۆر چاک، ئەتو ماسی فرۆشی.

پولونیوس: ئەمن! نا، قوربان!

هەملیت: جا خۆزگە وەها پیاوێکی ڕاستاڵ بوایی.

پولونیوس: ڕاستاڵ، قوربان؟

هەملیت: ئا، جەناب! ڕاستەکەی بەم چەشنە دنیا دەسووڕێ لە دە هەزار کەس یەکیان ڕاس هەڵدەکەوێ.

پولونیوس: بەتەواوی وایە، قوربان!

هەملیت: چونکە ئەگەر هەتاو لەسەر کەلاکی سەگی تۆپیو کرم هەڵدێنێ، ئەو لاشە تۆپیوەش تیشکی خودای هەتاوی لێ کەوتووە. ئەتو کچت هەیە؟

پولونیوس: هەمە، قوربان!

هەملیت: با ئەویش تیشکی هەتاوی لێ نەکەوێ؛ دووگیان کەوتنی ژن خەلاتێکی خوداییە؛ بەڵام نەک بەو چەشنەی کچەکەت وێدەچێ دووگیان بکەوێ. ئاگات لێ بێ، هاوڕێ!

پۆلۆنیۆس [*لەبەرخۆیەوە*]: جا نەمگوت؟ هێشتا پێ بەسراوی کچەکەمە. بەڵام لە پێشدا منی نەناسییەوە؛ گوتی ماسی فرۆشم. لە خۆی چووە، زۆر! ڕاستەکەی منیش لە سەردەمی گەنجیدا ڕەنجی ئەوینم زۆر کێشاوە؛ وەخت بوو وام بەسەر بێ. با دیسانەوە بیدوێنم. چ دەخوێنی، قوربان؟

هەملیت: وشان، وشان، وشان.

پۆلۆنیۆس: قسەوباسی چییە، قوربان؟

هەملیت: لە نێوان کێدا؟

پۆلۆنیۆس: مەبەستم، ئەوەی دەیخوێنیەوە، قوربان!

هەملیت: درۆودەلەسە، ئاغا، ئەم گاڵتەچییە چەنەبازە لێرەدا دەڵێ: پیرە پیاوان ڕدێن و ڕیشیان سپی هەڵگەڕاوە، دیمەنیان مۆنە و چرچ داشۆراوە، لە چاوانیان زەردایی زیقن وتراوی دار هەڵووژە بەلێشاوە و زۆریان لە ئاوەز بێ بەش ماوە و پێشە و ماسوولەیان بۆ نەماوە. تەواوی ئەم شتانە، ئاغا! گەرچی بەبڕشت جێی باوەڕ و بڕوای منە، جوان نییە لە قەڵەم بدرێن؛ چونکە ئەتو خۆیشت، ئاغا، وەکو من پیر دەبووی، ئەگەر بتوانیبا قرژاڵ ئاسایی دوا دوا ڕێت بکردبای.

پۆلۆنیۆس [*لەبەرخۆیەوە*]: گەرچی شێتی دەنوێنێ، نوکتەی تێدایە. قوربان! دەکرێ لەو هەوایە بچنە دەرێ؟

هەملیت: بەرەو نێو گۆڕەکەم.

پۆلۆنیۆس: بەڕاستی ئەوەیە لە هەوا چوونە دەر.

[*لەبەرخۆیەوە*] جارجار وەڵامەکانی پڕ مانایە! توانایەک کە شێت بەری دەکەوێ و بیرایی و پیری ڕێ پێ نابەن. با بەجێی بهێڵم و هەر ئێستا کارسازی دیتنیان لەگەڵ کچەکەم بکەم.

سەروەری پایەبەرزم! بەڕێزەوە ئیزنی ڕۆیشتنم لە جەنابت دەوێ.



هەملیت: ناتوانی، جەناب! شتێکم لێ وەربگری لەوە زیاتر پێم خۆش بێ، جگە لە ژینم، جگە لە ژینم، جگە لە ژینم!

*[ ڕۆزینکرانتز و گیلدینیستیرن دێنە ژووری]*

پۆلۆنیۆس: لای جەنابت خۆش، قوربان!

هەملیت: ئەم پیرە، نەفامە، نەگەویسانە!

پۆلۆنیۆس [*ڕوو لەو دوو کەسە*]: لەدوی جەنابی هەملیت دەگەڕن. ئەوەتا لەوێیە.

ڕۆزینکرانتز [*ڕوو لە پۆلۆنیۆس*]: خودا ڕزگارت کا، ئاغا!

*[ پۆلۆنیۆس دەچێتە دەرێ]*

گیلدینیستیرن: سەروەری بەڕێزم!

ڕۆزینکرانتز: سەروەری هەرە هێژام!

هەملیت: هاوەڵانی چاک و باشم. چۆنی، گیلدینیستیرن؟ ها، ڕۆزینکرانتز! هاوڕێیانی چاک، چۆنن بەجووت؟

ڕۆزینکرانتز: وەکو ڕۆڵەکانی ئاسایی سەر زەوی.

گیلدینیستیرن: بەکەیف لەوەی کە زۆریش بەکەیف نین؛ لەسەر کڵاوی بەختیاریشەوە دوگمەیەک، حەیف نین.

هەملیت: خۆ ژێرەی پێڵاڵکەشی نین.

ڕۆزینکرانتز: شوکور، نا، قوربان!

هەملیت: کەوابوو لە دەوروبەری نێوقەدیدا دەژین. یان لە ناوەندی خۆشییەکەیدا، ها؟

گیلدینیستیرن: کوڕە! هەر لە شەرمینگاکەی داین.

هەملیت: لە بەشە داپۆشراوەکەی بەختیاریدا؟ بەڕاستی وایە! وەکو فەڵیتەیە. دەی چ خەبەر؟

ڕۆزینکرانتز: هیچ، قوربان! جگە لەوەی کە جیهان ڕوو لە ڕاستی دەکا.

هەملیت: کەوابێ، ڕۆژی پەسلان نێزیکە! بەڵام هەواڵەکەتان ڕاس نییە. با وردتان لێ بکۆڵێمەوە. دادەی؛ لە دەستی بەختیاری، بە چ خەڵاتێ شاواش کراون کە بەرێتانی کردووە ئەم بەندیخانەیە؟

گیلدینیستیرن: بەندیخانە، قوربان؟

هەملیت: دەنمارک بەندیخانەیە.

ڕوزینکرانتز: کەوابوو جیهان بەندیخانەیەکە.

هەملیت: بەندیخانەیەکی تەواو؛ پڕ لە گرتووخانە و بەستووبەندی ڕەشوبەشە، دەنمارک لەو نالەبارییەدا یەکە.

ڕوزینکرانتز: ئێمە پێمان وا نییە، قوربان!

هەملیت: جا، با هەر لە لای ئێوە وانەبێ چونکە هیچ شتێک خاس یان خراپ نییە، بەڵکو بیروباوەڕ وای دەنوێنێ. لەلای من، گرتووخانەیە.

ڕوزینکرانتز: ئەوە بەرزەفڕی جەنابت وای دەنوێنێ. دیارە زۆر تەنگەبەرەیە بۆ بیری جەنابت.

هەملیت: نا، بەخودا. ئەمن دەتوانم خۆ لە توێکڵێ گوێزێدا جێ بکەمەوە و خۆیشم بەپاشایەکی بێ سنوور بزانم؛ بەڵام ئەگەر خەو و خەیاڵی خراپم نەبوایە.

گیلدینیستیرن: هەر ئەو خەیاڵانە، بەرزەفڕییە؛ چونکە بەرزەفڕ، تەنیا سێبەرێکە لە خەیاڵ.

هەملیت: خەیاڵیش خۆی جگە لە سێبەرێک نییە.

ڕوزینکرانتز: وایە، ئەمن بەرزەفڕی ئەوەندە بەهیچوپووچ دەزانم کە بەلامەوە سێبەرێکە لە سێبەرێ.

هەملیت: کەوابوو سواڵکەرەکانمان جەستەن و پاشا و پاڵەوانە پەڵماوەکانمان سێبەری ئەو سواڵکەرانەن.



واز بێنن، با بچینە دیوەخان، چونکە بەئاینم پێم ناسەلمێ.

هەردووکیان: لە خزمەتکاری داین.

هەملیت: نا! شتی وا مەیێژن. ئەمن ئێوە لە ڕیزی خزمەتکارانی ترم نازانم. ڕاستەکەی، ئەم ڕۆژانە قورس چاوەدێری دەکرێم؛ جا لەسەر ڕێگای کۆن و کوتراوی برادەریمان، چ بووە هاتوونەتە ئیلسینور؟

ڕوزینکرانتز: بۆ چاوپێکەوتنی جەنابت، قوربان! هۆیەکی تری نییە.

هەملیت: چەندە لا کەوتووم، تەنانەت بۆ سوپاسکردنێکیش سڕ و سەپەلم؛ بەڵام سوپاستان دەکەم و بێ گومان برادەرانی بەڕێز! سوپاسەکەیشم نیوە پوولێکیش ناکا. سا ئێوە نەناردراون؟ لەسەر کەیفی خۆتان هاتوون؟ ئەم چاوپێکەوتنەش بێ خورتییە؟ وەرن لەگەڵمدا ڕاست بن. وەرن قسە بکەن.

گیلدینیستیرن: چ دەبێ بڵێین، قوربان!

هەملیت: بۆ چ بڵێین؟ هەرچی؛ بەڵام سەبارەت بەمەبەستەکەتان بێ؛ ئێوە ناردراون و ڕواڵەتتان ئەو ڕاستەقینەیە وەها دەدرکێنێ کە خۆ وەشارتنتان شارەزایی ئەوەی نییە بیرەنگێنێ. ئەمن دەزانم پاشا و مەلەکە بەدوی مندا ناردووتانیان.

ڕوزینکرانتز: بە چ مەبەستێ، قوربان؟

هەملیت: ئێوە دەبێ بە من بڵێین. بەڵام سوێندتان دەدەم بەحەقی برادەریمان، بەهاودەنگی بواری منداڵیمان، بەئەمەگی دۆستی هەتاهەتاییمان و بەوەی کە پیرۆزترە و بێژەرێکی چاکتر دەتوانێ سوێندتان لەسەری بدا لە حەنامدا ڕاست و ڕێک بن؛ ناردراون، یان نا؟

ڕوزینکرانتز [*لەبەرخۆیەوە ڕوو لە گیلدینیستیرن*]: ئەتو چ دەڵێی؟

هەملیت [*لەبەرخۆیەوە*]: سا، بەس کەن چاوم لێتانە. ئەگەر خۆشمتان دەوێ خۆڕامەگرن.

گیلدنیستیرن: قوربان، ناردراوین.

هەملیت: جا، من بلێیم بۆ، با پێشگفتی من ئێوە لەخۆ بەدەستەوەدان بپارێزێ و پەنامانتان لەگەڵ پاشا و مەلەکە پەردەدڕ نەکا. ئەمن لەمێژە -بەڵام لەبەرچی نازانم- ورە و کەیفم نەماوە؛ وازم لە گشت کرد و کۆشێ هێناوە و لە ڕاستیدا ئەوەندە بارەکەم قورسە، ئەم قاڵبە قەشەنگەم -دونیا- بەلاوە بەژن بەرزێکی نەزۆکە؛ ئەو خێوەتە خەڵاتە -ئاسمان- چاوی لێ بکەن، ئەو گەردوونە هەڵواسراوە هەژیایە، ئەو سرمیچە بەرزە کە بەئاڵتوونی ئاگر نەخشێنراوە، ئاخۆ بۆ، لەکن من جگە لە کۆمەڵە تەمێکی درژ و دەغەزدار نییە؟ مرۆڤ چ دەستکردێکە؟! چەندە بێ بنە لە بیروباوەڕدا! بەبەژن و بەرە چەن جوان و جێ پەسەندە! لە کرداردا وەکو فریشتە وایە! لە زانستدا وەکو زانایە! جوانی جیهانە، گەورەی گیانلەبەرانە، بەڵام لەلای من پرسیارە:
ئەم لە قوڕ گرساوە چییە؟ پیاو کەیفم کۆک ناکا، نا؛ تەنانەت ژنیش، گەرچی بەزەردەخەنەیان دەیانەوێ بڵێن: با.

ڕوزینکرانتز: قوربان! شتی وا وەبیری مندا نەهاتووە.

هەملیت: ئەی بۆچ پێکەنیت کە گوتم پیاو کەیفم کۆک ناکا؟

ڕوزینکرانتز: لەو بیرەدا بووم، قوربان! ئەگەر کەس کەیفتان ساز نەکا، ئەو یاریکارانە چەن پێشوازییەکی ساردوسڕ لە جەنابتان وەردەگرن؛ ئێمە لە ڕێدا تووشیان بووین؛ خەریکن بۆ خزمەتکردنتان دێن.

هەملیت: ئەوەیان کە دەوری پاشا دەگێڕێ بەخێر بێ و بگرە خەڵاتیشی بکەم، شامیرێکی شەرڤانیش شیر و قەڵغانی دەکار دێنێ؛ ئەوەی کە دەوری ئەوینداری هەیە هاڵاو و هاواری بێهودە نەکا؛ دەورگێڕی حەنەکچییش بەهێمنی و بێ دەنگ و هەرا دەورەکەی دوایی بێنێ؛



گاڵتەچیش ئەوانەی کە پەلەپیتکەی قدیلەیان شلە دێنێتە پێکەنین و خانمەکەش بێ پەرکەم باسی دڵی بکا با دیالۆگەکەی ناتەواو نەپچڕێ.
کام یاریکەرانن، ئەوانە؟

ڕوزینکرانتز: هەر ئەوانەی کە جەنابت کەیفیان بۆ دەکەی، لە تراژیدیکارانی شار.

هەملیت: چۆنە کەوتوونەتە گەشت و گێڵ؟ لە یەک جێ مانەوەیان هەم لە باری ناو دەرکردن و هەم لە باری دەسکەوتیانەوە باشتر دەبوو.

ڕوزینکرانتز: پێم وایە ناکۆکی کاروباریان بەهۆی تازە داهاتووەکانی ئەم دواییە بێ.

هەملیت: ئاخۆ، ناوبانگیان وەکو ئەو دەمەی من لە شاردا بووم هەروەها مابێ؟ بەو چەشنە ئێستاش لایان دەگرن؟

ڕوزینکرانتز: نا، ڕاستەکەی وەها نەماون.

هەملیت: لەبەرچی؟ ژەنگاریان لێ کەوتووە؟

ڕوزینکرانتز: نا، کاروباریان هەر بەو چەشنە ماوەتەوە؛ بەڵام، قوربان! پۆلێکی منداڵ - با بڵێین بێچووە باز کە زیاتر لە مەبەستەکەیان زیڕە و سیڕە دەکەن و چەپڵە و چەپکی زیاتریان بۆ لێ دەدەن - ئێستا بوونەتە مەودە و شانۆکانی خەڵکیخوازیان - خۆیان ئەو نێوەیان لەسەر ناوە - وەها کردووە بەرشخەنجار کە زۆربەی شیر لە شاڵەکانیش، لە قەڵەمیان دەترسن و بەدەگمەن لەو شوێنانە دەردەکەون.

هەملیت: چی، ئەوانە منداڵن؟ کێ ڕایان دەگرێ؟ چۆن پشتیوانی دەکرێن؟ جا کە توانای سترانبێژیان نەما، لەسەر ئەو ئیشە بەردەوام دەبن؟ پاشان کە خۆیان پەروەردە بوون و بوون بەیاریکاری ئاسایی -

هەرواش دەبێ ئەگەر دەسکەوتی تریان بەرنەکەوێ - ناڵێن نووسەرەکانمان بەهەڵەدا هانیان داین و لە دژی کار و ئیشی دواییمان دنەیان داین؟

رۆزینکرانتز: لەسەر بڕوام، لە هەر دوو لایەنەوە -نووسەر و یاریکار- ئەو کێشە و دووبەرەکییە زۆر کراوە و خەڵکیش بەتاوانی نازانن هانیان بدەن بۆ دەمەقرە؛ ماوەیەک وای لێ هاتبوو پارەیەک نەدەدرا بۆ دیتنی درامایەک مەگەر نووسەر و یاریکەران لەسەری قۆڵبەست بوایەن.

هەملیت: جا، شتی وا دەبێ؟

گیلدینیستیرن: ئا، قوربان! هەر مەژگ و مەلاژە لەو ناوە پژراوە.

هەملیت: جا منداڵەکان دەرەقەت دێن؟

رۆزینکرانتز: ئا، قوربان! هیرکول و کوڵەکەیشی.

هەملیت: زۆریش سەیر نییە! مامم ئێستا پاشای دەنمارکە و ئەوانەی کە لە سەردەمی ژیانی بابمدا گاڵتەیان پێ دەکرد، ئێستا بەبیست و سی و چل و پەنجا و سەد پارە دەدەن بۆ وێنەیەکی بچووکی. بەخودای نوکتەیەک، پتر لە باری ئاسایی لەوەدا هەیە؛ خۆزگە زانست دەری بخستبای.

*[چەپڵەرێزان بۆ یاریکاران]*

گیلدینیستیرن: یاریکارانن.

هەملیت [*ڕوو لە گیلدینیستیرن و رۆزینکرانتز*]: بەڕێزان! بەخێرهاتنە ئیلسینور. لێ خشێن، وەرن! شێوازی ئەوتۆ بۆ پێشوازی دابونەریتە. با منیش بەو چەشنە لەگەڵ ئێوە گەرم ڕابێم نەکا گەرموگوڕ پێشوازیکردنم لە یاریکاران - کە دەبێ پێتان بڵێم زۆربەی ڕواڵەتییە - بەتینتر لە بەخێرباییکردنم لە ئێوە بنوێنێ.



بەخێربێن سەری چاوم. بەڵام با بزانن، مامم -واتە باوە پیارەم- و ئامۆژنم -واتە دایکم- هەڵخەڵەتاون.

گیلدینیستیرن: لە چدا، قوربان؟

هەملیت: ئەمن، کاتێ بای شەماڵ ڕوو لە رۆژاوا هەڵدەکا، شێتی لێم دەدا؛ کە زریان هەڵدەکا، باز لە بازر لێک دەدەمەوە.

*[پۆلۆنیوس دێتە ژوورێ]*

پۆلۆنیوس: لای ئێوە خۆش، ئاغایان!

هەملیت: گوێ بگرە، گیلدینیستیرن - تۆش هەروەها - هەر گوێیەکتان گوێگری بێ! ئەو کۆرپە کەڵەگەتە لەوێدا دەیبینن، هێشتا لە قۆناخە نەکراوەتەوە.

رۆزینکرانتز: بەگومان، دووەم جاریەتی قۆناخە دەکرێ؛ چونکە دەڵێن پیاو کە پیر دەبێ، دیسان منداڵ دەبێتەوە.

هەملیت: پێشبینیم وایە هاتووە باسی یاریکارانم بۆ بکا؛ جا سەرنج بدەن!... بەڵێ ئێوە ڕاس ئێژن ئاغا؛ لە ڕاستیدا، بەربەیانی دووشەممەیەک بوو.

پۆلۆنیوس: قوربان، هەواڵم پێیە بۆ ڕاگەیاندن.

هەملیت: قوربان هەواڵم هەیە بۆ ڕاگەیاندن: کاتێ **رۆسیوس** لە ڕوومدا یاریکار بوو...

پۆلۆنیوس: یاریکاران ڕوو لە ئێرە خەریکن دێن، قوربان!

هەملیت: وزە وز!

پۆلۆنیوس: لەسەر شەرەفم

هەملیت: جا هەر یاریکارێکیش لەسەر گوێدرێژەکەیەتی...

پۆلۆنیوس: چاکترین یاریکارانی جیهان، شارەزا لە تراژیدی، کۆمیدی، مێژوویی، لادێیی، لادێیی - کۆمیدی، مێژوویی - لادێیی،

تراژیدی – مێژوویی، تراژیدی – کۆمیدی – مێژوویی – لادێیی؛ شانۆیان لە بابەتی ماوا و ماوەوە ڕێک و هاوسەنگە؛ دیالۆگیان ڕەوان و بێ لەنگە. **سینیچا** [درامنووسی ڕۆمی] لەبەریان هێندە قووڵ و قورس نییە و **پلاتووس**یش (نووسەری کۆمیدی ڕۆم) بەهەرە سووک و ساکار نازانن. لە ژبەرچاوگرتنی یاسا و دەستووری نووسین و ئازادانە قەڵەم لێداندا تاکانەن.

هەملیت: ئای، **ژێپیێتا** – دادگەری ئیسرائیل – چ گەنجێکت هەبوو و قوربانیت کرد!

پولونیوس: چ گەنجێکی هەبوو، قوربان؟

هەملیت: چۆن؛ جوانە کچێک و لە ماڵی دنیا چی تری نەبوو؛ زۆری خۆش دەویست جگە لەو ئیتر هۆگری نەبوو.

پولونیوس [لەبەرخۆیەوە]: هێشتا لەسەر کچەکەمە.

هەملیت: ڕاستی ناڵێیم، ژێپیێتای پیر؟

پولونیوس: ئەگەر ئەمن بەژێپیێتا دەزانن، قوربان، ئەمنیش کچێکم هەیە زۆرم خۆش دەوێ.

هەملیت: نا، بەشوێنیدا ئەوە نییە.

پولونیوس: ئەی چییە بەشوێنیدا قوربان!

هەملیت: چۆن نازانی: خودا لە هەموو شت ئاگەدارە جا چییە؟ تۆ بیڵێ هەروا بوو چارەنووسی –کە خودا لە پێش بۆی نووسی– یەکەم بەشی کتێبی پیرۆز باشتر نیشان دەدا. سەیر بکە مەلاژی مەبەستم لەکوێیەوە دێ.

*[چوار یان پێنج یاریکار دێنە ژووری]*

بەخێرهاتن، ئاغایان! هەمووتان بەخێربێن! زۆر بەکەیفم بەکەیفتان دەبینم؛ بەخێرهاتن، برادەرانی هێژا! ها، ئەوە تۆی دۆستی دێرینەم؟



بۆ وا دیمەنت، لە دوایی جارەوە کە دیوتم، خەتی داوە.

بەمەبەستی هاوڕیش بوونم بۆ دەنمارک هاتووی؟ ئەتۆ چی، **خاتوونی جەوان** و خانم؟ بەخودا لە دوایی جارەوە کە بەقوندەرەی بەرزەوە چاوم پێ کەوتی، نێزیکتر لە ئاسمان دەنوێنی. لە خودام داوایە دەنگت، وەکو وردە پوولێکی بێ بایەخ، درزی لە دەور نەکەوێ و گڕ هەڵنەگەڕێ.

ئاغایان! هەمووتان بەخێرهاتن؛ ئێمە وەکو ڕاوچییانی فەرانسەیی بەبازڕاو دەکەین؛ بەرەو هەرچی بەدی بکەین باڵ لێ دەدەین. هەر ئێستا دیالۆگێ دەگێڕین. وەرن! تۆزێ شارەزایی خۆ بنوێنن. وەرن بۆ دیالۆگێکی گەرموگوڕ.

یاریکەری ١: چ دیالۆگێ؟ سەروەری بەرێزم!

هەملیت: جارێکیان بیستم باسی دیالۆگێکت کرد؛ بەڵام قەت نەگێڕدرا. یان ئەگەریش با، نەک پتر لە جارێک؛ چونکە ئەو درامایە – وام لەبیرە – جێی پەسەندی جەماوەر نەبوو؛ وەکو خاویار بوو لە کن خەڵکی. بەڵام هەروەها کە من دەسگیرم بوو و بەقسەی ئەوانەش بیروباوەڕیان لەو بابەتەوە زۆر لەوەی من بەرزترە، درامایەکی چاک بوو. جوان دابەش کرابوو؛ بەزیرەکییەکی ژیرانە نووسرابوو. دێتە بیرم یەکێ گوتی بەیتەکانی نە تیژ تام کرابوون کە مەبەستەکەی تەزدار کردبێ، نەش ڕەوتێکی وای هەبوو کە نووسەرەکەی بەخۆ هەڵکێشان تاوانبار بکرێ؛ بەڵکو بەشێوەیەکی ڕاشکاوی دەزانی، شیرین وەکو شەکرۆکە و زۆر جوانتر لە جوانی بوو. دیالۆگێکی تێدا بوو زۆرم پێ خۆش بوو. چیرۆکی **ئەینیاس** [شازادەی ڕۆمی] بۆ **دیدو** (مەلەکەی کارتاژ). لەو بارەوە بوو. بەتایبەت لەوێدا کە باسی کوشتنی **پریام** (پاشای ترۆی) دەکا. ئەگەر لەبیرتدا مابێ، لەم دێڕەوە دەست پێ بکە، ڕاوەستە بزانم:

«**پیروس**ی دڕ، وەکو دڕندەی **هیرکانی**» نا، وا نەبوو؛ بەڵام هەر بەپیروس دەس پێ دەکا:

«پیرۆسی دڕ، ئەوەی کە دەستی وەکو مەبەستی ڕەش وێنەی شەو
بوو
ئەو کاتە کە خۆی لە دڵی ئەسپە وەیشوومەکەیدا
لە چاو ون دەکرد
ڕوومەتی درژ و ڕەش هەڵگەڕاوی
تێکەڵاو شکۆ و شورە و شەڕ بوو.
-کە لێوی تیژی شیرەکەی تەزاند-
سەر تا پێ ئەمجا سووری دەنواند.
چەند زاڵەبەر بوو!
هەر خوێنی باب و دایک و منداڵان
تک تک لە پەنجەی سووری دەتکان
بەسەر کۆڵان و شەقامەکانی تاو لێ دراودا

*[لێرەدا هەملیت ڕوو لە یاریکارێکی پیاو قسە دەکا کە دەوری ژن دەگێڕێ]*

هەڵدەقرچان و هەڵدەبرژان و
بەخودای خوێنرێژی تیشکی ئاڵ و سوور نوورەیان دەنوان.
لە ڕقوقیندا سوور هەڵگەڕا بوو.
ئامێز ئاخنراو لە خوێن داگرساو
بەچاوانی سوور لە ڕەنگ یاقووتی،
-پیروسی چەپەڵ-
بۆ کێشان گیانی **پیرام** باپیری
جموجووڵی بوو ئەرزی دەپێوی».



جا، ئەتو بیڵێ.

پولونیوس: بەخودا، قوربان! جوانت بەیان کرد؛ بەڕەوتێکی پڕ هەست و ڕێکوپێک.

یاریکەری ١: زۆری پێناچێ؛ دەیبینێتەوە.

کورت و داماو و بڕست لێ بڕاو
لە شەڕی لەگەڵ یۆنانییەکاندا،
شیرە پیرەکەی شێوارەی باهۆی
لە کوێدا کەوت ڕانابێتەوە، یاخی لە فەرمان.
ڕکەبەرییەکی نابەرامبەر بوو.
پیروس بەسەری پیرام دەگورێ،
ئاژر و تووڕە شیر دەوەشێنێ
بەکفە و کیفەی شیری داوەشراو
بابی بێ دەمار لە گیان سڕ دەبێ و لە پێ دەکەوێ.
جا قەڵای **ئیلوم**، بێ گیان و بێ هەست
- کە لە بەرزەوە بێبەزییەکی وا بەدی دەکا
بلێسەی ئاگر لەسەری دەدا و
تا قووڵایی پێ سەرنخوون دەبێ.
بەو نرکە بەرزە، گوێ پیروسی دڕ دەزرێتەوە؛
شیری هەڵکرد و کە دابنەوێ سەری بەڕەنگی سپی هەڵگەڕاو
پیرامی داماو تا بن شەق بکا
نووکی بەسینگی ئاسماندا چەقی؛
وەکو نەخشێکی کێشراو لە زاڵم، پیروس کڕوکپ لە جێی وشک دەبێ و
کەترە خەم ئاسایی لە مەیل و مەرام، هیچی پێ ناکرێ.

بەڵام هەروەها کە پێش کرێوە ئاسمان مەنگ دەبێ،
هەورە ڕەش لەسەر چۆکی بەند دەبێ،
گژەبا هووژەی لە کروکپ دەبێ و
زەوی لە ژێردا وسکوت و بێ دەنگ وەکو مەرگ دەبێ،
لەناکاو شەققەی بەرزی تریشقەیەک
سینگی ئاسمان شەق دادەدڕێ؛
پیروسیش هەیهێر،
توون و تین تۆڵە تون تاوی دەدا.
قەت کوتکی **سیکلوپ** دێوەکەی **فولکان**
وا نەکوترایە سەر زرێ و زنجیر **مارس** خودای خەبات،
بوو بەداخێکی قەت نەبڕایەوەش
کە شیری بەخوێن شۆراوی پیروس لە پیرام کەوت.
............................
دەبڕۆ، گوم بە! فەڵیتەی فەڵەک!
خودایان! ئێوەش بەگەلەکۆمە یەک بگرێ بیرتان،
بێوەری بکەن لە هێز و توان؛
لێ ببڕن تەلوپەلی کەمەکەی،
تل بکەنەوە چەرخی گەمەکەی
لەوپەڕی بەرزایی ئاسمانەوە
هەتا قووڵایی دێو و درنجی پەستی بێ هەستی.

پولونیوس: ئەمە زۆر دوور و درێژە.

هەملیت: با لەگەڵ ئەو ڕدێنەی تۆدا بیدەین بەسەرتاشێک.

[*ڕوو لە یاریکارەکە*] تکایە، بیلێ! ئەوە مەتەڵی گاڵتە و چیرۆکی دەلالی نێوان ژن و پیاوی پێ خۆشە؛ دەنا خەون دەبیاتەوە. دەی بیلێ!



وەرە سەری **هیکیوبا** (خێزانەکەی **پریا**).

یاریکەری ١: بەڵام کێ، ئاخ کێ مەلەکەی دیبوو خۆی هەڵپێچابێ.

هەملیت: مەلەکەی هەڵپێچاو؟

پولونیوس: وا چاکە! مەلەکەی هەڵپێچاو چاکە.

یاریکەری ١: پێخاوس پەیتا سەر و خواری دەکرد؛
بەسۆزی ئەسرین گەڤ و گوڕەشەی لە ئاگر دەکرد.
پینە پەڕۆیەکی لەسەر کردبوو لە جێی تاجەکەی،
کەوای بەرەکەی
پەتووە شڕەیەک بوو؛ لە تەپ و تلی ترس و هەڵاتن دەستی کەوتبوو.
لە دەوری قەدی داچرووسکاوی هەڵی پێچابوو.
کێ ئەوەی دیبوو، زمانی لە بەر زاراوی دەکرد،
لە دژی فەلەک – کە چەن چەپگەردە – هاواری دەکرد.
ئەگەر خواوەندان چاویان لێ بوایە،
کە بەچاوەو بوو،
چۆن پیروس خەریک ئەنجنکردنی
ئازای مێردەکەی بەشیرەکەی بوو.
ئەگەر خواوەندان گوێیان لێ بوایە
چۆن دڵی ترەکی و هاواری هەڵدا
– مەگەر مەینەتی ئەوەی کە مردن دوایی بەشیەتی هەستیان نەجمنێ –
چاوی بێبەزەیی ئاسمانیان دەکرد بەگۆمی ئەسرین.
هەست و بەزەییش لە خواوەندا دەهاتە جۆشین.

پولونیوس: چاو! ئەوا نییە ڕەنگی هەڵگەڕاوە و فرمێسک کەوتووە چاوانی. تکایە ئیتر بەس!

هەملیت: جوان بوو. درێژەکەشی بەم زووانە دەبێ بگێڕیتەوە [ڕوو لە پولونیوس] ئاغای چاکم! سەرنج بدە، یاریکارەکان چاک خزمەت بکرێن؛ گوێم دەدەی؟ با جوان میوانداریییان لێ بکرێ؛ چونکە ئەوانە ڕاپۆرتەکانی کەم و کورت گوتراوی کەمەی زەمانن؛ پاش مەرگت چاکتر ئەوەیە دێڕێکی چەوت لەسەر بەردی گۆڕەکەت بێ، نەک لە ژیانتدا خراپەت بڵێن.

پولونیوس: قوربان! خزمەتیان دەکەم بەو چەشنە کە شایانن.

هەملیت: بەشقی خودا، کابرا، زۆر باشتر! جا خزمەتی هەر کەسێ بەو چەشنە کە شایانیەتی بکرێ، کێیە لە ژێر قەمچین گیان دەرببا؟ بەو چەشنە خزمەتیان بکە شیاوی پلەوپایەی خۆتە؛ هەرچەندە شایانی کەمتر بن، دەسبڵاوی تۆ هێژاتر دەبێ. خوڵکیان بکە ژوورێ.

پولونیوس: وەرن، ئاغایان.

هەملیت: لە دوی کەون، هاوەڵان! سبەینێ درامایەک دەبیسین.

*[پولونیوس و یاریکاران دەچنە دەرێ جگە لە یەکەم یاریکار]*

گوێ بگرە، هاوڕێی کۆنم؟ دەتوانی دەوری کوشتنی **گونزاگۆ** بگێڕی؟

یاریکاری ١: ئا، قوربان!

هەملیت: سبەینێ شەو دەیبینین. دەتوانی -گەر پێویست بێ- دوازدە یان شازدە دێڕێکی دیالۆگ -کە من دەینووسم و تێدەگونجێنم- بخوێنییەوە، چاکە؟

یاریکەری ١: بەڵێ، قوربان!

هەملیت: زۆرباش؛ لەگەڵ ئەو ئاغایە بچۆ؛ ئاگات بێ گاڵتەی پێ نەکەن.

*[یاریکاری ١ دەچێتە دەرێ]*



[*ڕوو لە ڕوزینکرانتز و گیلدینیستیرن*] هاوەڵانی باشم! تا شەو، لای ئێوە خۆش. بەخێرهاتنە ئیلسینور.

ڕوزینکرانتز: چاکە قوربان!

هەملیت: بەڵێ، ئیتر خوداتان لەگەڵ!

*[ڕوزینکرانتز و گیلدینیستیرن دەچنە دەرێ]*

ئێستا تەنیام. ئاخ! چ بەنییەکی دەبەنگ و نەفامم ئەمن! سەمەرە نییە، ئەو یاریکارە لێرەدا لەسەر ئەفسانەیەک، بەهەستێکی خەیاڵاوی، توانی وەها بەزۆر ڕوحی خۆی تێکەڵی دەورەکەی بکا و کاریگەرییەکی وای لەسەر بکا، ڕەنگی لە ڕوخسار ببڕێ، چاوی بەئەسرین تەڕ بێ، ڕوومەتی ڕەق هەڵگەڕێ، لە دەنگی لەرزە بکەوی و گیانی، ڕەبەق، دەق بەدەقی دەروونی ڕێک بکەوێ؟ هەمووی لەسەر هیچ! لەسەر **هیکیوبا**. هیکیوبا چی بەسەر ئەو داوە یان ئەو بەسەر هیکیوبا، کەوا بۆی بگری؟ ئاخۆ چی بکردبای ئەگەر هۆ و هەوای هەستی منی لە دڵ بوایە؟ شانۆکەی خنکاوی فرمێسک دەکرد و گوێ گشتی بەهاواری هەرەبەرز شەق دەکرد؛ تاوانباری شێت و بێ تاوانی جەرگبڕ دەکرد، بێ ئاوەزی وڕ و بەڕاستی هێزی لە چاو و گوێ قەڵت و بڕ دەکرد. بەڵام ئەمن گێل و خوێڕییەکی نەوێرۆک، نەگۆمە وەکو حەمە خەیاڵ، نەزۆک گەرچی زکپڕم و ناوێرم بڵێم لەل. نا، ناوێرم لەسەر پاشایەک کە دەوڵەت و ژیانی هەرە گرینگی تەفروتوون کرا. ئەمن کەم دڵم؟ کێ بەبەدفەڕم دەزانێ؟ مێشکم دەهاڕێ؟ ڕدێنم دەڕنێ و بەڕوومدا دەیدا؟ بەکەپۆ کێشەم دەکا؟ بوغزی درۆی گەرووم تا قووڵایی شیشارم دەبا؟ کێیە وام لێ بکا، ها؟

ئەوە بەشمە و بەگیان دەیکێشم. ئەمانە هەمووی لەبەرئەوەیە کابوکە

جەرگم؛ زراوی وەم نییە ژین لە ئەستەم تاڵ بکەم؛ دەنا مەشیا تەواوی قەل و داڵەکانی ئەم وڵاتەم بەرێڵەخۆی ئەو ناپیاوە قەڵەو بکردبای.

خوێنرێژ! چەپەڵکاری پیس! دڵبەرد! خاین! دڵچەڕێن! چەپەڵکاری بێبەزەیی! ئاخ، تۆڵە! جا بۆ وا؟ چ کەرێکم! زۆر سەیرە، کە من کوڕی بابێکی پایەبەرزی کوژراو، لە ئاسمان و دۆزەخەوە بۆ ئەستاندنی تۆڵەم هاندراوم - وەکو فەڵیتەیەک، دڵ بەخراپە گوتن سوکنایی بێنم و کارەکەری بن کوانو ئاسایی و سەڵیتە گفت، جنێو بدەم شەرم بکە. تفو! تەکان دە لە خۆت هەی مێشک! وام بیستووە مرۆڤینەی تاوانبار کە بۆ سەیری درامایەک وەردەنیشن، لە دیتنی ئەو بەشەی کە جوان دارێژراوە و لاسایی تاوانەکەیان دەکاتەوە وەها زەبرێ لە ڕوحیان دەکەوێ، بێ ئەمان تاوانباریان دەدرکێنن؛ چونکە گەرچی پیاوکوژی زمانی نییە، بەئەندامێکی هەرە سەمەرە دێتە دەنگ! دەسپێرم بەم یاریکارانە شتێکی هاوچەشنی ڕووداوی کوژرانی بابم لە پێش چاوی مامم بگێڕن؛ لە ڕواڵەتی ورد دەبمەوە، چاکی لێ دەتۆژێمەوە، ئەگەر ڕەنگی لە ڕوو بڕا، جا ئەرکی خۆم دەزانم. شایەتیش ئەو ڕۆحە بەدیم کردووە. شەیتان بووبێ و شەیتان توانای ئەوەی هەیە لە ڕواڵەتێکی دڵڕفێندا خۆ دەرخا. ئا، بگرە لەبەر بێ هێزی و سەرلێشێواویم بیهەوێ فریوم بدا و نوقمەسارم بکا؛ چونکە بەسەر حاڵ و حەواڵی ئەوتۆدا زۆر زاڵە. دەبێ پێ لەسەر پردێکی نێزیکتر بۆ پەڕینەوە دانێم. ئەو درامایە داوێکە؛ دەتوانم دەروونی پاشای پێ دەرخەم.

*[دەچێتە دەرێ]*

## بەشی سێیەم

**شانۆی یەک – ژوورێ لە قەڵادا**

*[ پاشا ، مەلەکە ، پۆلۆنیوس، ئۆفیلیا ، ڕوزینکرانتز، گیلدینیستیرن و پایەبەرزان دێنە سەر شانۆ]*

پاشا: ئاخۆ نەتوانن بەرپێی لەملا و ڕێوێ لەولا لێ بکشێنەوە بۆچ ئەو گێژییەی لەبەر کردووە. ڕۆژانی ڕەحەتی، ڕەبەق، بەشێتییەکی پڕ مەترسی و پەتک بڕاو دەڕنێ؟

ڕوزینکرانتز: دانی بەسەردا دەنێ کە خۆی تووشی سەرلێشێواوی کردووە؛ بەڵام، لەبەر چی؟ بەهیچ جۆرێ نادوێ.

گیلدینیستیرن: نایشی بینین دڵی پێوە بێ، دەنگی لێوە بێ؛ هەر کەی سازی دەکەین بۆ ڕاس ڕۆینی دڵ و دەروونی بەشێتییەکی شارەزایانە خۆ لادەدا.

مەلەکە: بەدەماخ وەری گرتن؟

ڕوزینکرانتز: زۆر، وەکو جوامێرێک.

گیلدینیستیرن: بەڵام هەوڵی دەدا وا بنوێنێ.

ڕوزینکرانتز: ڕژد و ڕەچوو بوو لە پرسینەوەدا؛ بەڵام ئازا و ئاوەڵا بۆ پەرسڤدانەوەی پرسیارەکانمان.

مەلەکە: هەوڵتان لەسەری دا بۆ گەشت و گێڵ؟

ڕوزینکرانتز: خانم! وا هەڵکەوت لە ڕێگادا تووشی چەند یاریکاری



ناسراو بووین. سەبارەت بەوانە ئاگەدارمان کرد و دیاربوو لە بیستنی گەشایەوە. ئەوانە، ئێستا لە دیوەخانن و پێم وایە فەرماندراون ئەمشەو لە خزمەتیدا درامایەک بگێڕن.

پۆلۆنیوس: بەڵێ ڕاستە و بەمنیشی ڕاسپاردووە لە جەنابتان بۆ بیستن و دیتنی ئەو درامایە داوەت بکەم.

پاشا: لە کانگای دڵەوە؛ زۆر جێی ڕەزامەندییە کە دەبیسم هێندە دڵنەرم بووە. پیاوانی هێژا! زیاتر دنەی بدەن و بیروڕای بۆ ئەو چەشنە سەیرانە هان بدەن.

ڕوزینکرانتز: بەچاوان، قوربان!

*[ ڕوزینکرانتز و گیلدینیستیرن دەچنە دەرێ]*

پاشا: گیرترودی ئازیز! تۆش ئێمە بەجێ بهێڵە؛ چونکە لە پەناوە ناردوومانە شوێن هەملیت لێرەدا لەگەڵ ئۆفیلیا -وەکو هەڵکەوت- یەک بگرن. من و باوکیشی -کە مافی ئەو شۆڤارییەمان هەیە- خۆ بەچەشنێ حەشار دەدەین کە ببینین و نەبینرین و لەسەر ئەو یەکگرتنەیان، ڕاستەوخۆ و لە نێزیکەوە، داوەری بکەین: کە ئاخۆ ئەو ڕەوت و ڕەفتارە لە سۆزی ئەوینیەتی ئازاری دەدا، یان نە.

مەلەکە: گوێ لە فەرمانم؛ جا، ئۆفیلیا! -سەبارەت بەتۆش- هیوادارم ئەو جوانییەت هۆی دڵخۆشکەری پەتبڕاوییەکەی هەملیت بێ؛ بەهومێدم دڵپاکییەکەی تۆ دیسان بیگەڕێنێتەوە سەری ڕێگای ئاسایی. ڕوو لە بەختەوەری هەردووکتان.

ئۆفیلیا: خانم، بەئاواتم وابێ.

*[ مەلەکە دەچێتە دەرێ]*

پۆلۆنیوس: ئۆفیلیا! لێرەدا پیاسە بکە. قوربان! لە جەنابیشت تکایە خۆمان حەشار بدەین.

*[ ڕوو لە ئۆفیلیا ]*

ئەو کتێبە بخوێنەوە با ڕەنگی تەنیاییت لێ کەوێ. ئێمە زۆر جار شیاوی سەرکۆنەین و فرەیش بەدی کراوە بەڕواڵەتی خۆبەختکەرانە و ئیشی ئینسانی نواندن، شەیتانیش شەکرماڵۆ دەکەین.

پاشا [*لەبەرخۆیەوە*]: بەڕاستی وایە! چۆن ئەو قسانە وەکو شریخەی شەلاخ لە ویژدانم دەکەون.
گونای گەنە ژنی هەڵسواو لە سووراو و سپیاو، ئەوەندەی کردەوەی من و قسەی ڕەنگێنراوم ناحەزتر لە مەبەستەکەی نییە. ئاخ. باری گرانم!

پولونیوس: ئەوا دەبیسم خەریکە دێ. با خۆ بکێشینەوە، قوربان!

*[پاشا و پولونیوس دەچنە دەرێ، هەملیت دێتە ژووری]*

هەملیت: مان یان نەمان، کێشە ئەوەیە. ئاخۆ ژیرانەترە تیر و تەوژمی بێبەزەییانەی بەخت بەگیان بکێشی یان لە دژی زەریایەکی ئەستەم دەس بکەیتەوە و بەدژ ڕاوەستان دواییان پێ بێنی؟ مردن، خەونێک و چی تر نە؛ بەو خەونە -تۆ بڵێی- لە دڵە خورپێ و هەزاران تەکان و شەکان -کە خەڵاتی سروشتە بۆ لەش- ڕزگار ببین. جا ئەوە ئەوپەڕی ئاواتە و بەدڵ دەیخوازین. مردن، نوستن، نوستن یان شایەتیش خەو بینین؛ بەڵێ، گرفت ئەوەیە! ئاخۆ لە نوستنی مەرگدا - کە ئەم ڕەسنە بێ بەقامانە پچڕاند - چ خەونێ دەبینین وا ناچاری کردووین لە مردن دەس ڕاگرین؟ ئەوەیە ژانی ژیانی بەدرێژاییمان خستووەتە گیانمان؛ دەنا کێیە قایش و قورچی ڕۆژگار، ملهوڕی ستەمکار، سەرکۆنەی خاوەن دەمار، ژانی ئەوینی خەسار، گیروکێشەی یاسا و بڕیار، بێ حورمەتی خاوەن کار و ناپیاوی نەرم لەگەڵ نەجیو و نەرمونیان بەگیان بکێشێ، لە حاڵێکدا دەتوانێ بەخەنجەرێکی ڕوون خۆ بسرەوێنێ؟ کێیە ئەو



ناحەزییانە بەکۆڵ بکێشێ و لە ژێر باری ژیانی ژاکێنەردا ئاخ هەڵکێشێ و ئارەق بڕێژێ؟ بەڵام ترس لە پاش مردنە؛ ئەو شوێنە نادیارە کە لە سنوورییەوە، ڕێبوار نەگەڕاوەتەوە؛ ورەی ورکردووە و ناچارمان دەکا ئەو ژاڵ و ژانەی هەمانە بکێشین و بەرەو ئەوانی کە لێیان نازانین نەفرین. کەوابوو زانستە، هەموومان ترسنۆک هەڵدەگەڕێنێ و بریقەی سروشتی دەسکردنەوە بەڕەنگی بزرکاوی بیرکردنەوە بوولێن دەکا جا کرد و کۆشەکانی بەکات و کەلێن، بەم بۆنەوە کە زیگەیان کەچ دەبێ و نێوی جێبەجێبوونیان لێ ون دەبێ. جارێ بێ دەنگ بە.
ئوفیلیای جوان! - ئەی خودای جوانی! لە نەزر و نزاکانتدا گشت گوناکانی منیش وەبیرتدا بێ.

ئوفیلیا: سەروەری هێژام! بەڕێزتان پاش ئەو هەموو ڕۆژانە چۆنن؟

هەملیت: بەڕێزەوە سوپاست دەکەم؛ چاک، چاک، چاک.

ئوفیلیا: قوربان! چەند دیارییەکی جەنابتانم لەلایە و لەمێژە دەخوازم بیاندەمەوە؛ تکاتان لێ دەکەم ئێستا وەریان بگرنەوە.

هەملیت: نا، من، نەبووم، ئەمن قەت پێشکەشیم بەتۆ نەداوە.

ئوفیلیا: سەروەری بەڕێزم، خۆتان چاک دەزانن وابووە. لەگەڵ ئەوانەشدا قسەی جوان و بۆن خۆشتان خەڵات دەکردم کە پێشکەشییەکانی بۆندارتر دەکرد. ئێتر بۆنیان پەڕیوە، وەریان بگرنەوە؛ چونکە لای هەستیاران وایە کە پێشکەشکەران وەفایان نەما، پێشکەشییەکانیشیان بێ بایەخ دەبن. فەرموو قوربان!

هەملیت: ها، ها! ئەتو ڕاست و پاکی؟

ئوفیلیا: قوربان؟

هەملیت: ئەتو جوانی؟

ئوفیلیا: مەبەستی جەنابتان چییە؟

هەملیت: ئەوەی کە ڕاست و پاک بێ، ئەو ڕاستی و پاکییەت نابێ ئیزنی خۆنواندن بەجوانیت بدا.

ئوفیلیا: جا قوربان! جوانی دەتوانێ هاودەمێکی باشتر لە ڕاستی هەبێ؟

هەملیت: ئا، بەڕاستی؛ چونکە هێزی جوانی – زووتر لەوەی کە هێزی ڕاستی بتوانێ ڕوو لە شێوە و شوێنی خۆی تاوی بدا، بەڕاستی لە بارەکەی دەترازێنێ و دەیکا بەتاوکەر و دەڵاڵ. جا ئەوە لە سەردەمێکدا واژی بێژی بوو؛ بەڵام ئێستا زەمانە سەلماندوویەتی. ئەمن ماوەیەک زۆرم خۆش دەویستی.

ئوفیلیا: بەڕاستی، قوربان! واتان کردبوو منیش بڕوام وابوو.

هەملیت: نەمەشیا بڕوات بکردبای؛ چونکە پارێزکاری ناتوانێ لەسەر کۆتەرەی کۆنی گیانماندا پێوەند بگرێ، گەرچی واشمان پێ خۆش بێ. ئەمن تۆم خۆش نەدەویست.

ئوفیلیا: کەوابێ زۆر هەڵخەڵەتام.

هەملیت: ڕوو بکە لە دەیرێ؛ لەبەرچی تۆش چەپەڵکار بخەیتەوە؟ ئەمن – بۆ خۆم– پیاوێکی کەم و کورت ڕاست و دروستم؛ بەڵام دەتوانم خۆ لە شتگەلێکی ئەوتۆدا بەتاوانبار بزانم کە باشتر بوو دایکم نەمیدیبای. ئەمن زۆر خۆخوازم، قین لە دڵم، بەرزەفڕم، هێندە زۆر گونا و گەنەکاریم لەسەر پێ ئامادەی فەرمانن، بیر و بۆچوونم نایانپەژیرێ، خەون و خەیاڵم نایاننەخشێنێ، ئەوەندەش مەودا و مۆڵەتم نییە بیانڕەخسێنم. جا بۆ، گیانلەبەرانی وەکو من لەنێو ئەرز و ئاسماندا خۆ کێشە بکەن؟

ئێمە هەموومان، تا بڵێی، چەوتین. بەهیچ کاممان بڕوا مەکە. ڕێی خۆت بگرە و بچووە دەیرێک.

بابت لەکوێیە؟

ئوفیلیا: لەماڵە، قوربان!



هەملیت: با دەرکی بەسەرەوە داخرا بێ؛ بەشکوو جگە ماڵەکەی خۆی، لە جێگایەکی تردا نەفامی نەنوێنێ.

خودات لەگەڵ!

ئوفیلیا: ئەی خودای مەزن! فریای کەوە.

هەملیت: ئەگەر لەسەر ئەوەی شوو بکەی، ئەو توانجەت خەڵات دەکەم: گەر وەکو سەهۆڵ ساردوسڕ بی، پاک و سپی وێنەی بەفر بی، لە تانەوتەشەر ڕزگار نابی؛ سا خۆ بخە دەیرێ. دەبچۆ خودات لەگەڵ! یان ئەگەر بەنیازی مێرد بکەی، شوو بەنەفامێ بکە؛ چونکە پیاوانی ژیر و وریا باش دەزانن بۆ پاکانەی خۆکردن، چ دەعبایەکیان لێ ساز دەکەن. ڕوو لە دەیرێ بکە، بەپەلە و خێرا. بەسەلامەت.

ئوفیلیا: ئەی هێزەکانی ئاسمانی! دەرمانی بکەن.

هەملیت: سەبارەت بەنەخش و نیگاریشتان بەس بیستوومە. خودا ڕوومەتێکی داون، ئێوە خۆ بەدیمەنێکی تر دەنەخشێنن. بەسەماکردن ڕێ دەکەن، بەلارولەنجەن و پسک قسان دەکەن، لەسەر دەسکردەکانی خودا نێو و نیتکە ساز دەکەن و سووکایەتیتان بەخەلەتی ئاسایی دەزانن. دە بڕۆ، ئیتر من لەسەر ئەو شەرتەم نیم. هەر ئەوە شێتی کردووم. ئەمن دەڵێم ژن و ژنخواز و مێردکردن هەر نەبێ ئەوانەی کە زەماوەنیان کردووە، تازە با بژین؛ جگە لە یەک کەس. پاشمەنەکانیش با وەکو خۆیان بمێننەوە. دەسا ڕوو بکە لە دەیرێک، بچۆ!

*[ هەملیت دەچێتە دەرێ]*

ئوفیلیا: ئاخ، چ بیرێکی بەرز وەها داڕووخاوە. چاو و زمان و شیری دیوەخان و سەربازان و زانایان، هومێد و گوڵی هیوای ئەو وڵاتە

جوانە، ئاوێنەی داب و نموونەی ڕەفتار، چاو ئەنگاوتەی چاو ئەنگێوان، بەتەواوی بەتەواوی، ژاکاوە و منیش ناهەمێ و ناشادترینی ژنان، کەوا هەنگوینی بەڵێنە ستران ئاساییەکانیم بەگیان ئەسمی، ئێستا چاوم لە بەرزە پیاوی وڵاتە کە وەکو زایەڵەی زەنگ خۆش ناکۆک و گڕ زڕەی دێ؛ باڵا و بەژنی بێ وێنەی لاویەتی بەگژەبای لێوەیی هەڵپرژاوە. ئای لە من، چیم دی چ دەبینم!

*[ پاشا و پولونیوس دێنە ژووری]*

پاشا: ئەوین، هەست و هەوای بەو بارەدا ناچەمێ؛ ئەوەش کە ئێژێ – گەرچی تۆزێ نارێکە – لە شێتی ناکا. شتێک لە مێشکی دایە کە پەرۆشییەکەی لەسەری کڕە هەڵیبێنێ؛ بەگومان ئەوەی کە هەڵدێ و دەردەکەوێ مەترسییەک بێ. جا بۆ بەرگریکردنی، بڕیارێکم هەیە کە دەبێ بەپەلە جێبەجێ بکرێ:
دەسبەجێ، بۆ وەرگرتنی پیتاکی دواکەوتوو، ڕوو لە ئینگلیز بەرێ بکەن. بەڵکو زەریا و وڵاتانی جۆربەجۆر بەشتومەکی ڕەنگامەیان ئەو ڕازە داپسکارە لە دڵیدا – کەوا مێشکی دەژەنێ و لە خۆی بردووە – کش بدەن.
ئەتو لەسەر ئەو بڕیارە بیروڕات چییە ؟

پولونیوس: جوان کاری تێ دەکا. بەڵام ئەمن هێشتا لەسەر ئەو باوەڕەم سەرچەمەی پەرۆشییەکەی لە ئەوینێکی ئاوڕ لێ نەدراو هەڵدەقووڵێ. دەی ئوفیلیا چۆنی؟ پێویست ناکا پێمان بڵێی جەنابی هەملیت چی گوت، ئێمە خۆمان هەموومان بیست.
جا قوربان! ئەوەی کە پێتان خۆشە بیکەن؛ بەڵام –ئەگەر بەرێکی دەزانن– پاش دراماکە، با مەلەکەی دایکیشی، لە



پەناوە، لێ بلاڵێتەوە پەژارەکەی بدرکێنێ؛ با ئەویش خەڵوەتێکی لەگەڵ بکا و منیش –لەسەر ئیزنی جەنابت– پاردەیان لێ دەگرم و گشت وتەکانیان دەبیسم؛ جا ئەگەر بۆ ئەویش هیچ دەرنەکەوت، ڕوو لە ئینگلیزی بەرێ بکەن؛ یان لە هەر جێگایەکدا پەسەندی جەنابتانە چوار دەوری بگرن.

پاشا: با وا بێ. شێتی لە گەورە پیاواندا ناکرێ بێ چاوەدێری بەرەڵا بکرێ.

*[ دەچنە دەرێ]*

## شانۆی دوو – هۆڵێ لە قەڵادا

*[هەملیت و سێ یاریکار دێنە ژوورەوە]*

هەملیت: تکاتان لێ دەکەم دیالۆگەکەتان بەو چەشنە کە بەیانم کرد – ڕەوان– بخەنە سەر زمان. بەڵام ئەگەر بەهاوار و دا بیلێن – بەو چەشنە کە زۆربەی نەیارانمان دەیلێن – پێم خۆشتر دەبوو جارچی شار نووسراوەکانمی بخوێندبایەتەوە. ئەوەندەش بەدەسبادان هەوا هەڕە مەکەن. بەڵکو جوان و ژیرانە دەس بگەڕێنن؛ چونکە لە تۆف و لاسامە و –با بڵێین– گێژەڵووکەی هەست و هەوادا ئێوە دەبێ ڕەوتێکی هێمن بگرنە خۆ، کە ئەو هەستە دامرکێنێ. ئای چەند ئازاری گیانم، کە دەبیسم زەلامێکی لەخۆ ڕازی، کڵاو قژ لەسەر، هەست و هانایەک بەهاوار و هەنسک دادڕێ و کوت کوت و پەل پەلی دەکا لەبەرئەوەی کە گوێی چاولێکەران و دانیشتوان بزڕێنێ؛ ئەوانەی کە زۆربەیان هۆگری هیچ نین جگە لە شانۆوەکانی بێ ناوەرۆک و پڕ ئاژاوە. من دەدەم ئەو کابرایە کە دەوری **تیرمەگەنت**[1] دەگێڕێ و هەنگاوی ئەولاتر هەڵدەگۆزێ یان لە **هیرود**[2] هیرودتر خۆ دەنوێنێ شەلاخکاری بکەن. تکایە خۆ لەو ناحەزبیانە بپارێزن.

یاریکار: بەڕێزتان دڵنیا بێ.

هەملیت: بەڵام نەک زۆریش ساردوسڕ بن. ئەوەی کە هەستتان دەجووڵێنێ ڕێنموونتان بێ. جموجووڵتان هاوسەنگی وتوویژتان بێ. وتوویژتان لەگەڵ جموجووڵتان ڕێک بکەوێ. ئەو تایبەتییە سروشتییە

(١) تیرمەگەنت: خواوەندێکی ناوچەی ڕۆژهەڵات لە دراماکانی کۆنی ئاکاریدا کە لە ڕواڵەتی شەیتان دەردەکەوت و هەرا و هاواری زۆری دەکرد.

(٢) هیرود: لە دراماکانی کۆندا بەشێوەی میلودراماتیک – واتە پڕ هەست – دەردەکەوت.



لەبەرچاو بگرن کە لە هەر هەوڵێدا ناوەنجییەکەی پێشێل نەکەن؛ چونکە هەر شتێ لە ڕادە بەدەر نوێنرا لە مەبەستی شانۆکردنەکە دوور دەکەوێتەوە کە ئامانجی – بابڵێین – لە یەکەمین شانۆوە تا ئێستا ئاوێنە گرتنێ بووە و هەیە بەرانبەر بەسروشت. بۆ ڕاست نیشاندانی تایبەتییەکانی، گاڵتە بەوێنەکانی و نواندنی ڕواڵەتی زەمان و شێواز و شوێنەوارەکانی. جا ئەو خۆبادان و خۆلادانە، گەرچی هۆی پێکەنینی ناحاڵییەکانە، قەڵسەی ڕەخنەگیرانە؛ داوەرییەکی ئەوانە دەبێ لە چاوی ئێوەدا قورس و قانجتر بێ لە هی تەواوی جەماوەر. ئاخ، یاریکارانی وا – کە لە دەورگێڕاندا دیومن یان بیستوومن کەسانی تر چەندە بەگوڕ شاواشیان کردوون، – نەک بەوێ زمان بەکوفر بگێرم، بەڵام نە زمان و زاری دینداریان هەیە، نە ڕێگا و ڕەوشتی دیندار، نە کافر، نە ئادەمیزاد؛ هێندە قنجە ڤنجیان کردووە و قیژەیان لێوە هاتووە کە پێم وابووە بەردەس و پاکارەکانی خودا مرۆڤیان خوڵقاندووە؛ جا، نەک ڕێکوپێکیش؛ لاساییەکی زۆر نالەباری مرۆڤ دەکەنەوە.

یاریکار: هیوادارم ئێمە تاڕادەیەک لەو بارەوە ڕێک هاتبێتین، قوربان!

هەملیت: ئا، ڕەبەق ڕێک بن. ئەوانەی کە دەوری ڕشخەنجاڕ دەگێڕن، زیاتر لەوی کە بۆیان دانراوە، نەدون؛ نەک خۆیان بەخۆ پێبکەنن لەبەرئەوەی کە ژمارەیەک چاولێکەری ناحاڵی پێبکەنێنن؛ گەرچی پێویستییەکانی شانۆش دەبێ لەبەرچاو بگیردرێ. بەڵام ئەوە ناشیرینە و نیشاندەری ئاواتێکی خوارەڵۆکانەیە لەو گاڵتەچییەدا کە دەکاری دێنێ. دەبچن خۆ ئامادەکەن.

*[یاریکاران دەچنە دەرێ]*

*[پولونیوس، روزینکرانتز و گیلدینیستیرن دێنە سەر شانۆ]*

دەی، ئاغا! پاشا مەیلی لەسەر بیستنی ئەو درامایە هەیە؟

پولونیوس: مەلەکەش هەیەتی و ئەوا ئامادە دەبن.
هەملیت: فەرمان بدە یاریکەران پەلە بکەن.

*[ پولونیوس دەڕوا]*

تکایە ئێوەش یارمەتی بدەن پەلەیان لێ بکەن.
هەردووکیان: بەچاوان، قوربان!

*[ دەچنە دەرێ]*

هەملیت: ها، لە کوێ دای هورەیشیو!

*[ هورەیشیو دێتە ژوورێ]*

هورەیشیو: لێرەم، گەورەی خۆشەویست! لە خزمەتدام.
هەملیت: هورەیشیو! ئەتو تاکە پیاوێکی پاکی قسەم لەگەڵ کردووە.
هورەیشیو: نا، قوربان!
هەملیت: نا، وانەزانی خوڵتەت پێ دەکەم؛ ئاخر ئەمن چ نیازێکم هەیە تکاکاری تۆ بم. ئەتۆ چ دەسکەوتێکت هەیە بۆ خواردن و جلوبەرگت جگە لە ڕوحی خاوێنت؟ خوڵتە بەنەدار بۆ بکرێ؟ نا، با هەر زمانی شیرینکراو خوانچە و خەڵات بلێسێتەوە و جومگەی خڕی زرانی لەوێدا خوڵتە خەڵات دێنێ دەچەمێتەوە. گوێت شلە؟ لەو کاتەوە ڕوحی ڕەوانم بوو بەعازەوەژن و هەستی دیاریکردنی لێ دەرکەوت، لەنێو پیاواندا مۆری هەڵبژاردووی لەسەر تۆ داناوە. چونکە تۆ پیاوێکی لەوپەڕی ڕەنجدا، ڕەنجت نەنواندووە؛ بۆ خەم و خەڵاتی ڕۆژگار یەکسان شوکرت کردووە. سەربەرز ئەوانەی کە هەست و هۆشیان وا جوان تێکهاڵاوە کە نەبوونەتە شمشاڵ بۆ قامکی ڕۆژگار و بەکەیفی ئەو سۆزیان لێوە بێ. ئەو پیاوەم پێ بناسێنە خولامی هەوا و هەستی نەبێ، تا لە ناخی دڵمدا جێ بکەم؛ ئەرێ، لە دڵی دڵمدا، هەروەها کە تۆم داناوە. با لەو بارەوە بەس بێ! ئەمشەو لە پێش چاوی پاشا شانۆیەک دەگێڕدرێ.



بەشێکی دەقی ئەو مەسەلەیە کە پێم گوتی. چۆنیەتی مەرگی بابم. تکایە، کاتێ ئەو بەشە دەبینی، بەچاوی گیان چاو لە مامم دابڕە. ئەگەر سووچە شاراوەکەی لە بیستنی یەک دیالۆگ خۆبەدەستەوە نەدا، ڕۆحێکی شەیتانیمان بینیوە و خەیاڵەکانی من ڕەش و پیس وەکو کوورەی **ڤولکان**ە (ئاگر و ئاسنگەری). زیت سەرنجی بدە. ئەمنیش چاوم بەڕوومەتیدا دەدووریێم. پاشان پێکەوە داوەرییەکانمان سەبارەت بەڕوو و ڕواڵەتی لێک دەدەینەوە.
هورەیشیو: باشە قوربان، ئەگەریش لە کاتی شانۆگێڕانی دراماکەدا بتوانێ شتێک بدزێتەوە، ئەمن تاوانی ئەو دزینەوەیە دەدەم.

*[ دەنگی گرووپی موزیک، دهۆڵ و ترومپیت ژەنانی سروودی دەنمارکی دێنە ژوورێ*

*پاشا، مەلەکە پولونیوس، ئوفیلیا، ڕوزینکرانتز، گیلدینیستیرن و پایەبەرزانی تر لەگەڵ کۆمەڵێ چرا بەدەستی پارێزەری پاشا دێنە ژوورێ]*

هەملیت: ئەوا دێن بۆ دراماکە. من دەبێ خۆ گێژ و وڕ بنوێنم؛ تۆش جێگایەک بۆ خۆت خۆش بکە.
پاشا: برازامان هەملیت چۆنە؟
هەملیت: زۆر چاک. سوێندە، لە سفرەی سووسەماری حەوت ڕەنگ هەوای پڕ هومێد دەخۆم؛ کەڵەشێری ئەختەش وەها دان نادەن.
پاشا: ئەو وەڵامە چی بەسەر پرسیارەکەی من داوە، هەملیت! ئەو قسانە قسەی من نین.
هەملیت: نا، ئیتر هی منیش نین. [*ڕوو لە پولونیوس*] ئەرێ جەناب! ئەتو جارێک لە زانکۆدا دەورت گێڕاوە، خۆت گوتت؟
پولونیوس: وایە قوربان! بەیاریکارێکی قەوەتیش دەرچووم.
هەملیت: چ دەورێکت گێڕا؟

پولونیوس: دەوری ژۆلیوس سیزار؛ لە **کاپیتۆڵ**دا کوژرام؛ **بروتوس** کوشتمی.

هەملیت: لە دڕندەخویی بووە وەها گۆڕێکی گەورەی کوشتووە. یاریکاران ئامادەن؟

ڕوزینکرانتز: ئا، قوربان؛ چاوەڕێی فەرمانی جەنابتن.

مەلەکە: وەرە ئێرە. هەملیتی خۆشەویست! لە تەنیشتم وەرنیشە.

هەملیت: نا، دایکی باشم؛ ئەم جێگایە دڵڕفێنترە [*لە تەنیشتی ئوفیلیا*].

پولونیوس [*لەبەرخۆیەوە ڕوو لە پاشا*]: هەی! هەی! گوێتان لێیە؟

هەملیت [*ڕوو لە ئوفیلیا*]: خانم، دەکرێ لەسەر ڕانت ڕاکشم؟

ئوفیلیا: نا، قوربان!

هەملیت: مەبەستم، سەرم لەسەر ڕانت بێ؟

ئوفیلیا: ئا، قوربان!

هەملیت: پێت وایە مەبەستی ناحەزم هەبوو؟

ئوفیلیا: ئەمن هیچ نازانم، قوربان!

هەملیت: ڕاکشان لەنێو لنگانی کچاندا خۆشە.

ئوفیلیا: چی، قوربان؟

هەملیت: هیچ.

ئوفیلیا: سەرخۆشی، قوربان!

هەملیت: کێ، ئەمن؟

ئوفیلیا: بەڵێ، قوربان!

هەملیت: ئای خودا، تاکە ڕشخەنجارەکەی تۆم. جا پیاو سەرخۆشیش نەبێ چ بکا؟ ئەی بۆ چاو لە دایکم ناکەی چەندە بەکەیفە، لە حاڵێکدا باوکم دوو سەعاتە مردووە.

ئوفیلیا: نا، زۆر زیاتر؛ دوو مانگە، قوربان!



هەملیت: هەیهوو چەندە لەمێژە؟ کەوابوو شەیتان دەبێ ڕەشپۆش بێ، ئیتر من جل لە پێستی سەمۆرە دەکەم.

ئەی خودا! دوو مانگە مردووە و هێشتا لەبیر نەکراوە؟ سا جێی ئومێدە یادی پیاوێکی مەزن نیوەساڵێ بمێنێ. بەڵام بەخودای، دەبێ کەلیسە ساز بکا؛ دەنا ڕەنجی لەبیر نەمان، لەگەڵ **ئەسپە چێوینە** دەکێشێ و لەسەر زێدەکەیەوە دێڕی «ئاخ! ئاخ! ئەسپە چێوینە لەبیر کرا» هەڵدەکرێ.

[*شەیپور و دووزەلە دێنە دەنگ. شانۆیەکی بێ دەنگ دەگێڕدرێ*]

*پاشایەک و مەلەکەیەک بەئەوین نواندنێکێ زۆر بەیەکتر دێنە سەر شانۆ. مەلەکە، دەس لە ملی پاشا دەبێ. چۆکی لەبەر دەدا و قووڵایی هەستی پێ دەنوێنێ. پاشا ڕایدەوەستێنێتەوە؛ سەر لەسەر شانی دادەنێ و پاشان لەسەر باخچە گوڵێ ڕایدەکێشی. کە خەو دەیباتەوە، مەلەکە خۆ دەکێشێتەوە و بەجێ دێڵێ؛ جا پیاوێ دێتە ژوورەوە؛ تانجەکەی پاشا لەسەر دەکاتەوە. ماچی تاج دەکا و لە گوێی پاشا ژاراو دەڕێژێ و دەچێتە دەرێ. مەلەکە دێتەوە؛ کە پاشا مردوو دەبینێ، دەس دەکا بەخۆ ڕنین. کابرای ژەحرچی، هاوڕێی دوو سێ پیاوی لاڵ، دێتەوە. لەگەڵ مەلەکە ڕۆ ڕۆ دەکەن. تەرمی پاشا لە شانۆ دەردەخەن. کابرای پیاوکوژ - دیاری و خەڵات لە دەس - ڕوو لە مەلەکە دەکەوێتە مۆزە مۆزکردن. مەلەکەش لالووت و بێ هەست خۆ دەنوێنێ، زۆر ناخاینێ و لە ئاکامدا دەستی ئەوینخوازی کابرا دەگوشێ].*

[*شانۆ چۆڵ دەکەن*]

ئوفیلیا: ئەو کارانە مانای چ بوو؟ قوربان!

هەملیت: «الخانة في الخفاء»؛ مانای پۆخڵکارییە لە پەناوە.

ئوفیلیا: گومان، ئەو شانوە مەبەستی دراماکە پیشان دەدا.

*[وتاربێژ دێتە سەر شانۆ]*

هەملیت: لەم کابرایە تێدەگەین. یاریکاران شاردنەوەیان پێ ناکرێ؛ هەموو شتێک ئێژن.

ئوفیلیا: پێمان دەڵێ مانای شانوەکە چ بوو؟

هەملیت: ئا، یان هەر شێوەیەکی تر کە پێ بنوێنی. ئەتۆ شەرم مەکە لە خۆنواندن، ئەویش شەرم ناکا و پێت دەڵێ مانای چییە.

ئوفیلیا: ئەتو هاری، هار! من شانوەکە چاو لێ دەکەم.[١]

وتاربێژ: وا ئێمە و ئەوەش تراژیدیمان پانتە دەکەین بۆ لێبووردنتان تکایە هێمن گوێ بگرن بۆمان.

هەملیت: ئەوە وتاربێژی بوو یان دروشمی سەر گۆڕەپان؟

ئوفیلیا: کورت بوو، قوربان!

هەملیت: وەکو خۆشەویستی ژنان.

*[دوو یاریکار دێنە ژوورێ؛ پاشایەک و مەلەکەیەک]*

پاشا: سیی جار تەواوە گاریەی **فیبوس**[٢]
لە دەوری شۆڵاۆ **نیپتون**[٣] و **تیلووس**[٤]

---

(١) لە دەقە ئینگلیزییەکەیدا hoppy - horse هاتووە و ئاشیرەت بەکوڵە چێوێکە؛ وەکو ئەوەی کە منداڵان سواری دەبن و لاسایی سواری دەکەنەوە. کە لە سەما و گۆبەنی ڕۆژی مۆریسی مانگی مەیدا سواری دەبوون بۆ ڕەخنە لە بەحەرام زانینی سەیر و سەفا لەسەر باوەڕی پیۆریتەنەکانی ئایینی مەسیح. لە زمانی ئەوڕۆکەی ئینگلیزیدا hoppy - horse بەمانای بیروڕای تایبەتی مرۆڤە کە لەسەری زۆر سوور بێ.

(٢) فیبوس: هەتاو.

(٣) نیپتون: زەریا.

(٤) تیلووس: زەوین.



وا هەڵسووڕاوە،
سی دوازدە مانگیش تیروژ و تیشکی هەتاو قەرز دەکەن
تا دوازدە سی جار لە دەورەی جیهان خۆیان با بدەن.
هێشتا هەر دڵمان ئەویندار یەکە و
**هایمین**[١] دەسمانی بەدەسبینکی دین
توند گرێ داوە.

مەلەکە: با هیندەی تریش خۆرەتاو و مانگ لەسەر ئەوینمان خۆ هەڵسووڕێنن.
بەڵام ئای لە من!
لەمێژە ڕەنجووری؛ زۆر لە کەیفەکەی جارانت دووری،
ئەوەیە هێندە بۆت پەرۆشاوم.
بەڵام، گەرچی من وا داگیراوم،
گەورەم!
هیچ نییە،
ڕادەی ترس و عەشق لەنێو ژناندا ئەندازەی نییە؛ یان هەر نیانە،
یان پڕ گیانیانە. ئێستا ئەوینم لە ئاستت چەندە، پێت سەلمێنراوە؛
ئەوینم لەلات چ ئەندازەیە
ترسیشم وایە و هەر بەو ڕادەیە.
لە کوێیدا ئەوین بەرز خۆ دەنوێنێ
شک و -دوودڵی با زۆر کەمیش بێ- هەر ترس دەنوێنێ.
لە کوێدا ترس کەم و زۆر دەبێ، ئاوازی ئەوین بەسۆزتر دەبێ.

پاشا: بەئایین سوێند، دەسەڵاتی ژین،
- ئەی ئەوینەکەم! -

---

(١) هایمین: ژیانی هاوبەشی.

لە لێم بڕاوە،
فرەی نەماوە هێز و بڕستی ئازام نەمێنێ
گیانم ساکن بێ لە ڕووی دونیاوە.
جا تو،
پاش مەرگم
لە دونیای جوانی
مێردێکی گەورە، دڵۆوان و مەرد
دیاری بکە
بەدەزگیرانی.
مەلەکە: ئای توخوا بەس کە!
وەها ئەوینێ
لە دڵی مندا
گەر نیازیش بێ
هەر خەیانەتە.
دووەم شووکردن
بەلای منەوە
وەک جەنایەتە.
کەس دووەم ئاهەنگ زەماوەن ناگرێ
مەر یەکەم دڵی بەدەسی بمرێ.
هەملیت [*لە پەناوە*]: هەی کاڵەکەمارانە، کاڵەکەمارانە!
مەلەکە: هۆی مێردی دووەم هەر ماڵ و موڵکە
نەک بۆ ئەوینە.
مێردەکەی مردووم زیندوو بێتەوە و دیسان بیکوژم
گەر ماچی مێردی دووەم لێم کەوێ و لێوی بمژم



پاشا: گومانم نییە ئەوەی کە دەڵێی قووڵایی بیرتە،
بەڵام جاروبار
ئەوەی بەڵێنە و لە زاری دێنین،
بۆمان نارەخسێ، ناچار دەیشکێنین.
پەیمان خولامی حافزە و بیرە
پتەو دەبەسرێ، خۆ ڕانەگیرە
وەکو مێوەی کاڵ
چۆن تون خۆ دەگرێ بەلق و پەلکا
بەڵام کە گەیشت، بێ شەکانەوە
لێ دەکەوێت و لق لەبیر دەکا؛
ئێمەش هەروەها
ئەو مەبەستەی وا لەسەری سوورین جێبەجێ بکەین،
لێمان دەکەوێ و لەبیری دەکەین.
ئەوەی کە لەسەر هەست و هەواوە بەڵێنمان داوە
کە هەست دامرکا بەڵێنەکەیشی وا بەسەر باوە.
لافاوی خەم و خۆشی کە هەستا
هۆی خەم و خۆشیش لەگەڵ خۆ دەبا.
لە کوێدا شایی ڕوومەت دەردەخا
خەم ئازیەتبارە و هەنسکی دەدا
کە خەم سەرخۆشە، شایی خەمینە
هات و نەهاتی بێ بایی ژینە.
نە ئەم جیهانە بێ بڕانەوەس
نە دڵ گۆڕانمان بەپێی چارەنووس، شتێکی تازەس؛
تەنیا پرسیارێ کە ماوەتەوە و وەڵامی نییە:

ئاخۆ ئەوینە وا چارەنووسمان لە دوو دەکێشێ
یان چارەنووسە بەهەوسارەکەی ئەوین دەکێشێ؟
گەر بەرزە پیاوێ سەرگەردان ببێ
کەسوکاری لێ ڕووگەردان دەبێ
هەژار گەر هەلی جوانی بۆ ڕەخسێ
دوژمنانیشی دەبن بەدۆسێ؛
بۆیە وا دیارە
ئەوین لە کۆڵی چارەنووس سوارە،
چونکە بێ نیاز بێ یار ناکەوێ
ئەوەش بەنیازە
گەر دەستی بێ کەڵک بۆ یار داکێشێ
ڕاستەوخۆ دوژمن بۆ خۆ دەتاشێ.
جا، بچینەوە سەر مەبەستەکە؛
ئەوەی ویستمانە و
ئەوەی بەشمانە
هیندە ئاوەژوو ڕێگا دەپێون،
ڕا و ڕاوێژمان لێ وەردەگێڕن.
بیروبڕوامان هەر لە خۆمانە
بەڵام ئاکامی جگە لەوەیە کە ویستوومانە.
جا تۆ پێت وایە قەت ناکەی شایی دووەم مێرد بگری؛
بەڵام کە ئاغای یەکەمت بمرێ
ئەو بیروبڕوا لە دڵت دەفرێ.
مەلەکە: زەوی خواردن و ئاسمان هەتاوی
لێم حەرام بکەن،



شەو ڕۆژ خۆشی و خوەڕاسەم لێ کەن،
هومێد و هانام هەمووی ڕوو بکا لە پەرێشانی،
تەنیا و تاق ڕوانگەم دار و دیوار بێ وەکو زیندانی
نامەتی - کە ڕوو لە خۆشی بکا ڕەنگی لێ دەبڕێ - ڕوو بکا لە ژینم،
چم بۆ نەهێڵێ لە زیندگانی، بەیەکجار بڕمێ پەردوو و پەرژینم.
نەگبەتی -شوێنم، نەک لەم دونیایە- لە قیامەتیش بەرنەدا ئەگەر،
پاش بێوەژنی قەت شوو بژینم.
هەملیت: بگرە هەر ئێستا پەیمان بشکێنی!
پاشا: سوێندێکی قورسە.
ئازیزم! دەمێ وازم لێ بێنە تەنیا بمێنم.
ڕۆحم گیراوە، بەش بەنوستنێ زووخ و زاخ ڕۆژم بخلافێنم.
مەلەکە: با خەو جۆلانەی کیانت بجوێنێ.
*[پاشا دەنوێ]*
یاخوا ناکۆکی هەرگیزاو هەرگیز بەینمان نەشوێنێ.
*[دەچنە دەرێ]*
هەملیت [*ڕوو لە دایکی*]: خانم! ها، ئەو شانۆوەت پێ چۆن بوو؟
مەلەکە: پێم وایە، ژنەکە سکاڵای زۆری دەکرد.
هەملیت: با، بەڵام لەسەر بەڵێنیەتی.
پاشا [*ڕوو لە هەملیت*]: ئەو وتارەت بیست؟ بێ حورمەتی تێدا هەست نەدەکرا؟
هەملیت: نا، نە! هەر تەوزە و حەنەک بوو؛ تەوزەیەک ئاوێتەی تاڵی؛ هیچ بێ حورمەتی نییە.
پاشا: ئەتو چ نێوێ لەسەر ئەو شانۆیە دەنێی؟

هەملیت: تەڵە مشک، ئا، جا چۆن؟ بەشێوەی دیالۆگ، ئەو درامایە
وێنەیەکە لە پیاوکوژییەک لە **ڤیێن**دا.
گوانزاگو نێوی سانەکەیە؛ ژنەکەشی باپتیستایە، ئێستا دەیبینن.
پۆخڵی و پیسییەک دەنوێنێ؛ بەڵام چ مەسەلەیەکە؟ جەنابتان و
ئێمە کە ڕوحمان خاوێن و پاکە، پێمانەوە نالکێ. با ماینە پیری
لێکەوتوو سڵ بکا، ئەسپە کوێتی ئێمە بەکارە.

*[لوسیانوس دێتە ژوورێ]*

ئەمە لوسیانوسە، برازای پاشا.
ئوفیلیا: ڕاڤەکارێکی باشی، قوربان!
هەملیت: بگرە بمزانیبا نێوانی تۆ و ئەویندارەکەت، چۆنە ئەگەر
بووکڵەگێڕکانم بدیبا.
ئوفیلیا: چزداری، چزدار.
هەملیت: زیرەت لێوە دێ گەر چزەکەم دەرکێشی.
ئوفیلیا: ئای، ئای، تیژتر و تاڵتر.
هەملیت: **خاس یان خراپ دەبێ میرەکانتان ڕاگرن**[1].
دەی! دەس پێ بکە، هەی پیاوکوژ. چەپەڵ. گوم کە ئەو ڕەنگە
هەرمەتکراوە و دەس پێ بکە!
زووبە! قەلەکە لە ژێرەوە قرقرێنییەتی بۆ تۆڵە.
لوسیانوس: بیرم ڕەش هەڵگەڕاوە،
قولەکانم هەڵداوە،
ژەحراوم گیان سڕ دەکا
کاتژمێر خۆ خڕ دەکا
کات ئارام و هێمنە

(١) ئاماژە بەو پەیمانەیە کە لە ئاهەنگی دەسپێکردنی ژیانی هاوبەشیدا دەگوترێ.



گیاندار لە چاوم ونە
ئەو ژەحرەم پێکهێناوە
لە گیایەکی بێ ناوە
لە بن ڕەشی ڕواوە
خودای نفرین و نوورە
**هیکات**[1]ی دژ و توورە
سێ جار سیحری کردووە
کە گیای بیسمێ مردووە

*[ژەحرەکە لە گوێ «نەخشگێڕی پاشا» دەکا]*

هەملیت: لە باخەکەیدا بەتەمای تەخت و تاجەکەی، ژاراژنی کرد؛ نێوی **گونزاگو**ە. ئەو چیرۆکە هەر ماوە. بەزمانێکی جوانی ئیتاڵی نووسراوە. جا ئێستا دەبینین چۆن پیاوکوژەکە دڵی ژنەکەی **گوانزاگو**ش دەرفێنێ.
ئوفیلیا: پاشا هەستاوە.
هەملیت: بۆ، لە ئێرەکلێ ترسا؟
مەلەکە: قوربان! بۆ وا تێکچووی؟
پولونیوس: شانۆوەکە ببڕن.
پاشا: شوڵەیەکم بۆ هەڵکەن، دە بچن!
هەمووان پێکەوە: چرا، چرا، چرا!

*[هەموو شانۆ چۆڵ دەکەن جگە لە هەملیت و هورەیشیو]*

هەملیت: با ئاسکی زامار بارە بارِ بکا
کەڵی نەپێکاو بۆ خۆی غار بکا

(١) هیکات: دۆزەخ.

کۆمەڵێ لە خەو، چەند چاوکراوە
چەپگەردی گەردوون هەروا سووڕاوە

باشتر نەبوو، ئاغا! کە بەخت وەها کەچمەداریم لەگەڵ دەکا، هەندێ پەلوپۆ و دوو پێڵاوی ڕەنگامەی گوڵەنگدارم لەپێ بکردبای و هاودەنگی ئەو یاریکارانە بوایەم.

هورەیشیو: نیوە بەشێکیش لە دەسکەوتیان.

هەملیت: هەمووی هەر بۆ من!

چونکە دەزانی، **دامون**(١)ی برا!
**ژوپیتر**(١) لە تانج و تەختی کرا
ئێستا لێرەدا کەسێ کەوتووە سەر
لە ئینسان ناکا زۆر دەکا لە...
**تاوس**(٢)

هورەیشیو: دەکراش پاشڵەکەی ڕێک بخەن.

هەملیت: ئای، هورەیشیوی هێژا! قسەی ڕۆحەکە بەهەزار پاندی ئینگلیزی دەکرم. تێگەیشتی قسەکانی ڕاس بوو؟

هورەیشیو: زۆر باش، قوربان!

هەملیت: لەو کاتە باسی ژەحراژن کردن بوو؟

هورەیشیو: زۆر چاکم لەسەر سەرنج دا.

---

(١) دامون و پیتیاس دوو دۆستی گیانی لە ئەفسانەکانی کۆنی یۆنان بوون؛ کاتێ کە حوکمی مەرگی پیتیاس لە لایەن خونکارەوە دەردەچێ، داوای دەرفەتێک دەکا بۆ ڕێکوپێککردنی کاروباری بەرلەوەی بمرێ کە دامون حازر دەبێ گەر نەگەڕێتەوە لە جێگای بکوژرێ.

(٢) تاوس: بۆ پاشڵەی ئەو شیعرە نابێ. هەملیت نایەوێ وشەی کەر (ass) دەکار بێنێ؛ بۆیە پاشڵەی فیدای مانا کردووە و تاوسی هێناوە کە ڕەنگ دەگۆڕێ.



هەملیت: جا، وەرن، بۆ بەشێکی موزیک. وەرن، باڵەبانەکان!

پاشا لە تەوزە ئەگەر بێزارە
بەشقی خودا سا، مەیکەن نابارە
وەرن، بۆ پارچەیەکی ئاواز.

*[ ڕوزینکرانتز و گیلدینیستیرن دێنە ژوورێ ]*

گیلدینیستیرن: سەروەری بەڕێز! وتەیەکی کورتم لە خزمەتتان هەیە.

هەملیت: کوڕە، قوربان! تەواوی مێژووم بۆ نەقڵ بکە.

گیلدینیستیرن: پاشا، قوربان!

هەملیت: ئادەی، جەناب، چییەتی؟

گیلدینیستیرن: لە خەڵوەتەکەی دایە. زۆر تێکهاڵاوە.

هەملیت: لە خواردنەوە، ئاغا؟

گیلدینیستیرن: نا، قوربان! لە زرز و زراو.

هەملیت: ئاوەزت دەشێ ئاورینگدارتر خۆ بنوێنێ و بەپزیشکەکەی ڕاییگەینێ؛ چونکە، ئەمن، گەر بمەوێ دەرمانی گیانی بکەم، بگرە خنکاوی زراوی بکەم.

گیلدینیستیرن: سەروەری هێژام! شێوەیەک بەئاخاوتنتان بدەن و هیندە سەربزێوانە لەو ئەرکەم سڵ مەکەن.

هەملیت: ئەمن کەویم، ئاغا! زمان بگەڕێنە.

گیلدینیستیرن: مەلەکە -دایکتان- ڕوحی زۆر شڵەژاوە و بەڕێی کردوومە خزمەتتان.

هەملیت: بەخێرهاتی.

گیلدینیستیرن: نا، سەروەری باشم. ئەو ڕیزگرتنەتان لە ڕەوتێکی ڕاست نییە. ئەگەر لەسەر ڕەزامەندی وەڵامێکی بێ تۆکڵ و پوختەم دەدەنەوە، فەرمانی دایکتان ڕادەگەیێنم؛ دەنا داوای لێبووردن و گەڕانەوەم دوایی ئەرکمە و لای ئێوە خۆش.

هەملیت: ناتوانم، ئاغا!
گیلدینیستیرن: چی، قوربان؟
هەملیت: وەڵامی جوانت بدەمەوە؛ بیرم لێ بڕاوە. بەڵام، ئاغا! تا ئەو جێگایە پێم بکرێ وەڵامی ئەوتۆت دەدەمەوە،
جا فرمانت چییە؛ بەقسەی تۆ، فەرمانی دایکم چ بێ؟ کەوابوو بێ درێژەدان، ڕاست بچووە سەر مەسەلەکە.
دایکم... دەی تۆ بێژە.
ڕوزینکرانتز: ئا، وا باشە؛ دەڵێ ڕەوت و کەوتی جەنابت تووشی دامان و سەرسووڕمانی کردووە.
هەملیت: ئەی کوڕی ئازا! کە دەتوانی وا سەر لە دایکت بشێوێنی! بەڵام ئاخۆ لە پاڵ پاژنەی پەرۆشاوی ئەم دایکە پاشکەوتێکی تر نەبێ؟ پێم بڵێ.
ڕوزینکرانتز: پێی خۆشە لە ژوورەکەیدا - بەر لە نوستنی جەنابت - قسەتان لەگەڵ بکا.
هەملیت: ئێمەش فەرمانبەرین، ئەگەر نە یەک جار، دە جاریش دایکمان بوایە. فرمانی تریشتان لەگەڵ ئێمە هەیە؟
ڕوزینکرانتز: قوربان! سەردەمێ زۆرتان خۆش دەویستم.
هەملیت: ئێستاش هەر. بەسەر ئەم قامکە قەپێنەر و قەمکانە.
ڕوزینکرانتز: کەوایە، قوربان، هۆی ئەو ناکۆکییەتان چییە؟ بێ گومان دەرکی سوکنایی گیان بەسەر خۆتانەوە دادەخەن، ئەگەر خەمی دڵ لە دۆس و یارتان بشارنەوە.
هەملیت: جەناب! هێزی پێ هەڵگۆزانم نییە.
ڕوزینکرانتز: چۆن شتی وا دەبێ؟ نەبوو کە جەنابت لە پاشا، خۆی، بیستت جێگری پاشایەتی دەنمارکی؟



هەملیت: با، قوربان! بەڵام «چووزەی کەما دیارە» مەتەڵێکی لەمێژینەیە.
*[ یاریکاران بەئامێرەکانیانەوە دێنە ژوورێ]*
ها، ئامێرەکان، دادەی یەکێکم بدەنێ، بزانم! [ڕوو لە ڕوزینکرانتز و گیلدینیستیرن] ئەرێ خۆمانین، بۆ ئەوەندە پێدا دەچن بزانن چ هەوایەکم لە دڵ دایە؛ نەکا بەرەو داو و تەڵەکەم هان بدەن؟
گیلدینیستیرن: نا، قوربان! ئەگەر ئەرکەکەم ڕووی داماڵڕاوە لەبەرئەوەیە خۆشەویستییەکەم پەتی بڕاوە.
هەملیت: چاکی تێناگەم. دەکرێ تۆزێ ئەم شمشاڵە بژەنی؟
گیلدینیستیرن: قوربان! ئەمن نازانم.
هەملیت: تکا دەکەم.
گیلدینیستیرن: بڕوام پێ بکەن، نازانم.
هەملیت: لێت دەپاڕێمەوە.
گیلدینیستیرن: هەر نازانم چۆنی لە دەس بگرم، قوربان!
هەملیت: بەئاسایی درۆکردنە. بەقامک ئەو کونانە ڕاگرە، بەدەم تێ توورێنە و ئاوازی جوانی لێ دەردێ.
چاو! ئەوا کونەکانیەتی.
گیلدینیستیرن: بەڵام ناتوانم بەوانە نەغمەیەک ساز بکەم. شارەزا نیم.
هەملیت: کەوابوو سەیر بکە، ئەتۆ چەندە بە شتێکی بێ بایەخم دەزانی! دەمژەنی و وا دەنوێنی لە کون و قوژبنی گیانم دەزانی؛ نهێنی دڵم دەدرکێنی؛ نوتی دەنگی نزم و نهێنیم دەزرێنی، کەچی ئەم ئامێرە بچووکە، پڕ لە دەنگی ناسک و جوانە و ناتوانی لێ داکێشی. بەڕاستی پێت وایە لەو ئامێرە کەمتر و ئاسانترم بۆ ژەنین؟ بەهەر ئامێرێکم دەزانی، بزانە؛ گەر زەخمە و زامیشم لێ دەی ، ناتوانی بمژەنێ و دەنگم لێ بێنی.
*[ پولونیوس دێتە ژوورێ]*

مەرحەبا ، جەناب!

پولونیوس: قوربان! مەلەکە دەیانەوێ هەر ئێستا قسەتان لەگەڵ بکەن.

هەملیت: ئەو پەڵە هەورە لەو پەڕەوە سەیر دەکەی، ڕادەیەک لە وشتر ناکا ؟

پولونیوس: ئەو کۆمەڵە ؟ با ، لە وشتر دەکا بەڕاستی.

هەملیت: پێم وایە لە سمۆرە دەکا .

پولونیوس: ئا ، وەکو سمۆرە کووری کردبێ.

هەملیت: یان وەکو نەهەنگ وایە.

پولونیوس: زۆر لە نەهەنگ دەکا .

هەملیت: کەوابوو دەسبەجێ دەچمە لای دایکم؛ خەریکە بەتەواوی شێتم بکەن. هەر ئێستا هاتم.

پولونیوس: ئەوا ڕایدەگەیێنم.

*[ دەچێتە دەرێ]*

هەملیت: [دەسبەجێ] گوتنی ئاسانە... هاوەڵان! لام چۆڵ کەن.

لەم کاتە سیـحراوییەی شەودا کە گۆڕەخانـەکان باوێشک دەدەن و زاریان دادڕاوە، کە دۆزەخ هەناسەی گەنی گوناکاری بەسەر ئەرزدا پفدراوە، ئێستـا دەتوانم خوێنی گەرم بمژم و وەها هەوڵێکی هەژێن بدەم کە ڕۆژ چاوی لێ کردەوە، بلەرێتەوە. جارێ هێمن بە! ئێستا بۆ لای دایکم بچم. ئەی دڵ! نەکا سروشتت بدۆڕێنی؛ قەت نەکەی ئیزن بدەی ڕوحی **نیرو**[١] سینگی پتـەوم کون بکا. با دڕ بم، نەک دڕندە. بەزمانی خەنجەر لەگەڵی بەقسە دێم بەڵام دەکاری ناهێنم. با زمان و ڕوحم لەم بارەوە دوڕاز بن. با بەقسەکانم پڕ شەرمەزار ببێ، بەڵام مۆری دەسکردنەوەیان قەت لەسەر دانانێم. ئەی ڕوح! ئارام.

*[ دەچێتە دەرێ]*

---

(١) نیرو: ئەمپراتۆری ڕۆم کە دایکی خۆی -ئاگریپینا- لە گیان بێوەر کرد.

## بەشی سێ – ژووری لە قەڵادا

*[ پاشا ، ڕوزینکرانتز و گیلدینیستیرن دێنە سەر شانۆ]*

پاشا : خۆشم ناوێ و بێ مەترسیشی نازانم لەگەڵ ئێمەدا بمێنێتەوە و واز بێنین شێتییەکەی شەماڵە بکا . کەوابوو خۆ ئامادە بکەن. ئەمن فەرمانەکەتان دەسبەجێ دەدەم؛ ڕوو لە ئینگلیز لەگەڵ ئێوە بەڕێ دەکەم. بارودۆخی پاشایەتیمان هەڵناگرێ مەترسییەکی وامان لە بنچەکدا بێ کە سەعات نە سەعات شێتییەکەی بڵاوە دەکا .

گیلدینیستیرن: خۆ تەیار دەکەین. دڵ پەرۆشییەکی ئایینی و خودا پەسەندانەیە بۆ پاراستنی ئەو هەموو کەسەی لە ژێر سێبەری پاشایەتی جەنابتاندا دەخۆن و دەژین.

ڕوزینکرانتز: ژیانی تایبەتی و تاکانەی هەرکەسێ بەهێز و توانی بیریەوە دووراوە، کە خۆ لە تووشبوون بپارێزێ؛ بەڵام گرینگتر ئەو گیانەیە کە لەسەر ئاسایشییەوە، ئارامی و هێمنی ژیانی میللەتێکە. فەوتانی پاشایەک تەنیا مردنی خۆی نییە؛ بەڵکو وەکو لافاوە چ لە دەوروبەریدا بێ دایدەماڵێ. کەمەیەکی کەڵێنە کە لەسەر ترۆپکی بەرزترین چیاوە هەڵواسراوە و بەلقوپۆپەوە وردەڵە و وردەڵانە بەهەزار ئاوێزانە؛ کە تل بووەوە، ئەنجامەکەی زۆر گرانە. هەر پرکێکی پێ بەسراوی پاشینەکەی هەر نەمانە. قەت پاشایەک بۆ خۆی ئاخ هەڵناکێشێ هاواری جەماوەرێکی لەگەڵ نەبێ.

پاشا : خۆ خڕکەن، تکایە؛ بۆ ئەو سەفەرە بێ درەنگە؛ چونکە دەبێ ئەو زەنەقبەرە – وەها خۆڕایانە هەنگاو هەڵدەگرێ – زنجیر بکەین.

پێکەوە: پەلەی بۆ دەکەین

*[ هەردووکیان دەچنە دەرێ، پولونیوس دێتە ژوورێ]*



پولونیوس: قوربان! ئەوا بۆ ژووری دایکی دەڕوا. ئەمن خۆ لە پاڵی پاردەوە دادەگرم باسەکە ببیسم. گومانم نییە زۆری سەرکۆنە دەکا . جا لەسەر فەرماوای جەنابت –کە زۆریش ژیرانە بێژی بوو– لەو چاوپێکەوتنەدا دەبێ – جگە لە دایکی، کەسی تریش بەگوێ بێ؛ چونکە سروشتی دایک و زارۆیی دوور نییە ڕێکییان بێنێ. با وتووێژیان لە کونجێکەوە ببیسرێ. لای جەنابتان خۆش، سەروەرم. ئەمن پێش لەوەی بۆ نوستن بچن، بەخزمەت دەگەم و چم دەزگیر بێ ڕایدەگەیێنم.

پاشا : سوپاس، ئاغای خۆشەویستم!

*[ پولونیوس دەچێتە دەرێ]*

ئاخ! سووچەکەم پیس و پۆخڵە؛ بۆنوبەرامەی بۆ ئاسمان دەڕوا؛ یەکەم نەحلەتی هەرە کۆنی لەسەرە لە مرۆڤ کرا، کە برا کوشتن بێ. دوعا و لاڵەشم پێ ناکرێ. گەرچی مەیلیشم وەکو مەبەستم تیژ هەڵگەڕاوە، تاوانی بەهێزترم تەمای بەهێزم تێکدەشکێنێ و وەکو پیاوێ لەسەر دوو کار بێ، سڕ ماومەتەوە؛ کام بخەمە بەر و هەر دووانیشی لە کیسم دەچێ. جا ئەگەر دەستی هەرمەتکراوم لە خوێنی برا گەوزاوە و لە ڕادەکەی خۆی قەڵەوتر بووە، ئاخۆ نەبێ لەو ئاسمانە جوانە بارانی ڕەحمەت هێندە بباری ئەو سووچەم ڕەبەق لێ دابشۆرێ و سپی وەکو بەفر ڕەنگی هەڵگەڕێ؟ جا لێبووردن و بەخشینی خودا لە کوێ بەکار دێ، گەر لەسەر تەشکی تاوان نەکەوێ؟ یان لە دوعاکردندا چی هەیە جگە لە دوو هێز؟ یان بەر لە کەوتن دەستمان بگرێ و ئاگەدارمان بێ، یان چووین و کەوتین لێمان ببوورێ و ڕزگاردەرمان بێ.

کەوایە ئەوا سەرم هەڵدەبڕم؛ تازە تاوانم ڕۆیی و ڕابگرد. بەڵام، ئاخۆ چ دوعایەک بکەم بارەکەم بخا ؟

خودایا! پیاوکوژییە نالەبارەکەم ببوورە؟ شتی وا نابێ؛ چونکە هێشتا هەر لە بەرژەوەندی ئەوەی کە لەبەری پیاوکوژیم کرد، بەهرە وەردەگرم: تاج و تەختەکەم، بەختە بەرزەکەم، یان خاتوونەکەم. جا دەکرێ پیاو بەخشینی بکەوێ و تاوانەکەشی لە باوەش بگرێ؟ لە پێچ و پلوچی چەوتی دنیادا دەستی تاوانبار لە زێڕ دەگیردرێ و دەتوانێ دەڵەک دادگەری بدا و زۆریش دیتراوە بەسوودی سپلوتی تاوانەکەی یاسا و دەستووریش مامەڵە بکا؛ بەڵام لەو بەرزەوە بەم چەشنە نییە. ئەو جێگە جێگای گەڕکردن نییە؛ کردەوەی لەوێ وەکو خۆی دیارە، ناچارمان دەکەن دان و دەم و چاو نەشیاوەکانی خۆ نیشان بدەین، لەسەر دەقی خۆی بەزمانی خۆ شایەتی بدەین.

جا ئێستا چی؟ چ ماوەتەوە؟ تاقی بکەمەوە بزانم تۆبە دەتوانی چ بکا. چی پێ ناکرێ؟ تەنانەت کە پیاو تۆبەی پێ نەکرێ، جا ئیتر تۆبە دەتوانێ چ بکا؟

ئاخ چ بارێکی بەرتەنگ! ئاخ دڵی ڕەش لە ڕەشایی مەرگ! ئاخ ڕوحی داماو لە تەڵە کەوتووم. هەر تەقالات کرد بۆ ڕزگاریت و تەقالات تەڵەی لێ توندتر کردووم. ئای فریشتەکان یارمەتیم بدەن! سا فریام کەون! دەی دابێنەوە، هەی دوو زرانی لاسار و لاڕێم! هەی دڵی تانوپۆ لە پولاکەم وەک پێشە و پلانی منداڵی ساوا نەرم ببنەوە! بەڵکو بارەکەم لە کۆڵ بکەوێ.

*[دەکەوێتە سەر ئەژنۆ]*

*[هەملیت دێتە ژووری]*

هەملیت: ئێستا وەختییەتی دەستی لێ بکەمەوە. ئێستا خەریکی نزا و نیازە و ئێستا چاری دەکەم. جا بەم چەشنە بێ، بەشی بەهەشتە و ئەوە منم وا تۆڵەم لێ کراوە. دەبێ بەوردی لێک بدرێتەوە: نەتوو پیاوێ بابم دەکوژێ؛ لەسەر ئەوە، من - تەنیا



کوڕەکەی؛ ئەو ناپیاوە بەرێ بەهەشت دەکەم. جا خۆ ئەوە عانەیە و دەسخۆشانەیە؛ نەک تۆڵە.

ئەو بابی منی لە گیان بێ بەش کرد؛ لە بوارێکدا خاو و خافڵ بوو، لە گرتک پڕ بوو، گوناکانی گەش وەکو گوڵ گوڵاو مانگی گوڵان بوو. جا دەسکە و دەفتەر چۆنی هەڵدەگرێ؟ کێیە بزانێ خودای لێ دەرکەیت؟

بەڵام لەسەر بڕوا و باوەڕی ئێمە، گونا و گەنەکاری ئەم پیاوە قورسە. جا ئەوە من نیم دەکەومە بەر تۆڵە گەر گیانی بگرم، لە حاڵێ خەریک پاککردنەوەی ڕوح و گیانیەتی کەوا ئامادە و کۆک هەڵگەڕاوە بۆ کۆچی دوایی؟

نا...

بەرز، ئەی خەنجەر! خۆ ڕاگرە؛ بەڵام گاهێکی گوناتە و گەمر هەڵبژێرە. کاتێ کە مەستە و خەون لێی داوە، یاکو ئاژریە و ڕکی هەستاوە، یان سەرخۆش لە ژێر لێفەی زیناوە؛ خەریک قومار بێ، جنێو بفرۆشێ، یان هەر ئیشێ تر کە ڕزگاری ئەو دونیای لێ نەبێ؛ جا لێدە، وای لێدە بەپانییەی پێ ئاسمان بپێکێ؛ ڕوحی ڕەجمێن و ڕەش هەڵگەڕاوی لە دۆزەخ بکا، هەر ئەو جێگایە کە رووی تێ دەکا. بەس با بچم دایکم چاوەڕوانە.

*[کە پێچ دەکاتەوە بڕوا روو لە پاشا]* ئەو دیمەنە دڵتەزێنە تەنیا ڕۆژەکانی ڕەنجت درێژتر دەکا.

پاشا *[ڕادەبێتەوە]*: دوعا و لاڵەکەم باڵیان گرتەوە
بیر و خەیاڵم هەر ماونەتەوە
نوێژێ کە باوەڕ هاودەنگی نەبێ
ڕەنگە لای خودا هەر ڕەنگی نەبێ

*[پاشا دەچێتە دەرێ]*

## بەشی چوارەم – ژووری مەلەکە

*[ مەلەکە و پۆلۆنیوس دێنە سەر شانۆ]*

پۆلۆنیوس: ئەوا ئێستا دێ. ڕاس و ڕەوان لەگەڵی ڕابێ. بڵێ، لا ڕێگە ڕێپیەکەی لە ڕادەبەدەر لە ڕێ لای داوە و کەس هەڵگر نییە و ئەوەش کە ڕێز و حورمەتی ئێوە بەرهەڵست بووە و بەرز ڕاوەستاوە لە نێوان ئەو و داخکردنێکی دەمار دەرهێنەر. ئەمن، لەم پاڵە خۆ بێ دەنگ دەکەم. تکایە ڕەپ و ڕاست لەگەڵی ڕابێن.

هەملیت [*لەودیوی شانۆ*]: دایە! دایە! دایە!

مەلەکە: خاترجەم بە، ترست نەبێ. خۆ وشار بدە؛ دەبیسم کە دێ.

*[ پۆلۆنیوس پاردە دەگرێ]*

*[ هەملیت دێتە سەر شانۆ]*

هەملیت: دەی، دایە! چ بووە؟

مەلەکە: هەملیت! ئەتو زۆر بابت قەڵس کردووە.

هەملیت: دایە! ئەتو بابمت زۆر قەڵس کردووە.

مەلەکە: شرتە شرت! بەزمان فڕەدان وەڵام دەدەیتەوە.

هەملیت: تۆش، فلێتە فلێت و بەزمانی گێڕ پرسیار دەکەی.

مەلەکە: چییە، چ بووە. هەملیت؟

هەملیت: چ ڕووی داوە، ئێستا؟

مەلەکە: ئەمنت لەبیر کردووە؟

هەملیت: نا، بەخاچ سوێندە، وا نییە! ئەتو مەلەکەیت، ژنی هێوەرەکەتی و – خۆزگە نەبوایت – دایکمی.

مەلەکە: نا، کەوابوو دەبێ بتسپێرم بەوانەی کە دەتوانن لەگەڵت قسە بکەن.



هەملیت: وەرە، وەرە، دانیشە، ناتوانی خۆ بکێشیەوە! ئەتۆ ناچی تا ئاوێنەیەکت لە ڕوودا بگرم، قووڵایی گیانت تێدا بەدی بکەی.

مەلەکە: دەتەوێ چ بکەی؟ بەتەمای بمکوژی؟ ئای! فریا، فریا، فریام کەون!

پۆلۆنیوس [*لە پشتی پاردەوە*]: ئەی هاوار، فریا، فریا، فریا، فریا کەون!

هەملیت [*خەنجەر دەکێشێ*]: ها! چ بوو؟ مشکە؟ مەرج بێ لەسەر تاکەیەکی تەڵا کە مرد، مرد!

*[ بەخەنجەرەکەی دڵی پاردە دەدڕێ و پۆلۆنیوس دەکوژێ]*

پۆلۆنیوس [*لە پاڵ پاردەوە*]: ئاخ! کوژرام!

مەلەکە: ئای لە من، چیت کرد؟

هەملیت: نا، نەمزانی. پاشایە؟

مەلەکە: ئای، چ هەڵەکاری و هەوڵێکی خراپ و خوێناوییە!

هەملیت: هەوڵێکی خوێناوی هێندە خراپ، دایکی باشم! وەکو پاشایەک بکوژی و شوو بکەی بەبراکەی.

مەلەکە: وەکو کوشتنی پاشایەک؟

هەملیت: بەڵێ، خانم، هەر ئەوەی کە گوتم.

*[ پاردەکە لا دەدا و پۆلۆنیوس دەبینێ]*

هەی کابرای پەستی هەڵەکاری لاپلاری نەفام! دەبچۆ گوم بە! تۆم لە جێگای باشتر لە تۆ بەهەڵە گرت. بگرە ئەنجامت. با چاک بزانی خۆ خەریککردن لە ڕادە بەدەر بێ کێشە نابێ.

[*ڕوو لە دایکی*] تۆش کەم دەس بگوشە. بێ دەنگ! وەرنیشە! با من نەختێ ئەو دڵەت بگووشم؛ ئەرێ، دەیگووشم گەر لە نەرمکی نەرم ساز کرابێ و نەرمژان بکرێ؛ گەر دابونەریت نووره لێ کراو وای نەڕەقاندبێ دژە و لە دژی هەست هەڵگەڕابێ.

مەلەکە: من چم کردووە ئەتو دەوێری وەها زمانت بەدەنگێکی دڕ لە حەنام بلەقێنی؟

هەملیت: کارێ کە شەرم و سوورایی حەیا دەبزرکێنێ؛ کە داوێن پاکی دوراز دەنوێنێ؛ گوڵاڵە سوورە لە هەنیەی جوانی ئەوینی ئارا دادەوەرێنێ و داخی دڵچەڕینی لەسەر دەلکێنێ. بەڵێنەکانی نێوان مێرد و ژن وەکو سۆندەکان گەلی قومارچی قەڵب و قۆڕ دەکا. ئاخ وەها کارێ، لە پەیکەر دوو کەس کە پێک بڕاون، گیان بچڕاندنە و ئایینی پیرۆز دەکا بەپەیفی فشە و فشەڵوک. دیمەنی ئاسمان لە شەرم سوور هەڵدەگەڕێ؛ ئەرێ، ئەم هەمبانە هامێتە و پتەو هەڵبەسراوە، دیمەنی درژە و لەو کردەوەیە وا داگیراوە وەک بلێیی سەڵای لە پێش چاو دایە.

مەلەکە: کێ؟ من؟ کام کارەساتە وا بەرز دەگۆڕێنێ و پیشاماکەی هەورە گرمەیە؟

هەملیت: سەیری ئەم وێنە بکە و ئەم دانەکەش، وێنەی دەق گیراو لە دوو برایە. چاو! چ شەرافەتێ لەسەر پۆتراکی ئەمیان نەخشێن بوو؛ زوڵفی لوول وەکو **هایپێریون**[1]، هەنیەی، هەر هەنیەی **جەوف**ە[2] چاوی وەکو مارس هەڕەشە دەکا و فەرمان دەردەکات. قامەتی هەر لە **میرکووری**[3] دەکا، لەسەر بەرزە ترۆپکێ -کە لێوی سینگی ئاسمان ماچ دەکا- دەدرۆشێتەوە؛ بەڕاستی پەیکەرێکی هەڵبژاردەیە کە هەر خودایەک مۆری بێ خەوشی مرۆڤایەتی لە سەری دەنێ. ئەوە مێردی تۆ بوو. جا ئێستا سەیر بکە چ جێگری بوو.

---

(١) هایپێریون: جوانخاسی.

(٢) جەوف: یان ژوپێتیر باوکی ڕووناکی.

(٣) میرکووری: ڕاسپاردەی خودایانی ڕۆمی.



ئەمەش مێردی ئێستاکەت؛ هۆشە گیایەکی بێ لاسک و لاچک کە بۆ بەرزبوونەوە خۆ هەڵدەپێچێتە سەر بەژن و باڵای بەرزی براکەی و برای بەرزی خۆی گیان بێوەر دەکا. جا چاوت هەیە؟ چلۆنت توانی لەو شاخە بەرزە سەرنخوون بیتە نێو ئەم زەلکاوە بۆ چلێپ و لێس و زک لەوەڕاندن؟ بینابیت هەیە؟ ناشتوانی نێوی ئەشقی لێ بێنی؛ لە تەمەن تۆدا خوێن لە خرۆشی ئەوین کەوتووە؛ هێمن و هێدی فەرمان لە بیر و ئاوەزت دەگرێ. جا کام بەئاوەز هەنگاو هەڵدێنێ لەو بەرزەکاوە بۆ ئەم کەلاوە؟

بێ گومان لەسەر هەستەوە بووە؛ دەنا تەکانی وات قەت نەدەدا. بەڵام شک نییە ئەو هەستە تووشی هەرزڵی بووە؛ چونکە لێوەییش خەبتی وا ناکا. تەنانەت هەستی لەخۆ بێ خۆ بوون تا ئەو ڕادەیە خۆ بەدەس نادا و تۆزقاڵێ هێزی هەڵبژاردنی لەبەر دەمێنێ ئەو جیاوازییە بەچاو بوینێ. کام شەیتان بوو لەو چاوشارەکێیەدا هەڵیخەڵەتاندی؟

چاوانت هەبێ و لە هەست بێ بەش بی. هەستت بمێنێ چاوت نەبینێ. هەر گوێت هەبێت و بێ دەس و چاو بێ. هەستت نەمابێ هەر بۆنی مابێ. تەنیا تۆزقاڵێ لە هەستێکی ڕاس، هەرگیز بەو چەشنە دەسخەڕۆ نابێ.

ئای شەرمەزاری! کوانێ سووریەکەت؟ ئەی دۆزەی یاخی! ئەگەر بتوانی لە پێشە و پلانی ژنی بەهرمەت هۆی سەربزێوی فەراهەم بێنی، با پارێزکاری لە بلێسەی بەرزی هەرزەکاریدا وەکو شەم بێت و بەئاگری خۆی بتاوێتەوە.

شەرم شاواش مەکە کاتێ کە هێزی هەژێنی هەوەس پەلامار دەدا؛ چونکە لەو کاتە سەهۆڵیش ئاگر لەخۆ بەردەدا و تەما تەدبیریش دەکا بەتاوکەر.

مەلەکە: ئای، هەملیت! ئیتر مەدووە. چاوانمت کرد بەقووڵایی گیانما و
لەوێدا هێندە خاڵی ڕەش و ئاڵ چەسپاو دەبینم، ڕەنگ بزرکانیان
تازە مەحاڵە.
هەملیت: نا. بەڵام لەنێو لێفەیەکی ئارەقینی چەور و چڵێک، خەڵپانی
فڕۆ و فەسات، خۆ تێهەڵسوون و ئیلاقەکردن لەگەڵ ئەو بەرازە
بۆگەنە.
مەلەکە: ئای هەملیت، وازبێنە و ئیتر قسەم لەگەڵ مەکە. ئەو قسانە وەکو
خەنجەر بەگوێمدا دەچن. بەس بێ سا، هەملیت گیان!
هەملیت: پیاوکوژ و دڕندەیەک؛ بەنی و خولامێ کە یەک لە بیستی کوتێ
لە دەش، لە گرانمێرەکەی پێشووت ناکا؛ پەسقەڵەی پاشایان،
کیسەبڕی ئەمپراتۆری و فەرمانگێڕی، کە تاجی گرانبایی لە ڕفەوە
ڕفاند و لە گیرفانی نا.
مەلەکە: بەسە سا!

*[ ڕوحەکە دەردەکەوێ]*

هەملیت: پاشای پەل پەل و پەڕپوت! ڕزگارم کەن و باڵم بەسەردا بکێشن.
ئەی پارێزەرانی ئاسمانی! چت دەوێ، ئەی شێوەی شەرەف؟
مەلەکە: ئەی هاوار، شێت بووە!
هەملیت: ژبۆ سەرکۆنەی کوڕە کەمتەرخەمەکەت نەهاتووی، کە لە وەخت و
وره لای داوە و بۆ جێبەجێکردنی فەرواری بەسامت ساوەساویەتی؟
دەسا، بڵێ!
ڕوح: لەبیری نەکەی، ئەم دەرکەوتنەم تەنیا بۆ تازە ساوکردنی مەبەستی
کول هەڵگەڕاوتە. بەڵام سەیر بکە، سەرلێشێواوی دایکتی
داگرتووە. زووبە، لە نێوان خۆی و ڕوحی ڕاپەڕیوی ناوبژی بکە.
خەیاڵ لە دڵی بێ هێزترین لەشدا بەهێزترین کار دەکا. بیدوێنە،
هەملیت!



هەملیت: چیتە، خانمەکە؟
مەلەکە: زۆر بەداخم. ئەتو چیتە، وەها چاوت لە هیچ دابڕیوە و لەگەڵ
هەوادا خۆڕایی دەدوێی؟ لە چاوانتەوە ڕوحت بێبەزەییانە هاژە
دەکا و قژە خاوەکانت وەکو سەربازانی ڕاچڵەکاو بەزرەزەنگی
وریایی و زینەوەری نێو پیسی ئاسایی، قنج بوونەتەوە سەر پێ.
کوڕە ژیرەکە لەسەر برژە و بڵێسەی ئاڵۆزیت هێمنی فێنک بپژێنە!
چاوت لە کوێ دابڕیوە؟
هەملیت: لە ئەو، لە ئەو. چاو، چەندە ڕەنگ بزرکاو سەیر دەکا. بەو مەوژ
و مەبەستەوە کە یەکیان گرتووە، ڕوو لە بەردیش بکا، دەیبزوێنێ.
چاوم لێ مەکە، نەکا بەو بارە بەزەییدارە باوەڕی پتەوم بترازێنی.
جا ئەوەی ناچارم بیکەم ڕەنگی ڕاستاڵی نابێ، بگرە ئەسرین لە
جێی خوێن بڕژێنم.
مەلەکە: ئەوە بەکێ ئێژی؟
هەملیت: ئەتو لەوێدا هیچ بەدی ناکەی؟
مەلەکە: هەر هیچ؛ بەڵام هەرچی هەیە دەیبینم.
هەملیت: هیچیشت نەبیست؟
مەلەکە: نا، هیچ جگە دەنگی خۆمان.
هەملیت: چۆن، سەیری ئەولا بکە. چاو، چلۆن بەئەسپایی خۆ دەکشێتەوە،
بابم، لەسەر خوو و خدەکەی سەردەمی ژینی!
چاو، هەر ئێستاکە لە دربواسەکەوە دەچێتە دەرێ.

*[ ڕوح دەچێتە دەرێ]*

مەلەکە: ئەوە هەر ئەو هەڵبەستراوانەی مێشکتە. ئەو خەیاڵ خولقاندنە لە
خولیاییدا زۆر فریودەرە و لە خشتەبەرە.
هەملیت: خولیایی؟ شوارم وەکو شوارت ڕێک و لەسەر وەخت پتەو لێ
دەدا و بەو چەشنە ئاوازی سەلامەتی بەرزە. ئەوەی کە گوتم لە

سەرشێتی نییە. تاقیم بکەوە. دەق بەدەق دیسان دەیگێڕمەوە کە بۆ شێت ناکرێ و شرت و پرت ئێژێ. دایە! لەبەر ڕێزگرتن لە ڕاستیش بووە، مەڵهەمی ژانبڕ بەڕوحدا مەسوە؛ کە خەڵەتکاری تۆ نییە بەڵکو شێتی منە وا دەنگی لێوە دێ. ئەو کارە تەنیا پەترۆکە لەسەر زامەکەت دەخا و زام لە ژێرەوە بڵاوە دەکا و چڵک و چەپەڵی گیانت دادەگرێ؛ بەڵام ناوینرێ. ڕوو لە ئاسمان، ئەرێ لە سووچ و تاوانت بکە، پەژیوان بەرەوە لەوەی کراوە. ڕوو هەڵچەرخێنە لەوەی کە ماوە. بەس کوود بپژێنە لە هەرزەگیا با مل نەگرێت و بڵاوە نەکا. پەندی پاکبوونی منیش ببوورە؛ چونکە لە چەوتی ئەم دەورە چەفتە هەر پاکی دەبێ لە پیسی داوای لێبووردن بکا. ئەرێ! دەبێ چۆکی بۆ دادا و خوڵتەی پێ بکا تا ئیزن بدا چاکەی بۆ بکا.

مەلەکە: ئای، هەملیت دڵمت دوو قاشە قەڵشاند.

هەملیت: جا لەتە پیسەکەی فڕەدە و لەتە پاکەکەی پوختەتر بژی.

شەوت باش! بەڵام نەچییە جێی خەوی مامم. پاکی بنوێنە؛ گەرچی پاک نەوی. ئەو مڵۆزمە -واتە شاوازە بوونەوە- کە هەموو هەستێکی شەیتانی هەڵمەقووت دەکا، لە بارێکەوە فریشتە خوەکە بۆ دەکارهێنانی کردووی جوان و جێ پەسەن کەوا و کەواخە پێشکەشی دەکا کە سانا و ئاسان لەبەریش دەکرێن.

ئەمشەو خۆ بپارێزە و ئەو پاراستنە ڕێبازێکی ڕەحەت بۆ پارێزگارییەکی تر بەدەستەوە دەدا. هەنگاوی هیتریش سووکتر دەبێ. چۆن دەکارهێنانی پەیتا پەیتا هەتا ڕادەیەک مۆرەکەی سروشت مەراشتە دەکا، یان بەیەکجاری پیسی ناهێڵێ یان بەهێزێکی هەرە سەمەرە هەڵی دەفڕێنێ.

جارێکی تریش شەو باشت دەکەم و هەر کەی ئارەزووی پاکبوونەوەت کرد، منیش داواکاری دوعای خەیرتم. بۆ ئەم



ئاغایشە زۆر پەژیوانم؛ بەڵام گاهەسیش ڕەزای خودا لەوەدا بووبێ من بەکوشتنی ئەو قەزا بدرێم و ئەویش بەو جۆرە سزای درابێ. ئەمن کرامە قامچی و قەزادەر ئەو سزاگەلە. خۆم ئەیوژێرم و خۆم پاگۆدەری ئەو مەرگەی دەبم کە پێشکەشم کرد. جا دیسانەوە شەوت باش!

ناچارم دڕ بم تا دڵۆوان بم؛ کە خراپە تازە سەری هەڵداوە خراپتر لەوەش ها بەدواوە. تەنیا قسەیەکی تر، خانمە خاسەکە!

مەلەکە: چ دەبێ بکەم؟

هەملیت: ئەوەی کە وتم نا، دەزانم قەت بۆ ئەوەی کە قاخەم لێ کردی بەگوێم ناکەی. با ئەو پاشا زک زلە دیسان دنەت بدا بۆ نێو لێفە؛ گۆنات بەقامک بگوشێ، مشکەکەی خۆی بانگت کا، بەدوو ماچی بۆگەن یان پەنجەی نفرەکراو گیردان لە گەردنت و خۆ ئاوێزانکردنت هەڵتخڕێنێ. ئەم شتانەی ڕەبەق بۆ بدرکێنی؛ پێی بڵێی لە ڕاستیدا من شێت نیم و خۆم لە شێتی داوە. هەر باشترە ئاگەداری کەیت. ئاخر مەلەکەی جوان! وریا، بەهزر و بیر چۆن گرینگایەتییەکی ئەوتۆ لە بۆقێ، لە شەمشەمە کوێرەیەک، نێرە پشیلەیەک دەشارێتەوە؟ کێ کاری وا دەکا؟ نا! گوێت شل نەبێ لە ڕاوێچکە و ڕازگری، سەر سەوەتەکە لە سەربانەوە لادە و پەلەوەرەکان بفڕێنە، **مەسەلی مەیموونەکە**یە. تۆش خۆ بترنجێنە نێو سەوەتەکە بزانە لەوێوە بۆت دەکرێ بفڕی و مل خۆ بشکێنی.

مەسەلی مەیموونەکەیە کە ویستوویەتی لاسایی باڵگرتنەوەی پەلەوەر بکاتەوە، قەفەزەیەک پڕ لە پەلەوەرەی بردووە سەربان و ئەوانی پەڕەوازە کردووە و خۆی ترنجاندووە نێو قەفەزەکە و لە لچی بانەوە خۆی خستووە خوارێ؛ بەو خەیاڵە کە لە قەفەزە دەرچوون هێزی باڵگرتنەوە بەگیانەوە دەدا.

مەلەکە: وا نییە؛ خاترجەم بە. ئەگەر قسە بەهەناسە دێتە دەر و هەناسەش هۆی ژینە، ناژیم با هەناسە نەدەم و ئەوانەی پێت گوتم نەدرکێنم.

هەملیت: دەبێ ڕوو لە ئینگلیز کەم، دەزانی؟

مەلەکە: ئەرێ، لەبیرم چوو! بەو ئاکامە گەیشتوون.

هەملیت: لەسەر فەرمانێکی دیاردەکراوە و دوو هاوپۆڵم -کە چەندە لە گەستنی مارتوولە دڵنیام ئەوەندەش لەوان- بەڕێوەبەری ئەو فەرمانەن. دەبێ شوێنم لێرە ون و نوقمەسارم کەن؛ با بیکەن. زۆر سەیرە هەڵدانی هەڵڵادوشەکەر بەهەڵڵادوشەی خۆی، دیارە زەحمەتە؛ بەڵام تۆزێ خۆ شل دەکەم و جا بەتەوژمێ تا مانگیان تێهەڵدەدەم.

بەخودا زۆر سەیرە، کاتێ لەسەر هێڵێ دوو فێڵ دەسەویەخە بن. ئەم پیاوە ناچارم دەکا سەر خۆم هەڵگرم. ڕێخۆڵەکەی کێشەی ژووری پاڵدەستێن دەکەم. دایەم! شەوت باش.

بەڕاستی ئەم شالیارە ئێستا زۆر بێ دەنگ، مەنگ و مەزن دەنوێنێ؛ بەڵام لە ژیندا فتنەیەکی فەحەی فڵتەدەمە بوو. وەرە ئاغا، بۆ کێشەکردن بەرەو ئەنجامێ لەگەڵ تۆ. شەوت باش دایە!

*[هەملیت بەکێشەکردن تەرمی پولونیوس دەچێتە دەرێ]*

## بەشی چوارەم

**شانۆی یەک – ئیلسینور – ژووری لە قەڵادا**

*[پاشا، مەلەکە، لەگەڵ ڕوزینکرانتز و گیلدینیستیرن دێنە ژوورەوە]*

پاشا: ئەم ئاخوداخەت کێشەیەک دەنوێنێ. ئەو هەناسە قووڵانە، دەبێ ئاشکرای بکەی. ئێمە مافی ئەوەمان هەیە پێ بزانین. کوڕەکەت لە کوێیە؟

مەلەکە [*ڕوو لە ڕوزینکرانتز و گیلدینیستیرن*]: ئەم شوێنەمان بۆ ماوەیەکی کورت لەبەر چۆڵ بکەن. *[دوو پیاوەکە دەچنە دەرێ]*

ئاخ! سەروەری خۆم! چم بەدی کرد ئەمشەو!

پاشا: چی، گیرترود؟ هەملیت چییەتی؟

مەلەکە: شێت وەکو زەریا و زریان کە پێک هەڵدەچن بزانن کام بەهێزترن. لە حاڵە هەڵژڵەکاوەکەیدا، لە پەنای پاردەکەوە گوێی لە خشەخشێ بوو؛ شیری لێ کێشا، هاواری کرد: مشک، مشک! و بەمێشکی شڵێویاوی شاتاوڵی هێنایە سەر ئەو پیرە پیاوە پاکە کە پاردەی گرتبوو و پەلی کرد.

پاشا: ئای! چ جەنایەتێکی قورس! جا خۆ ئێمەش لەوێ بواین، شیتاڵی دەکردین. وێڵ و یاخیبوونی پڕ مەترسییە بۆ هەمووان. هەر بۆ خۆیشت، بۆ ئێمە، بۆ هەموو کەسێ. ئەی هاوار، ئەم خوێنڕژانە چۆن پاکانە بکرێ؟ هەر لە ئەستۆی ئێمەی دەخەن؛ دەڵێن:



دەبوا مەیدانی پێی نەدرابا، زنجیر بکردرابا و گەنجێکی وەها شێت، لە خەڵکی دوور بپارێزرابا. بەڵام ئێمە خۆشەویستیمان هێندە زۆر بوو نەماندەزانی ڕێگای چاک کامەیە؛ بەڵکو وێنەی گیرۆدەی ئازاری ئاوڕووبەر، بۆ بەرگری لە درکاندنی هێشتمان بژێوێ تەنانەت لەسەر شادەماری ژین. ئێستا بۆ کوێ چووە؟

مەلەکە: بۆ شاردنەوەی لاشەکە کە کوشتوویەتی و شێتییەکەی وەکو زێڕ لەنێو ئاسنەواڵەدا جوان لەسەریەوە ئاشکرایە. ئەسرین دەڕێژێ بۆ ئەوەی ڕووی داوە.

پاشا: لاوەسا، گیرترود، وازبێنە! هەرکە تیشکی خۆر لووتکەی کێوەکانی ئەنگاوت، بەکەشتی بەرێ دەکەین. ئەو هەوڵە شەیتانییەش، دەبێ بەپشتمێری پاشایەتیمان و شارەزایانە هەم بیشارینەوە و هەم لێی ببوورین. ئەهەی، گیلدینیستیرن!

*[ڕوزینکرانتز و گیلدینیستیرن دێنە ژوورێ]*

هاوەڵان هەردووکتان، بچن و چەند شاریکار خڕکەن. هەملیت لە سەرشێتی پولونیوسی کوشتووە و تەرمەکەی لە ژوورەکەی دایکی گواستوەتەوە. سا بچن بیبیننەوە؛ نەرمی لەگەڵ ڕابێن و لاشەکەش بەرنە کەلیسە تکایە پەلەی بۆ بکەن.

*[هەردووکیان دەچنە دەرێ]*

وەرە گیرترود! ئێمەش بیرا پیاوانمان بانگ دەکەین؛ هەم لە مەبەستمان ئاگەداریان دەکەین و هەم لەوەی کە ناوەخت ڕووی داوە کە چاووڕاوی بەسەرانسەری جیهاندا – وەکو تۆپ چۆن ڕێک و ڕاست نیشانەکەی دەپێکێ – گوللەی نارەوی دەهاوێژێ؛ بەش نێوی ئێمەی وەبەر نەکەوێ و لە هەوای هەرە نەبەز بکەوێ.

ئای! دەبا بچین. گیانم ئاخێنراوە لە پەشێواوی و پەرێشانی.

*[دەچنە دەرێ]*

## شانۆی دوو – دالانێ لە قەڵادا

*[ هەملیت دێتە ژوورێ]*

هەملیت: بەهێمنی شاردمەوە.

گلیدینیستیرن [*لە دەرەوەی شانۆ*]: هەملیت! جەنابی هەملیت!

هەملیت: جا هێدی بە! ئەو دەنگە چییە؟ کێیە بانگ دەکا، هەملیت؟ ها، ئەوا دێن.

*[ڕوزینکرانتز و گیلدینیستیرن دێنە ژوورەوە]*

ڕوزینکرانتز: چت کردووە، قوربان! لە تەرمەکە؟

هەملیت: خڵۆپاوی خاکم کرد؛ کە لە خۆیەتی.

ڕوزینکرانتز: پێمان بڵێ لە کوێیە، با لەوێ هەڵێگرین و بۆ کەڵیسەی بەرین.

هەملیت بڕوا مەکەن؟

ڕوزینکرانتز: بڕوا بەچی؟

هەملیت: **کە دەتوانم بۆ ئێوە ڕازدار بم و بۆ خۆم نەبم**(١). لەوەش لا، چۆن ژبەر پرسیاری هەورکێ دەکەوم، چ پەرسفێک لە لایەن کوڕی پاشاوە دەبێ بدرێتەوە؟

ڕوزینکرانتز: ئەمن بەهەورک دەزانی، قوربان؟

هەملیت: ئا، ئەفەندی! کە ڕەزامەندی پاشا و ئەمر و ئەنعامەکانی هەڵدەمژێ. دیارە خزمەتکارانی ئەوتۆ لە ئاکامدا جوانترین خزمەت بەپاشا دەکەن؛ وەکو مەیمون لەبن هاروی ڕایان دەگرێ، لە پێشدا بخوسرێن و لە ئەنجامدا قووت بدرێن. کاتێ بەنیازی بەرهەمی شوڤارییەکانتانە، لێتانی دادەگوشێ و وەکو هەورک دیسان وشک هەڵدەچرووسێن.

(١) ئاشیرەت بەو بەڵێنەیە کە دابووی پەنامانیان لەکن پاشا نەدرکێنێ.



ڕوزینکرانتز: لێتان تێناگەم، قوربان!

هەملیت: جێی شانازیە، تەنیا قسەی نەگەویسە ویستی گوێی نەفامانە.

ڕوزینکرانتز: قوربان! دەبێ بەئێمە بێژن تەرمەکە لە کوێیە و لەگەڵمان ڕێکەون بۆ خزمەتی پاشا.

هەملیت: تەرمەکە لەکن پاشایە؛ بەڵام پاشا لەکن تەرمەکە نییە. پاشا، پووشێکە.

گیلدینیستیرن: پووشێکە، قوربان؟

هەملیت: پووشێکە لە پووچ. کۆڵەپێچم بکەنە کن پاشا. ڕێوی کوڵەی گرتووە و تاژی شوێنیان گرتووە.

*[ دەچنە دەرێ]*

## شانۆی سێیەم – ژووری پاشا

*[ پاشا دێتە ژوورێ]*

پاشا: ناردوومە بیبیننەوە و تەرمەکەش بدۆزنەوە. چەندە دڵتۆقێنەرە ئەو هەتیوە وێڵ دەگەڕێ. بەڵام ناشکرێ زاکونی زۆرداریشی بەسەر دابرم. خۆشەویستی خەڵکێکی بێ مێشکە کە لایەنگرییان نەک لەسەر فامە، بەڵکو بەچاوە. لە شوێنێکیشدا کە ئەوە باوە، سزای تاوانبار لە چاو دەگیردرێ و تاوانەکەی هیچ. جا لەبەرئەوەی کە هەموو شتێک ئاسایی و ئارام بچێتە پێشەوە، ئەو دوورخستنەوەیە دەبێ وا نیشان بدا دەسی دەسی درەنگیشی لەسەر کراوە. ئەو دەردەی بێ بگار بلاوە دەکا، دەرمانی بێ بگاریش چاری دەکا، یان هەر چاری نایەت.

*[ ڕوزینکرانتز دێتە ژوورێ]*

چ بووە؟ چ کراوە؟

ڕوزینکرانتز: قوربان! ناتوانین لێی بکێشینەوە لاشەکەی لە کوێدا حەشار داوە.

پاشا: ئەی خۆی لە کوێیە؟

ڕوزینکرانتز: لە دەرێ، قوربان! لە ژێر چاوەدێرییە، تا فەرمانی جەنابت چ بێ.

پاشا: بەرێ بکەنە ژوورێ.

ڕوزینکرانتز: ئەهەی، گیلدینیستێرن! سەروەرم بەرێ بکە ژوورێ.

*[ هەملیت و گیلدینیستێرن هاورێ پاکاران دێنە ژوورێ]*

پاشا: ها، هەملیت! پولونیوس لە کوێیە؟

هەملیت: لەسەر شامە.

پاشا: لەسەر شامە؟ لە کوێ؟



هەملیت: نەک خەریک خواردن بێ، خەریکە دەخورێ. جەماوەرێکی کرم و کرمۆکەی دنیای سیاسەت روویان تێ کردووە، کرمۆکەی مرۆڤ ڕێنموونیەتی بۆ چۆن خواردنی. ئێمە گیانەوەرانی تر قەڵەو دەکەین کە خۆمان قەڵەو بکەین و خۆمان قەڵەو دەکەین بۆ کرمەکانی نێو خاک. خونکاری قەڵەو و سواڵکەری لەڕ دوو جۆر خواردنن؛ بەڵام لەسەر یەک سفرە. پاشینە ئەوەیە.

پاشا: بەداخەوە! بەداخەوە!

هەملیت: بگرە پیاو ماسییەک بەکرمێ –کە لە پاشایەک خواردی کردووە– ڕاو بکا و ماسییەکەش دەخوا، لە حاڵێکدا ئەو ماسییەش لەو کرمەی خواردووە.

پاشا: مەبەستت چییە لەو قسانە؟

هەملیت: هیچ؛ جگە لەوەی کە پێتان بسەلمێنم دوور نییە پاشایەک بڕوا بەزک و ڕێخۆڵەی گەدایەک دا.

پاشا: پولونیوس لە کوێیە؟

هەملیت: لە بەهەشتە؛ ڕاسپێرن دیتنی بکەن. ئەگەر ڕاسپاردەکەتان لەوێ نەیبیننییەوە، خۆتان لە شوێنێکی تردا لەدوی بگەڕێن. ئەگەریش یەک مانگی پێچوو و نەتانبینییەوە، لە پێپیلکەی باڵەخانەکەوە کە دەچیە سەرێ، بەبۆن هەستی دەکەی.

پاشا [*ڕوو لە پاکاران*]: بچن لەوێدا شوێنی هەڵکەن.

هەملیت: ئەمیش لێرەدا چاوەڕوانە تا دێنەوە.

*[ پاکاران دەچن]*

پاشا: هەملیت! لەبەر ئەو کارە، بەتایبەت لەبەر سەلامەتی خۆت – کە لامان هەر بەو ڕادەیە گرینگە و بەداخین بۆ ئەوەی کە لێت قەوماوە – پێویستە گورج وەکو گڵپەی ئاگر بەڕێت بکەینە شوێنێکی تر.

کەوابوو خۆ تەیار بکە. کەشتی ئامادەیە و باش لە بار هەڵدەکا، هاوڕێیان چاوەڕێن و هەموو شتێ ڕوو لە ئینگلیز چەماوە.

هەملیت: ڕوو لە ئینگلیز؟

پاشا: ئا، هەملیت!

هەملیت: چاکە.

پاشا: هەرواش دەبێ، ئەگەر لە مەبەستەکانی ئێمە ئاگەدار بی.

هەملیت: فریشتەیەک دەبینم کە لەوانە ئاگەدارە. بەڵام، دەی، با ڕێکەوم بۆ ئینگلیز. خودات لەگەڵ، دایە گیان!

پاشا: ئەی لە باوکی خۆشەویست، هەملیت! ماڵاوایی ناکەی؟

هەملیت: هەر دایکم. باوک و دایک و ژن و مێردن، ژن و مێردیش هەر پەیکەرێکن؛ کەوابوو هەر دایکم.

وەرن، ڕوو لە ئینگلیز!

*[دەچێتە دەرێ]*

پاشا: شوێنی بگرن، پێ بەپێ. کشی بکەن تا لە کەشتی هەڵۆەزێ. درەنگ نەکەن؛ ئەمشەو دەبێ شوێنبڕ بکرێ. دە بچن! هەموو شتێک هەر بەو چەشنەی دیاریکراوە و دیاردەی لەسەر نراوە بەئەنجام بگات. تکایە پەلە بکەن.

*[ڕوزینکرانتز و گیلدینیستیرن دەچنە دەرێ]*

جا، ئینگلیز! ئەگەر تۆ لە عەشقی من، ڕەبەق ڕیز بگری؛ چونکە هێزی بەربڵاوم ئەو هەستەی لە دڵت داناوە و هێشتا جێی زامەکانی شیری پاشای دەنمارک لەسەر لەشتەوە سوورن و سارێژ نەبوون و بێ خورتی بەرتیلمان دەدەیت، ناکرێ فەرمانی حکوومەتیمان سارد وەربگری کە بەڕاشکاوی لەسەر چەند دێڕ ڕاگەیاندراوە و بەگشتی جەخت لەسەر یەک خاڵە: مەرگی



دەسبەجێی هەملیت. بۆم جێبەجێ بکە ئینگلیز؛ چونکە وەکو یاو خوێنم تاو دەدا، دەبێ تۆ دەرمانکەری گیانم بی، تا دڵنیا لە ئەنجامی ئەو کارە نەبم، خۆشی و خۆشحاڵی قەت ڕووم تێناکا.

## شانۆی چوار – دەوروبەری قەڵای ئیلسینور

*[فورتینبراس و لەشکرەکەی دێنە سەر شانۆ]*

فورتینبراس: دەبچۆ، سەرکردە! لە لایەن منەوە ڕێزی پاشای دەنمارک بگرە، پێی بڵێ لەسەر ئیزن فورتینبراس دەیەوێ لەشکرەکەی –بەپێی بەڵێنمان– لە مەڵبەندی ژێر دەسەڵاتی تێپەڕێنێ.

قەرارەکەشمان بۆ یەکگرتنەوە دەزانی؛ ئەگەر جەنابیان ئارەزوومەندی چاوپێکەوتن بن، ئەرکمان لە خزمەتیدا جێبەجێ دەکەین و ئاگەداریان دەکەین.

سەرکردە: سەر لە ڕێی فرمانم، قوربان!

فورتینبراس: لەشکر لەسەرخۆ ڕێکەون.

[هەمووان دەچنە دەرێ جگە لە سەرکردە]

*[هەملیت، ڕوزینکرانتز، گیلدینیستیرن و چەند کەس دێنە سەر شانۆ]*

هەملیت: چۆنی، جەناب! ئەوانە هێزی کێن؟

سەرکردە: هێزەکانی پاشای نورویژن، ئەفەندم!

هەملیت: لەسەر چ مەبەستێ، قوربان! تکایە؟

سەرکردە: لە دژی بەشێ لە پۆڵەند.

هەملیت: فەرماندەریان کێیە، قوربان؟

سەرکردە: برازای پاشای پیری نورویژ، فورتینبراس.

هەملیت: جا بەتەمای سەرانسەری پۆڵەندن، ئاغا! یان بەشێکی سنووری؟

سەرکردە: ڕاستەکەی و بێ باریکرێسی، بۆ دەسکێشان بەسەر بەشێکی بچووکی ئەو خاکە دەچین کە هیچ کەڵکێکی نییە جگە لە نێوونیشان. [ئەمن بۆ خۆم] بەپێنج فلسیش، هەر پێنج فلس بەکرێ نایگرم؛ زیاتر لەوەش بۆ نورویژ یان پۆڵەند، گەر نەختیش مامەڵە بکرێ، بایەخی نییە.



هەملیت: کەوابێ، پۆڵەندییەکان قەت بۆ پاراستنی ڕانابنەوە.

سەرکردە: با، هەر ئێستاکەش پێگە و بنکەیان لێداوە.

هەملیت: دوو هەزار گیان و بیست هەزار پارە کێشەی کەلاوەیەک چارەسەر ناکەن! ئەمە بەهۆی دومەڵی ئاملە و ئاسایشی بەرفراوانە کە لە ناوخۆوە سەری هەڵداوە و لە دەرەوە هیچ سونگەیەک نانوێنێ کە مرۆڤ بۆچ دەمرێ.

بەڕێزەوە سوپاست دەکەم، جەناب!

سەرکردە: خوات لەگەڵ، ئاغا!

ڕوزینکرانتز: دەکرێ تکاتان لێ بکەم ڕێ کەوین، قوربان؟

هەملیت: ئەمن زوو خۆ دەگەینم. ئێوە تۆزێ بکەونە پێشەوە.

*[هەمووان دەچن جگە هەملیت]*

چلۆن هەرچی دەبینم لە دژم دەدوێ و لەسەر ئەو تۆڵە تاساوە دنەم دەدا! جا مرۆڤ چییە، ئەگەر بەرهەم و بەهرەی ژیانی هەر خورد و خوەراسە بێ؟ چوارپەلێکە و چی تر نە. بێ گومان ئەوەی کە بەوەها هزر و بیرێکەوە خولقاندوویەتین و هێزی دیتنی داهاتوو و ڕابردووی پێ داوین، ئەو توانا و ئەندێشە خودا وێنەیە پێ نەداوین کە لە گیانماندا قەوزە و کەزی لێ بکەوێ و بێ کەڵک هەڵگەڕێ.

جا، چ بیر لێبڕاوییەکی چوارپێ وێنەیە؛ چ دڵەڕاوکێیەکی لە ترس ڕواوە کە لەسەر ئەو کارە هێندە بەوردی بیر دەکەمەوە؟ بیرکردنەوەیەکیش کە چوار کوتە و تەنیا کوتێکی لەسەر ئاوەزە و سێ کوتی تری ترس و دڵەکوتە؛ نازانم بۆچی هەر دەژیم بێژم «ئەو کارە دەبێ جێبەجێ بکرێ». ئەنگێز، ئیرادە، ئاهیز و ئامرازی کردنیشم هەیە. نماناگەلێ گەورە، وێنەی ئەرز، دنەشم دەدەن. شایەتییەکەشی هەر ئەم لەشکرە بەرفرە و تەیارە، سەرکردەکەیان

شازادەیەکی ناسکۆڵە و نەرموو، گیانی پڤدراو لە پیاوەتییەکی خوداپێداو دەمەگاڵتە دەکا بەوەی قسمەت بێ و بەچاو نەبینرێ؛ گیانی دەرفەنا و بێ بەقای دەدا لە هەر چی چارەنووس، مەرگ و مەترسی دەوێرن ڕووی تێ بکەن، تەنانەت لەسەر تۆکڵ هێلکەیەک. مەردی ڕاستەکی لەوەدا نییە نەجووڵێتەوە گەر هۆیەکی پتەوت نەبێ؛ بەڵکو کە شەرەف هاتە کایەوە، دەبێ لەسەر پووشێکیش شەڕ هەڵگرسێنی.

جا چۆنە ئەمن خۆمم گیر داوە؛ بابم کوژراوە؛ دایکم داوێنی پیس هەڵگەڕاوە، خرۆش کەوتووە لە خوێن و بیرم و هەر دەس ڕادەگرم هەمووی دامرێ؛ لە حاڵێکدا، شەرمەزار بەخۆم، مەرگی ئاشکرای بیست هەزار پیاو بەچاو دەبینم لە ڕێی خەیاڵ و تەنیا بۆ خاتر ناوبانگ دەرکردن ڕوو لە گۆڕەکان، وەها ڕێییان گرتووەبەر دەڵێی بۆ نێوی پێ خەویان دەچن. شەڕکردن لەسەر چەپاڵە ئەرزێ کە جێگای نییە بۆ ئەو کۆمەڵە دەس بکەنەوە و بەس گلکۆ و گۆڕی لێ نابێتەوە تەرمییان داپۆشێ؟ ها، لە ئێستاوە، بیرم خوێناوی هەڵدەگەڕێنم، دەنا ئیتر پووڵێ بایەخم نییە!



## شانۆی پێنج – ئیلسینور – ژووری لە قەڵادا

*[مەلەکە، هورەیشیو و پیاوێکی پایەبەرز دێنە ژووری]*

مەلەکە: ئەمن قسەی لەگەڵ ناکەم.

پیاو: پێ داگرە بۆ دیتنی جەنابتان. بەڕاستی شێواوە؛ ڕۆحی ئاتاجی دڵخۆشی دانەوەیە.

مەلەکە: چییەتی؟

پیاو: زۆر باسی بابی دەکا؛ دەڵێ بیستوویە دنیا دەلەسەی لێیە، کولوزە و نوزەیە و لەسەر دڵ دەدا. گومان هەڵخڕ لەسەر هیچوپووچ دەچڵەکێتەوە، بەگومان وشک قسان دەکا و قسەکانیشی مانایان هەیە، بەڵام نیوە و ناتەواو. وتەکانی هیچ نین؛ بەڵام تێکەڵ و پێکەڵ دوینەکەی، گوێگران هان دەدا ڕێکییان بێنن؛ نیشانەی بۆ دانێن و وشەکانی هاودەنگی بیروڕای خۆیان لەپاڵ یەک دەچنن؛ بەچاو داگرتن و ئاشیرەت و دەسبادان حاڵییان دەکا شتێک هەیە کە بیری لە سەرەوە خەریک بکەن. گەرچی ئەو شتە جێی متمانەش نەبێ، زۆر نالەبارە.

هورەیشیو: باشترە قسەی لەگەڵ بکرێ؛ دەنا هەرزەتۆو لە بیروباوەڕی ئاژاوەگێڕان دەپژێنێ.

مەلەکە: بابێتە ژووری.

*[پیاوەکە دەچێتە دەرێ]*

مەلەکە [*لەبەرخۆیەوە*]:

ڕوحم فاسیدە و پاژینەی گوناح هەر فەسات دەبێ
گوناح کافی دی پێ وایە ئێستا کارەسات دەبێ
لە گاس و گومان هێندە لەم پڕە و کیرە لە پەتکێ
تۆ مەیدرکێنە خۆی لە ترساندا دەلەرێ و دەتکێ

*[ئۆفیلیا، پەرت و پەرێشان دێتە ژوورەوە]*

ئوفیلیا: لە کوێیە، جوانە مەلەکەی دەنمارک؟
مەلەکە: ئادەی چۆنی، ئوفیلیا؟
ئوفیلیا [*بەلاواندنەوە*]: چۆن بێ ئەوینی ڕاست و پاک ئیتر
جیا بکەمەوە لە ئەوینی تر؟
بەپێچ و کڵاو و ئاسا و عاباکەی
بەسۆڵی سەر پێ و پاڵە و پێڵاکەی
مەلەکە: داخەکەم، خانمە خاسەکە، ئەو نەغمە بۆ چییە؟
ئوفیلیا: چی دەفەرمووی؟ نا، تکایە سەرنجم بدەن.
[*بەلاواندنەوە*] خانم! مرد و چوو ئەوا مرد و چوو
لە ژوور سەریەوە گیا ڕوواوە
لە خوار پێیەوە بەردێ دانراوە.
ئەی هاوار!
مەلەکە: نا، ئوفیلیا! نابێ.
ئوفیلیا: تکایە گوێ شل بکەن.
[*بەلاواندنەوە*] کەفنەکەی سپی بەفری کوێستان بوو...
*[پاشا دێتە ژووریٚ]*
مەلەکە: بەداخم! سەیری بکەن، قوربان!
ئوفیلیا [*بەلاواندنەوە*]:
لە گوڵ و خونچە ڕازاوە و جوان بوو
کە تەرمی ڕەوان کرا بۆ سەر خاک
هاوڕێی نەکرد بارانی ئەسرین ئەوینێکی پاک.
پاشا: چۆنی، خانمە جوانەکە؟
ئوفیلیا: باشم. خودا خەیرتان بدا! دەڵێن بایەقوش **کچی نانپاتێ**[1] بووە.

(١) لە چیرۆکاندا هەیە کچی نانکەرێک نانی بەمەسیح نەداوە و بەشێوەی بایەقوش هەڵگەڕاوە.



ئەی خودا! ئێمە دەزانین چین؛ بەڵام نازانین چۆن دەبین.
بەرەکەتی خودا لە سفرە و خوانت.
پاشا: شێت و لێوەی باوکییەتی.
ئوفیلیا: تکایە لەو بابەتەوە باس نەکەن؛ بەڵام کە پرسیاریان کردن ماناکەی چییە، ئەوەیان پێ بڵێن.
[بەلاواندنەوە]: سبەینێ ڕۆژی فەلێنتاینمانە
لە کاتێکی زوو لەو بەربەیانە
ئەمن کیژێکی بەر پەنجێرەکەت
چاوەڕێم ببمە فەلینتاینەکەت.
کوڕ ڕادەبێت و بەرگی ساز دەکا
دەرکی ژوورەکەی لە ڕوو باز دەکا
کچ داوەت دەکا بەفەرموو فەرموو
کە چوو بەکچی لەوێ دەرنەچوو
پاشا: ئوفیلیای جوان!
ئوفیلیا: بەڕاستی نابێ؛ سوندی لەسەر ناخۆم. بەڵام هەر دەبێ دوایی پێ بێنم.
[**]سوێندم بەمەسیح بەوەی چاکەیە
شەرمیش شەرمەسار ڕوو حەیاکەیە
وا لاوە کوڕان کچ دڵگەرم دەکەن
تەنیا بۆ ئەوەی بەمەرام بگەن

(**) ئەو پارچە دەق بەدەقی ئینگلیزییەکەی وەرنەگێڕدراوەتەوە بەڵام مانا و مەبەست هەر پارێزراوە.

بەخودای سوێند جێگای سەرکۆنەن
کچ گوتی:
بەرلەوەی کە من بێمە داوێنت
وادەی شاییت دا کوانێ بەڵێنت؟
کوڕ هاتە جواو:
شاییم بۆت دەگرت بەهەتاو سوێنم
گەر خۆت نەختسبای زوو لە داوێنم

پاشا: چ ماوەیەکە وای لێهاتووە؟

ئوفیلیا: بەهیوام هەموو شتێ بەخۆشی هەڵگەڕێ. دەبێ ئارام و هێمن بین؛ بەڵام من ناتوانم نەگرییم کە وەبیرمدا دێ بەگڵکۆی ساردیان دەسپارد. براکەیشم ئاگەدار دەبێ؛ ئیتر سوپاسی هاودەنگیتان. وەرە، کاشەوانەکەم! شەوباش، خانمەکان! شەوباش خانمە جوانەکان! شەوباش! شەوباش!

*[دەچێتە دەرێ]*

پاشا: شوێنی بگرن نهنگ. چاک لەبەرچاو بێ، تکایە.

*[هورەیشیو دەچێتە دەرێ]*

ئاخ، ئەوە ناڕاوی خەمێکی قووڵە، هەمووی لە مەرگی بابییەوە هەڵدەقوولێ. ئای! گیرترود! گیرترود! کە خەم و خەفەت ڕوو لە پیاو دەکەن، یەک لە شوێن یەک و شوڤارئاسایی نایەن؛ بەڵکو بەکۆمەڵ لەشکر خڕ دەکەن.

یەکەم کوژرانی بابی ئەو کچە، پاشان کوڕەکەت چوو، کە هۆی ناردنی لەسەر دادگەری ئێمە و گەنەکاری خۆی بوو. جا سەرلێشێواوی خەڵک و هزر و خەیاڵی ناخار و ناحەز کە مێشکیانی داگرتووە و سرتەسرتیان بۆ مەرگی پولونیوسی چاک،



کەوا پەل پەل و بەوسکت وسکت ئەسپەردەمان کرد، بڵاوە. ئوفیلیای بەستەزمان، داماو هەڵگەڕاوە و بیری لێ بڕاوە، جا ئێمەی مرۆڤ کە بیرمان لێ بڕا هەر نەخشێک یان چوارپایەکی تەواوین؛ لە دواییش و لەسەر هەمووی ئەمانەش، براکەیشی لە پەناوە هاتووەتەوە لە فەڕەنسە. خواردنی خەیاڵە و لە تەمدا گیراوە. وزەوزیش بۆ تووشکردنی گوێ بەقسەی چڵکێنەر سەبارەت بەمەرگی باوکی کەم نییە گومانیش نییە بێ بەڵگە و پڕنۆ ئەم گوێ بۆ ئەو گوێ بوختان بۆ ئێمەش هەڵدەبەستن.

ئاخ! گیرترودی ئازیزم! ئەم بەسەرهاتانە وەکو تفەنگی سەرپڕ لە چەند لاوە نەک مەرگێ، سەد مەرگم پێ دەچێژن.

*[دەنگی هەرا و هاوار دێ]*

مەلەکە: ئەی هاوار، ئەو دەنگە چییە؟

پاشا: پارێزەرە سویسییەکانم لە کوێن؟ ئاگاتان لە دەرگاکە بێ!

*[ڕاسپاردەیەک دێتە ژوورێ]*

چ خەبەرە؟

ڕاسپاردە: خۆ دەربازکەن، قوربان! زەریا هێندە هەڵماڵاو، هەڵنایە بەسەر لێوارەکەیدا و زەویزاری دەوروبەری هێندە زاڵەبەر هەڵنامژێ کە لەیرتیسی لاو -سەرکردەی لارێگەران- ئەفسەرەکانی جەنابتان دەتارێنێ. گەلێ یاخی پێشەوای بانگ دەکەن و دەڵێی جیهان سەرلەنوێ ساز کراوە، بنچینە و ڕەگەز لەبیر کراوە، دابونەریت ناناسن، درۆشە و دژوێنی هەمەجۆرە دەدەن، بەرز هاوار دەکەن:

«هەڵیدەبژێرین لەیرتیس پاشا بێ.» هەر کڵاو و دەسماڵ، دەس و زوانە بەرز بەرەو هەوران ڕادبنەوە و سەرجەم پێکەوە هەر

دەیلێینەوە:

«هەر دەبێ لەیرتیس پاشای وڵات بێ. با لەیرتیس شا بێ»

*[دەنگ دێتە ژووریٚ]*

مەلەکە: چەندە لەسەر هەست لەسەر شتی پەست هاواریان بەرزە. ئای! ئەمە لە ڕێ لادانە. هەی سەگە سپڵەکانی دەنمارکی!

پاشا: دەرکەکانیان شکاند.

*[لەیرتیس و چەند کەس دێنە ژووریٚ]*

لەیرتیس: پاشا لە کوێیە؟ [ڕوو لە هاوڕێیانی] ئاغایان، ئێوە هەمووتان لە دەرێ ڕاوەستن.

هەمووان: نا، با بێینە ژووریٚ.

لەیرتیس: تکایە! ئیزن بدەن.

هەمووان: باشە، باشە.

لەیرتیس: سوپاستان دەکەم. دەرگاکە بپارێزن.

*[لایەنگرانی لەیرتیس دەچنە دەرێ]*

هەی پاشای پیسەڵە! باوکم بەرەوە.

مەلەکە: لەسەرخۆ، لەیرتیسی هێژا.

لەیرتیس: ئەو دڵۆپەی خوێنم کە لەسەرخۆ بێ، بەزۆڵم دەزانێ؛ دەنگی بێ ناموسی لە بابم دەکا؛ تەنانەت داخی دوخمانیش لەسەر دیمەنی پاک و بێ پەڵەی دایکیشم دەنێ.

پاشا: ئەوە هۆی چییە، لەیرتیس! یاخیگەرییەکەت هێندە دێوئاسا دەنوێنێ؟ وازی لێ بێنە گیرترود! بابەتی ئێمە ترسێکت نەبێ. پارێزەری ئاسمانی وەها قەڵایەکی لە دەورەی پاشا هەڵداوە کە غەدر و خەیانەت هەر لە دوورەوە چاو دادەبڕێ لەوەی کە بیکا و هەوڵی پێ نادرێ بەمەبەست بگا. جا بڵێ بزانم لەیرتیس! بۆ وەها



تێکهاڵاوی؟

وازی لێ بێنە گیرترود! قسە بکە، پیاو!

لەیرتیس: بابم لە کوێیە؟

پاشا: مردووە.

مەلەکە: بەڵام نەک بەدەستی پاشا.

پاشا: بهێڵە داوای مافی بکا.

لەیرتیس: چۆن بوو کە مرد؟ نابم بەکایەی دەس. ئەمەگ و سەر دەسپێرداویشم بەجەهەننەم! سوێند و پەیمان بەتوون و تەوەس! حورمەت و حەیا بەچاڵە قووتە! لە نوور و نفرەش هیچ باکم نییە. تا لەسەر ئەم خاڵە ڕاوەستاوم، دونیا و قیامەت لە چاوم ونە با بێت هەرچی هات؛ تەنیا بەتەواوی تۆڵەکردنەوەی بابم دەوێ.

پاشا: کێ بەرۆکت دەگرێ؟

لەیرتیس: کەیفی خۆم، نەک تەواوی جیهانیش. بۆ دەس و دەسەڵاتیشم وایان دەس پێوە دەگرم -با زۆر کەمیش بن- ڕێی درێژ ببڕن.

پاشا: لەیرتیسی چاک، ئەگەر پێت خۆشە ڕاستەقینەی مەرگی باوکی ئازیزت بزانی، ئاخۆ ژیرانەیە بۆ تۆڵەکردنەکەت – بەختەکی و بێ وردبوونەوە – لە دۆس و دوژمن، بەرەندە و بردراو دەس بکەیتەوە؟

لەیرتیس: هیچ کەسێ، جگە لە دوژمنەکانی.

پاشا: دەتەوێ بیانناسی؟

لەیرتیس: بۆ هاوەڵانی، باوەش و باهۆم بەم چەشنە بڵاوە و وێنەی قازی قوڵینگ [چۆن سینگ دەدرێ تا بێچووەکانی لە گیانی بخۆن لە برسان نەمرن، خوێنم لە پێناو گشتیان بەخت دەکەم.

پاشا: ها، ئێستا وەکو کوڕێکی چاک و جوامێرێکی ڕاستۆک قسان

دەکەی. ئەمن لە مەرگی بابتدا بێ تاوانم و بەراستی لەبەری خەمبارم؛ جا وەکو ڕۆژیش لە پێش چاوانت ڕوون دەبێتەوە.

*[دەنگێ دێتە ناو؛ دەڵێ: با بچێتە ژووریّ]*

لەیرتیس: چییە ئەوە؟ ئەو دەنگە چییە؟

*[ئوفیلیا دێتە ژووریّ]*

لەیرتیس: ئاخ، ئاگر! مێشکم وشک هەڵقرچێنە! فرمێسک! حەوت جارتر سوێراییت دابێ و بڕست و سۆمای چاوم بسێنە! بەو خودایە، تارانی شێتیت وا قورس وەردەگرم، تەرەی تەرازوو تا بن بخەوێ.
ئاخ گوڵاڵە سوورەی مانگی گوڵان! کچی نازار! خوشکی دڵۆوان! ئوفیلیای جوان!
ئەی خودا، تۆ ڕابەرداری بیری جوانە کچێ وا چرچ هەڵگەڕێ و هێزی لێ ببڕێ وەک ژینی پیریّ؟
سروشتی مرۆڤ کە ئەویندار بێ گەلێ جوانە و بۆ ئەو جوانییە نەختینەی بەنرخ گیان بەرێ دەکا لەدوی ئەو شتەی کە خۆشی دەوێ.

ئوفیلیا [*بەلاوانەوە*]: دارە تەرم کرا بەکەفنی لادراو لەسەر عوزاری
هەی داخی گران هەی داخی گران داخم گرانە
بارانی فرمێسک لەسەر مەزاری بەخوڕ دەباری
لای تۆ خۆش، کەڤوکی خۆم!

لەیرتیس: لەسەرخۆ و ڕێکوپێکیش هانت بدایەم بۆ تۆڵە ئەستاندن هیندە تاوت نەدەدام.

ئوفیلیا: دەبێ بەدەنگ بیلێیی «هەی نخوون بەخت! هەی نخوون بەخت!» تۆش بانگی بکە «نخوون بەخت».
ئای چەندە بۆ بەرتەونانە جوانە! چیرۆکی خولامە خوێڕییەکەیە کەوا کچی خاوەنەکەی ڕفاند.



لەیرتیس: ئەم قسە هیچوپووچانە بێ ناوەڕۆک نین.

ئوفیلیا: ئەمە گوڵاڵە سوورەیە، بۆ بیرەوەرییە. تکایە، ئەوینم لەبیرم کە. ئەوەش گوڵ وەنەوشەی فەرەنگییە، بۆ بیرکردنەوەیە.

لەیرتیس: وانەیەک بۆ فێربوون لە شێت و شەواکیدا بیرەوەری و بیرکردنەوەیە، پێک دێن.

ئوفیلیا: ئەمەش ڕازیانە بۆ خەڵتەکردن، بۆ تۆ بێ مەلەکە تاجەملوکیش بۆ بێ ئەمەگی. ئەمەش سدابە، گوڵی پەژارە و پەژیوانییە بۆ تۆ بێ پاشا و نەختێکیش بۆ من. لە ڕۆژانی پیرۆزی یەکشەمبەشدا گوڵی گەڕانەوە لە گوناحانی پێ دەڵێن. بەڵام دەبێ سدابەکەن لەسەر ڕەوتێکی جیاواز لەخۆ بکەی لە خەڵکی جیات بکاتەوە.
ئەمەش گوڵە مروارییە. بەنیازبووم چەپکەیەکیش وەنەوشەت بدەمێ، بەڵام کاتێ کە بابم مرد ژاکا و ئەوگار هەڵگەڕا. دەڵێن مردنێکی چاکی کرد.
[*بەلاوانەوە*] ئاخر **ڕابین**[١]ی جوان و دڵپاکم تەنیا خۆشیمە.

لەیرتیس: بیر و برین و هەست و تەنانەت ئاگری دۆزەخیش جوان و دڵڕفێن هەڵدەگەڕێنێ.

ئوفیلیا [*بەلاوانەوە*]: تۆ بلێیی دیسان بێتەوە؟
تۆ بلێیی دیسان بێتەوە؟
نا، نا، ئەو تازە مردووە
تۆش بچۆ سەرت بنەوە
قەت ڕوومان تێ ناکاتەوە.
ڕدێنی سپی وەکو بەفران بوو
سەر و قژی نەرم وەکو کەتان بوو

(١) ئوفیلیا لەوێدا کورتەیەک لە بەستەکانی ڕابین هوود ئێژێتەوە.

چوو بەجێی هێشتین نەما کەینوبەین
چ فـــایدە ئیـــتـــر بەخـــۆدا بدەین
لە خـــودا داوای بەخـــشـــینی بکەین
هەروەها بۆ ڕۆحی تەواوی مەسیحییەکان، لە خودام داوایە.
خوداتان لەگەڵ.

*[ئوفیلیا دەچێتە دەرێ]*

لەیرتیس: ئەی خودا! بەچاوەی!

پاشا: لەیرتیس! دەبێ لەو خەمەدا هاوبەشیت بکەم؛ دەنا مافی منت حاشا کردووە. دەبچۆ، خۆڕا، ژیرترین هاوەڵانت هەڵبژێرە با گوێ شل بکەن و لە نێوان من و تۆدا داوەری بکەن.
ئەگەر –ڕاستەوخۆ یان پەنابا– شوێنی ئێمەیان بۆ دەرخستی، پاشایەتیمان، ژی و ژیانمان، تەواوی ئەوەی کراوەتە ناومان، بەشانازییەوە پێشکەشت دەکەین؛ بەڵام وانەبوو، تۆ دەبێ لەسەر ڕەزامەندی خۆت، هێمن و هێدی گوێ لە فەرمان بی و ئێمەش هاوباهۆ لەگەڵ وەرەی تۆ پەیمان دەبەستین هەلی سوکنایی ڕۆحت پێک بێنین.

لەیرتیس: بەڵێ با وابێ. هۆی مردنی، گورج لە پەناوە لە خاک کردنی، نە خەڵاتییەک، نە شوور و شیری، نە یاڵتەبەرێ بۆ نواندنی کەوان و تیری، بۆ سەر تەرمەکەی، بێ دابونەریت بێ پرسەگرتن، بێ ژنەفتنی دەنگ شیوەنکردن. دەڵێی لە ئاسمانەوە بۆ ئەرز هاتووە، کە ئەمن دەبێ ئەو نهێنییە ئاشکرا بکەم.

پاشا: وا بکە؛ جا لە کوێدا دەستی تاوان دەرکەوێ، تەوژمی تەوەری لێ کەوێ.
تکایە! لەگەڵم وەرە.

*[دەچنە دەرێ]*



## شانۆی شەش – ژوورێکی تر لە قەڵادا

*[هورەیشیو و پاکارێک دێنە ژوورەوە]*

هورەیشیو: کێن ئەوانە دەیانەوێ لەگەڵم قسە بکەن؟

پاکار: گەمیوانن، قوربان! دەڵێن نامەیان پێیە بۆ جەنابت.

هورەیشیو: با بێنە ژوورێ.

*[پاکار دەچێتە دەرێ]*

نازانم لە کام پارچەی جیهانەوە، هەواڵیان گرتووم لە لایەن جەنابی هەملیتەوە نەبێ.

*[گەمیوانان دێنە ژوورێ]*

گەمیوان: سڵاوی خوداتان لەسەر، قوربان!

هورەیشیو: لەسەر تۆش بێ.

گەمیوان: یاخوا قوربان! تا ڕەزای چ بێ. نامەیەک هەیە قوربان! لە لایەن ڕاسپاردەیەکەوە کە ئەرکی ئینگلیزی پێ درابوو بۆ جەنابت؛ ئەگەر نێوتان هورەیشیو بێ هەروەها کە پێ گوتراوم.

هورەیشیو [*نامەکە دەخوێنێتەوە*]: «هورەیشیو! کە چاوت بەم نامەیە کەوت، هەلی چاوپێکەوتنێک بۆ ئەم پیاوانە لەگەڵ پاشا پێک بێنە؛ نامەیان پێیە بۆ ئەو. ئێمە دوو ڕۆژمان بەسەر زەریاوە پێ چوو، زرێ چەتەیەکی چەکدار ڕەتی گرتین. کە دیمان بادەوانەکەمان برفێنمان نییە، ئازایەتییەکی ناچاری بۆ شەڕ یەخەی گرتین. لە تێکهەڵچوونەکەدا خۆم لە گەمیەی تەریدەکان هاوێشت و هەمان کات دوور کەوتینەوە لە گەمیەکەمان و تەنیا من بووم بەبارمتەیان. جا ئەم جەردانە جوامێرانە لەگەڵمدا جووڵاونەتەوە. چاکی دەزانن دەبێ چ بکەن؛ ئەمنیش بڕیارە براییان بدەمەوە. با پاشا نامەکانم کە ناردوومن بەدی بکا؛

تۆش گورجوگۆڵ - چۆن پیاو لە دەس مەرگ هەڵدێ - خۆ بگەیەنە بەمن. باسی وام لایە کە گوێت ژنەفتی زمانت لەنگ بێ؛ گەرچی هێشتا هەر فرەفرە سووکە و بڕستی پێکان دۆزکەی نییە. جا ئەو پیاوە چاکانە بەڕێت دەکەنە ئەو شوێنەی کە هەم. ڕوزینکرانتز و گیلدینستیرن ڕێی ئینگلیزیان گرتووە بەر. سەبارەت بەوانیش زۆرم پێیە بڵێم.

«ئەوەی کە لە خۆتی دەزانی؛ هەملیت».

وەرن ڕێی ڕاگەیاندنی نامەکانتان نیشان بدەم و زوو بەزوو ڕێنموونیم بکەن بۆ لای ئەو کەسەی کە نامەکانتان لێ وەرگرتووە.

*[دەچنە دەرێ]*



## شانۆی حەوت - ژوورێکی تر لە قەڵادا

پاشا: ئێستا دەبێ ویژدانت مۆری بێ تاوانیم لە سەردانێ و تۆش بەدڵ، ئەمن بەدۆس بزانی؛ هەروا کە بیستت و گوێت ئاگەدارە، ئەوەی کە بابی پایەبەرزتی کوشت بەتەمای گرتنی ژیانی من بوو.

لەیرتیس: جوان دیارە؛ بەڵام پێم بڵێن چۆن لە دژی ئەو کردەوە هیندە کەڵێنە، ئەو پیاوکوژییە ڕانەبوونەوە، لە حاڵێکدا ئاسایشتان و بیراییتان و هەر پێویستییەکی تر هەڵی دەسووڕاندن؟

پاشا: ئەها، بەدوو هۆی تایبەتی. ڕەنگە لە لای تۆ زۆر جرِ و جۆنگن؛ بەڵام لەکن من گەلێ گرینگن: مەلەکە دایکی گیانی! کەم نە و زۆر، لە چاو ئەو دایە و منیش - لەسەر ئەمەگ بێ یان ئازاری گیان، هەر کامێکی بێ - هیندە ژیانم بەگیانی مەلەکەوە بەسراوە، وەکو ئەستێرە چۆن هەر لە دەورەی دۆرێک دەسووڕێ، چم لە دەس نایە بەدەس ئەو نەبێ. هۆی دووەم کە بۆچ بۆ مولک و میللەت ئاشکرای ناکەم: حەز و ویستنی لە ڕادەبەدەری جەماوەری خەڵک بەرانبەر بەوە، کە خەڵەتەکانی لە کانیاوی دڵیان نوقم دەکەن و وەکو **ئەو کانیاوەی گڵ دەکا بەگوڵ**(١)، خەبت و خەتاکەی بەخەیر و خاسە هەڵدەگێڕنەوە؛ جا تیرەکانم بۆ گێژەڵووکەیەکی ئەوتۆ و توند نابن - سووک داتاشراون و بەرەو پاش ڕوو لە کەوانەکەی خۆم بازرە دەکەن و ئامانج ناپێکن.

لەیرتیس: با ئیتر منیش باوکێکی مەزنم لە دەس دەرچێ؛ خوشکم تووشی شێتی بکرێ؛ خوشکێ کە پلەوپایەی بەر لەم ڕووداوە، لە شانی

---

(١) لە دەقە ئینگلیزییەکەیدا هاتووە: وەکو ئەو کانیاوەیە کە چێو دەکا بەبەرد. لە سەردەمی ئیلیزابیتییەکاندا -واتە سەردەمێ کە شکسپیر ژیاوە- باوەڕیان وابووە چەند کانیاوێک لە ئینگلیزدا ئەو گەوشینەیان هەیە.

کیـژی هاوتەمەنی خۆی -نەک هەر تەواو بوو- گەلێ بەرزتر و وێنەی هەر نەبوو لە ڕووی دونیـــاوە. بەڵام تۆڵەی منیش ها بەدواوە.

پاشا: خەون لە خۆ مەکە ئەو بابەتە. ناشێ پێت وابێ ئێمە لە وەها کەواشە و کـابێکی نەگـومـە و نەژی دروس کـرابێـتین، ڕاوەشی ڕیشـمـان بلەرێنێتەوە و بەگاڵتـە و گەمـەی ژیانی بزانین. هیندەی پێ ناچێ ئاگەدار دەبی.

ئەمن باوکتم گەلێ خۆش دەویست، دیارە خۆشمان گەلێ خۆش دەوێ. جا هیوادارم تێ بگەی و بزانی چی دەڵێم.

*[ ڕاسپاردەیەک بەنامەوە دێتە ژووری]*

چ بووە؟ هەواڵ چییە؟

ڕاسپـاردە: نامـە، قـوربان! لە هەملیـتـەوە. ئەمـەیان بۆ خزمـەتی پاشـا و ئەمەشیان بۆ مەلەکەیە.

پاشا: لە هەملیتەوە؟ کێ هێناویەتی؟

ڕاسپاردە: گەمیوانان قوربان! وایان گوت، بۆ خۆم چاوم پێیان نەکەوتووە. کلادیو بەمنی داون و ئەویش لە چەپەرەکە وەری گرتوون.

پاشا: لەیرتیس! با تۆش بەگوێیەوە بی. بەجێمان بێڵن.

*[ ڕاسپاردە دەچێتە دەرێ]*

پاشـا دەیخـوێنێـتـەوە: «پایەبەرز و بەڕێز! با بزانی لە هەرێمی ژێر دەسـەڵاتتـانـدا ڕووت و ڕەجـاڵ دابەزراوم. بۆ سـبـەینێ داخـوازی چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ پاشا هەیە؛ کە بەخزمەت گەیشتم، سۆنگەی -لە پێش داوای لێبووردنم هەیە- ئەو لەناکاو و سەمەرە گەڕانەوەیە ڕادەگەینم. هەملیت»

دەبێ مـانای چ بێ؟ ئاخـۆ هەمـوویان گـەڕابێـتنەتەوە؟ یان فـێڵ و تەڵەکەیە و چی تر نە؟



لەیرتیس: دەسخەتی دەناسن؟

پاشا: ئەمە دەسخەتی هەملیتە. ڕووت و ڕەجاڵ! لە پەراوێزەکەشیدا دەڵێ، تەنیا!

دەتوانی ڕێنموونییەکم بکەی؟

لەیرتیس: منیش تێدا ماومەتەوە؛ بەڵام ئیزنی بدەن بێت. زامەکەی دڵمی هێناوەتە جۆش؛ هیندە بمێنم و چاو لەنێو چاوی بڵێم: «ئەوە تۆ بووی وات کرد.»

پاشا: کـەوایە لەیرتیس! چۆن وای لێ هات؟ چۆن وا هەڵگەڕا؟ با بمێنێ، مل بۆ فەرمانم کەچ دەکەیت؟

لەیرتیس: بەڵێ قوربان! بەڵام فەرمانی ئاشتکردنەوەم نەدەیت.

پاشا: مەبەست سوکنایی دڵی خۆتە. ئەگەر ئێستا گەڕابێتەوە -کە دەبێ لە سەفەرەکەی بکۆڵێمەوە- مەبەستی وا بێ ئیتر ملی پێوە نەنێ، چەشەی دەکەم بۆ چالاکییەک، کە ئێستا لە بیرمدا سەری هەڵدا. چارەی لێ ببڕێ و چاوی سپی کا. لەسەر مەرگیشی بای لۆمە هەڵ نەکـا. تەنانەت دایکیـشی لێی نەپرسـێـتـەوە و بەڕووداوێکی هەڵکەوتی بزانێ.

لەیرتیس: قوربان! سەر بەفەرمانم. جا خۆزگە واشی نەخشە داڕێژن کە ڕستەی کارەکە من بم.

پاشا: ڕێک دەقیـەتی. لەو دەمەوە کە لێرە ڕۆیشـتووی باست زۆر کراوە، تەنانەت هەملیـتیش زۆری بیسـتووە کە چەندە لەو تایبەتیـیەی خۆتدا شارەزا و زانای. توانا و تانینەکانی ترت بەگشتی ئەوەندەی ئەو تاکە تواناییـیەت لکی ئێرەیی لە گیـانی نەکردووە؛ گەرچی ئەهوە لە لای من بێ نموودترینیانە.

لەیرتیس: چ تایبەتییەک، قوربان؟

پاشا: هەر ئەو گولەنگەی سەر کڵاوی گەنجی، کە پێویستیشە، جلی سووک و سادەیەک کە گەنج لەبەری دەکا کەمتەر لە کەوا کەڵپۆسی بەساڵاچوو -کە بۆ نواندنی سەلامەتی و سەروەرییە- پێکەوتووی نییە.

دوو مانگ لەمەوپێش بەرزە پیاوێکی نورماندی لێرە میوان بوو. ئەمن خۆم دیومە و سوارانم لەگەڵ فەڕەنسەییەکان گەلێ کردووە و دیارە ئەوان لە سواریدا زۆر شارەزان؛ بەڵام ئەو گەنجە لەو بابەتەوە سیحری دەگێڕا؛ هەڵدەبەزییە سەر زین ئەسپەکە و وەها چارواکەی کەوی خۆی دەکرد تۆ گوتت زگماک لەگەڵ ئەو ئەسپە ئازا و نەبەزە پۆیان تەنراوە. ئەوەندە بەرز و بەزێن کەوتە ڕوو تەنانەت خەون و خەیاڵی ئەوەش کە من بتوانم ئیشی وا بکەم وە بیرمدا نەچوو.

لەیرتیس: خەڵکی نورماند بوو.

پاشا: ئا، نورماندی بوو.

لەیرتیس: لەسەر ژیانم، هەر **لاموند** بووە.

پاشا: ئا، ئا، هەر خۆی بوو.

لەیرتیس: چاکی دەناسم. ئەوە گۆبەرۆک و گەنجی گەلەکەیەتی.

پاشا: ئەویش هەر ئەتوی چاک دەناسییەوە؛ جا ڕاپۆرتێکی چاکی سەبارەت بەشارەزایی و شاکارەکانت لە تێکهەڵچووندا ڕاگەیاند؛ تەنانەت باسی شیرەوانیت بوو، هاواری دەکرد: «بەڕاستی کێیە چاوی لێ نەکا، کەسێ بتوانێ ڕکەبەریت بکا». سوێندی دەخوارد شیرەوانەکان هاونیشتمانی هێز و چەپەر و چاویان نامێنێ کە تۆ لە ئاستیان شیر بگەڕێنی. ئاغە! بەو ڕاپۆرتە وەها چاوی هەملیت چنۆک هەڵگەڕا، هیچی پێ نەکرا مەگەر داخوازی زوو گەڕانەوەت بۆ ئەوەی گەمەیەکت لەگەڵ بکا. جا، ئاکامەکەی.

لەیرتیس: ئاکامەکەی چ بێ، قوربان؟



پاشا: لەیرتیس! بابت بەلاوە خۆشەویست بوو؟ یان وەکو نەخشێک لە خەم، دیمەنێکی بێ دڵی؟

لەیرتیس: بۆچ ئەو پرسیارە دەکەن؟

پاشا: نەک ئەوەی من پێم وابێ بابت خۆش نەدەویست؛ بەڵام دەزانم دڵبەستن لە زەماندا پرۆسکان دەدا، ئەوەش دەزانم - بەسەرهاتەکان سەلماندوویانە - زەمان پزیسک و پریشەی ئەوین دەکا بەئاگر. لەنێو شەماڵەی ئاگری ئەویندا جۆرە پڵێتە یان پیفکێ هەیە کە بڵێسەکەی دادەنوێنێ؛ کەوابوو هیچ شتێک لەوپەڕی چاکەدا وەستاو نامێنێ؛ وره و ورینگیش -کە دەگاتە ئەوپەڕی گەشە- هەر لەخۆیەوە ڕەبەق دادەمرێ. ئەوەی کە ویستمانە بیکەین، دەبێ ئەو کاتەی کە ویستمان، بیکەین؛ چونکە «ویست» لە گۆڕان دایە و بەو ژمارەیە کە زمان هەیە و دەس تێ بردن و بەسەرهات هەیە، تووشی پەنگاو و پەککەوتن دەبێ؛ جا ئیتر «بریا» گوتن و ئاخ هەڵکێشانە کە سوکنایی هێنەرە بەڵام دڵ تووش(*) دەکا. کەوابوو لەزوبەز دەبێ ئەو برینە بنجبڕ بکرێ.

هەملیت دێتەوە؛ چت دەسەڵاتە کە بسەلمێنی کوڕی باوکتی نەک هەر بەقسە؟

لەیرتیس: گەرووی دابڕم؛ لەنێو کلێسەدا.

پاشا: لە ڕاستیدا خوێن ڕشتن نابێ هیچ جێگایەک بەپیرۆز و پارێزراو بزانێ؛ تۆڵە نابێ هێڵ و سنووری بێ. بەڵام، لەیرتیسی هێژا! ئەم کارە دەکەی؟ لە ژوورەکەتدا دەرک لەسەرخۆ داخە؛ هەملیت هاتووەتەوە، تێدەگا کە تۆ گەڕاویتەوە. ئێمە ئەوانەی چاکەت دەبێژن هەڵدەخرێنین و دنەیان دەدەین دیسان بریقە بخەن لەو

(*) لەو سەردەمەدا بیریان وابووە ئاخ هەڵکێشان خوێن لە دڵ دەبڕێ و تووشی دەکا.

ناوبانگەیە فەڕەنسەیەکە پێی داوی؛ لە ئاکامدا دیم بەدیمتان دەکەین و لە سەرتان مەرج دەکەین.
ئەو لەبەر بلّحی و ساف و سادەیی ئاگای لە حیلە و حەواڵە نییە و ورد نابێتەوە لە شمشێرەکان، جا تۆ سانا یان تۆزێ دەس ژێر دەست ڕاکێشە و ئەو شیرە بگرە لێوەکەی تیژە و بەدەسخستنێ گیانی لە تۆڵەی بابت بکێشە.

لەیرتیس: ئەو کارە دەکەم! لەسەر ئەو مەبەستە نووکی شیرەکەم ناراوی دەکەم. لە دەواچییەک دەوایەکم کڕیوە؛ گیان برێ کە تەنیا نووکی چەقۆی پێ تەڕکەی و بکەوێ لە لەش و خوێنی لێ دەرچێ، مەڵهەمێ نییە – تەنانەت گیراو لە هەمووی ئەو گژوگیاگەلە کە گەوشینیان لە تریفەی مانگ گرتبێ – لە مردن ڕزگاری بکا؛ گەر تەنیا قرنجێک لە لەشی کەوتبێ.

پاشا: با زیاتر لەو بارەوە بیر بکەینەوە. هەڵی سەنگێنین کام بار بۆ ئێمە بێ زەحمەتترە هەم بۆ کاتەکەی هەم بۆ کەرەسەی. ئەگەر نەیگرت و پیلانەکەمان لەبەر نەگۆمی جووڵانەوەمان بەفشە دەرچێ، باشتر ئەوەیە هەڵمەتی نەدەین. بۆیە پیلانمان پازگری دەوێ، یان دوو پیلان بێ، کە ئەم نەڕەخسا ئەویان بەکار بێ. جا ئارام بگرە! بزانم چ بکەم. ئێمە مەرجێکی مەزن لەسەر ئازاییت نەکەین. ئا، ئەوە باشە! کاتێ کە بەهۆی فرت و هۆزی فرە گەرم دادێن و تێنوویان دەبێ – دیارە لە ڕێی ئەو مەبەستە ئەتۆ دەبێ یارییەکە تۆزێ درژ بکەی – داوای ئاو دەکا. منیش خۆشاوێکی هەر بەوبۆنەوە لەبەر ساز دەکەم–کە ئەگەر هەڵکەوت خۆ لە ژاراوی شیرت لابدا– هەرکە چێژی کرد، بەمەبەست بگەین... ڕاوەستە بزانم ئەو هەرا چییە؟

*[مەلەکە دێتە ژووری]*

ها، چ بووە، مەلەکەی جوان؟



مەلەکە: هەر نەگبەتییە و پێی لەسەر شوێنی نامەتی دەنێ! توند و لەسەر یەک ڕەپێمان دەنێ. خوشکت خنکاوە، لەیرتیس.

لەیرتیس: خنکاوە؟ ئەی هاوار، لە کوێ؟

مەلەکە: شۆڕەبییەکی پان و بەربڵاو لەسەر ڕووبارێک لە سەرما ڕچاو چەتری هەڵداوە؛ وێنەی گەڵاکان زوقم لێ دراو ورشە و گرشەیان کەوتووە سەر ئاو. ڕوو لە ئەو شوێنە، باوەش پڕ لە گوڵ دەکەوێتە ڕێ؛ گوڵی تاج خروس، چەپکێ گەزەنە، گوڵی مرواری و ئەرخەوان درێژ – کە شوانکارەی دڵتەڕ و دڵچەڕ نێوێکی ناحەزیان بۆ داناوە؛ بەڵام ژنانی بێ هەستی ئێمە هەر بەقامکی مردووی نێو دەبەن – بۆ هەڵپەساردن چەپکە گوڵانی لەسەر شۆڕاییی سەر لقەکانی، کە دەستی لەسەر لقێ گیر دەدا، لق لە حەسرەتا خۆ بشکێنێت و پەلی بەر بدا. جا خۆی و ناسکە دەسکەوتەکانی سەرنخوون دەبنە سەر ڕووبارەکەی بن شۆڕەبییەکە. کراس و هەوری پەخشان لەبەری، ماوەیەک ڕایدەگرن وەک پەری زەریا. لەو کاتە دەستی کرد بەگوتنی کۆنە گۆرانی؛ دیار بوو ئاگای هەر لەخۆ نەبوو. ئەتگوت ئاوژیە و لە ئاو ژیاوە؛ بەڵام زۆری نەخایاند، کراس و گجی قورس داخوسراوی کیژی هەژاری لەسەر جۆلانەی سترانەوە بەرەو قوڕاوی مەرگ نوخانەوە.

لەیرتیس: ئەی هاوار! ئێستە خنکاوە؟

مەلەکە: خنکاوە! خنکاوە!

لەیرتیس: ئەوەندە ئاوت لە گیان کەوتووە، ئوفیلیای هەژار، ئیتر من ئەسرین لە چاو ڕادەگرم؛ بەڵام ئەمانەش بەش و بەری خۆمانە، سروشت هەر لەسەر نەریتی خۆیە. با شەرم پێم بڵێ هەرچی پێی خۆشە؛ کە ئەو هەسر و هەنسکەم لێ دوورکەوتەوە، هەستی ژنانەش لێم دەبێتەوە. لای ئێوە خۆش قوربان! وتەم

پێیە لە ئاگر کە خەریکە گڵپە بکا؛ بەڵام داخەکەم ئەو دڵە
نەگۆمەم دایدەمرکێنێ.

پاشا: با شوێنی بگرین، گیرترود!

چەندە دەبێ هەوڵ بدەم توورەییــیــەکـەی بتــاســێنم! ئێــســتــا دەترسم ئەم
بەسەرهاتە سەرلەنوێ هەڵبی بداتەوە.

دەسا با بچین.

*[دەچنە دەرێ]*

# بەشی پێنجەم

## شانۆی یەک – لە قەبرستانێکدا

*[دوو لادێیی بەبێڵ و زەنگن دێنە ژوورەوە]*

لادێیی ١: جا ڕەوایە لەسەر دابونەریتی مەسیحی ئەسپەردە بکرێ کە ئەنقەس خۆی خەلاس کردووە؟

لادێیی ٢: پێت دەڵێم بەڵێ! کەوابوو زووبە گۆڕەکەی بکۆڵە. بەرپرس لێی کۆڵاوەتەوە و ئەسپاردنی لەسەر دابی مەسیحی بۆ داناوە.

١: شتی وا چۆن دەبێ، مەگەر بێ دەرەتان خۆی خنکاندبێ؟

٢: بۆ نا؟ وایان بۆ دەرکەوتووە.

١: دەشێ هەر لەسەر بێ دەرەتانی بووبێ، چی تر ناگونجێ. چونکە مەسەلە ئایینییەکەی وایە: ئەگەر ئەمن ئەنقەس خۆ بخنکێنم، گوناحێک لێم ڕووی داوە؛ گوناحیش سێ قۆناغی هەیە: نیەتی لەسەر بێنی، دەستی پێ بکەی و دوایی بێنی؛ کەوابوو بەینی و بەینەڵڵا خۆی خنکاندووە.

٢: گوتم نا، گۆڕکۆڵی چاک.

١: تۆ دەنگ. لێرەدا ئاوە؛ چاکە. لێرەش مرۆڤێ ڕاوەستاوە؛ چاکە. ئەگەر کابرا خۆ بخنکێنێ، جا، خۆی نەفەوتاندە؟

بەرێ وەڵڵا. تێگەیشتی. بەڵام ئەگەر ئاوەکە تەوژم بێنێ و بیخنکێنێ ئەوە خنکاندن نییە و ئەو مرۆڤە گونای پچڕانی ژینی خۆی لێ ناکەوێ.



٢: بۆچی، ئەوە یاسایە؟

١: ئا، لەسەر دینم، یاسای لێ تۆژینەوەی زێدەوان.

٢: ڕاستەکەت دەوێ؟ ئەگەر ژنە خاوەن ڕەگەزێک نەبوایە، لە گردی خوانەناسەکان ئەسپەردە دەکرا.

١: ئەی ڕەحمەتی خودات لەسەر بۆ قسەی ڕاستت! جا داخەکەم! خاوەن ناوەکان لەو دونیایەدا ئیزنیان هەیە خۆ بخنکێنن یان سێدارەکەن، پێیەک ئەولاتر ئایینیش بخەن. وەرە بێڵەکەم! نەماون خاوەن ناوانی جاران باخەوانان و گۆڕکۆڵان و قومەشکەنانی لێ دەرکەی. هەر ئەوان ئیشی حەزرەتی ئادەمیان بەلاوە ماوە.

٢: ئەو خاوەن ناو بوو؟

١: یەکەم کەسێ بوو ناونیشانی هەبوو.

٢: کوڕ هەر نەیبوو.

١: چی، مەگەر کافری؟ لە کەلامی خودا چیت دەس کەوتووە؟ کەلامی خودایە کە ئادەم ئیشی زەوی کۆڵان بوو. جا دەیتوانی زەوی بکۆڵێ بێ ناونیشان؟ دادەی پرسیارێکی ترت لێ بکەم. ئەگەر وەڵامت جێ پەسەند نەبێ، ئیقراری گوناحت لەسەرە.

٢: دادەی!

١: ئەوەی لە بەردتاش، پاپۆڕەساز، یان دارتاش شتی پتەوتر ساز دەکا، چ کارەیە؟

٢: سێدارەکەرە، چونکە داربەسی وا ژینی هەزاران کەسی پێ دەبڕێ و هەر بەرقەرارە.

١: کەیف دەکەم لەبەر ئاوەز و بیرت، ئا، بەئایینم. سێدارە، کاری زۆر جوان دەکا. بەڵام بۆچ کاری لەبەرمان جوانە؟ جوانە، سزای چەپەڵکارانە. جا، ئەتو چەپەڵکاری گەر بڵێی سێدارە پتەوتر لە

کەلیسە دەکرێ. بەینەڵا، هەر سێدارە چارت دەکا. جا، بچینەوە سەر پرسیارەکە؛ دەی!

٢: کێیە دەسکردی پتەوتر لەوەیە کە بەردتاشە، پاپۆڕەسازە یاکو دارتاشە؟

١: دەسا، خۆت بیڵێ و هەوسارەکە بەردە.

٢: ئا، ئێستا دەڵێم!

١: دەی.

٢: بەخودا ئیتر ناتوانم بیڵێم.

*[هەملیت و هورەیشیو لە دوورەوە دەردەکەوێ]*

١: هیندە نەقیزە، بۆ ئەو مەسەلەیە، لە مێشکت مەدە؛ چونکە ئەو کەرە گەڕەت بەنەقیزە و هێکردن توندتر ڕێگات بۆ نابڕێ؛ هەر کەی پرسیاری وایان لێ کردی؛ بڵێ: گۆڕکۆڵ. ئەو ژوور و ماڵە ئەو سازی دەکا تا ڕۆژی پەسڵان کرچەیەک ناکا. دەسا بچووە کن **یوگن**ی مەیفرۆش شووشەیەک شەربەتم بۆ بکڕە.

*(لادێیی ٢ دەچێتە دەرێ]*

*[لادێیی یەک زەوی دەکۆڵێ و گۆرانی دەڵێ]*

دەورەی لاویەتیم هەر دڵداری بوو
ئەوەی خۆشم دەویست هەرزەکاری بوو
ژین بەلامەوە جێ ژوانێ بوو
کەیفم لە دونیا دەس لەملانێ بوو[1]

هەملیت: ئاخۆ ئەو کابرایە هیچ هەستێکی بەرامبەر بەئیشەکەی نییە، لە گۆڕکۆڵێندا ستران دەبێژێ؟

---

(١) وەرگێڕاوەی ئەو گۆرانییە دەق بەدەق وایە: لە گەنجیدا کە دڵداریم دەکرد، پێم خۆش بوو، زەمانم کورت دەکردەوە سەر کەیف و خۆشیم و پێم وابوو جگە لە ژوانێ نییە.



هورەیشیو: خووکردن سۆنگەی سانایی لە گیانیدا فەراهەم کردووە.

هەملیت: هەروایە؛ دەستێ کە ئیش نەبینێ نەرم و ناسک دەمێنێ.

گۆڕکۆڵ [*بەگۆرانی*]:

بەڵام پیری هات بەهەنگاوی ورد
چڕنووکی خست و یەخسیرمی کرد
خێرا بۆ ژێر خاک بارم لێ داوە
دەڵێی هەر نەبووم لە ڕووی دنیاوە

*[کاژەڵەیەک لە دڵی خاک دەردەخا]*

هەملیت: ئەو کاژەلەیشە زمانی بووە! لە کاتی خۆیدا بەستەی گوتووە. چەندە بەپەستی لە ئەرزی دەدا، ئێژیتە پێشەچەنەی قابیلە کە بۆ یەکەم جار پیاوکوژی کرد. بگرە کاسەسەری سیاسەوانێ بێ، ئەم کەرە وەها بەسەریدا زاڵە؛ دوور نییە خواوەندیشی هەڵخەڵەتاندبێ، وا نییە؟

هورەیشیو: شایەت، قوربان!

هەملیت: یان هی پێشکاری دیواخانێ بێ، کە هەر گوتوویەتی: ڕۆژباش! سەرەوەری جوانم! سەروەرم چۆنە؟ یان هی فلانە سەروەرێ بووە کە بەدەوربەر ئەسپی فیسارە سەروەردا خولێتەی کردووە و تەمای تێ کردووە بەڵکو بەلاڵە و تکا بیداتێ شتی وا نابێ؟

هورەیشیو: با، قوربان!

هەملیت: بەڵێ هەر وایە؛ ئێستا خانمی کرم تێ داوم شەویلکەی خوارووی لەبەر نەماوە و بەبێڵی ئەو گۆڕکۆڵە زەبری لە مێشک دەکەوێ. جا ئەمەیە شۆڕشی شیاو ئەگەر تێبینیمان بۆ دیتنی هەبێ. ئاخۆ ئەو پیشە و پلانە بایەخی پەروەرینیان - زیاتر لەوەی کە ئێستا هەڵوکێنیان پێ بکرێ - پتر نەبووە تەز لە ئێسقانم دەکەوێ کە بیری لێ دەکەمەوە.

گۆڕکۆڵ [*بەگۆرانی*]:

بـێـڵ و زەنـگـن و پـاڵـە
کــەفنێکیــشی لە پاڵە
چاڵێ لە خۆڵ کـۆڵ دەکـەم
بۆ مــێــوانی چۆڵ دەکــەم

*[کاژەڵەیەکی تر فڕە دەدا]*

هەملیت: ئەوە یەکێ تر. بۆ کاژەڵاکی بریکارێ نەبێ؟
ئێستا لە کوێیە وردبینییەکانی، زار و زمان گەڕانی، لاپەڕە و بەڵگەکانی، مافی دەسپێداگرتن، یان ئامۆژگاریکردن؛ بۆچ ئازاری ئەو کابرا تەرەیە بەگیان دەکێشێ مێشکی بهاڕێ بەو بێڵە پیسە؛ بۆچی پێی ناڵێ کار و کردەوەی زەبر و زۆردانە؟
ئەها، ئەو کابرا دەبێ لە کاتی خۆیدا کڕیاری گەورەی زەویوزار بووبێ؛ قەباڵە و بنچاق، باوشێ قەوڵنامە، دوو دەسەبەر و چەن داخوازنامە بۆ وەرگرتنەوەی زەوینەکانی. ئاخۆ ئەم حاڵە تاواندانەوەی تاوانانەکانییە، وەرگرتنەوەی وەرگرتووەکانییە، کە مێشکی خڕوخۆڵی وەها پڕ بووە لە خاک و خۆڵ؟ ئاخۆ زامنەکانی پتر لە درێژایی و پانایی دوو لاپەڕەی زەمانەتی کڕدارەکانی – زەمانەتی دوو کەسەش – ئێستا نەبنە زامنی. ئەو کۆمەڵە قەباڵە جێ ناگرێ لەو چاڵە. میرات خۆیە و ئاخۆ نایکەوێ جگە لەو دوو چەپاڵە، ها؟

هورەیشیو: نەک تۆزقاڵێ زیاتر، قوربان!

هەملیت: ئاخۆ لاپەڕە لە پێستی بزنیش ساز دەکرێ؟

هورەیشیو: بەڵێ قوربان! لە پێستی گۆڕیش.

هەملیت: ئەوانە بزن و گۆڕن کە ڕەحەتی خەیاڵیان لە شتی ئەوتۆدا دەبیننەوە. با لەگەڵ ئەو کابرایە دەمەتەقەیەک بکەم.
ئەوە گۆڕی کێیە، مامە؟

لادێیی: هی خۆمە، ئاغە! [*بەگۆرانی*]:

چاڵێ لە خۆڵ کۆڵ دەکەم
بۆ مــیــوانی چــۆڵ دەکــەم

هەملیت: پێم وایە بەڕاستی بەشی خۆت بێ، چونکە لەنێوی دای و درۆ دەکەی.(**)

لادێیی: ئەتۆ لە دەری دای و درۆ دەکەی؛ کەوابوو هی تۆ نییە. منیش بەشی خۆم، گەرچی لەنێوی دام و درۆش ناکەم، بەڵام هەر هی خۆمە.

هەملیت: ئەتۆ درۆ دەکەی کە لەبەرئەوەی لەنێوی دای، دەڵێی هی تۆیە.
ئەوە بۆ مردووەکانە نەک زیندییان؛ کەوابوو درۆت کردووە.

لادێیی: ئەوەش درۆیەکی بازرەکەرە و دیسان لەمنەوە بۆ خۆت دەگەڕێتەوە.

هەملیت: بۆ کام پیاوی دەکۆڵی؟

لادێیی: بۆ هیچ پیاوێ، ئاغا!

هەملیت: ئەی بۆ کام ژن؟

لادێیی: نە بۆ پیاوە نە بۆ ژن.

هەملیت: ئەی کێ تێدا دەنێژرێ؟

لادێیی: ئەوەی کە، ژن بوو، ئاغە؛ بەڵام -ڕەحمەت لە ڕوحی- ئێستا مردووە.

---

(**) وەرگێرانی ئەو بەشە دیاریکراوە زۆر گرانە؛ چونکە وشەی lie لە ئینگلیزیدا مانای جۆربەجۆری هەیە و هەملیت و لادێیی دوو پاڵوو قسان دەکەن: ئەو وشە دەکرێ لەو وتووێژەدا مانای بوون و درۆکردنی لێ بگیردرێ، بۆیە هەردوو ماناکەی هاتووە و دیارە جێ ڕەخنەی زانایان و مامۆستایانە کە نەمتوانیوە وای وەرگێڕمەوە هەر بەوشەیەک دوو ماناکەی لێ دەرکەوێ.

هەملیت: چەندە کابرایەکی ژیر و تەواوە! دەبێ هەر ڕاستە لەگەڵی بدوێین بەقسەی دووپاڵوو پێی ناوێرین.

بەو خودایە! هورەیشیو ئەم سێ ساڵە دواییە، زۆرم لەسەر ئەو مەسەلە سەرنج داوە کە زەمانە جوان گۆڕدراوە و کلکە کەڵێنەی لادێییەک هێندە لە پانیەی پێ دیوەخانشینێ نێزیک بووەتەوە، پێستی قەڵش لێ کەوتووی دەپێکێ و زاماری دەکا. ڕوو لە لادێیی ئادەی، چەندە خەریکی گۆڕ کۆڵینی؟

لادێیی: هەموو ڕۆژانی ساڵ؛ لەو ڕۆژەوە دەستمم پێ کردووە کە پاشای پێشوومان -هەملیت- **فورتینبراس**ی تێکشکاند.

هەملیت: تا ئێستا دەبێتە چەند ساڵ؟

لادێیی: خۆت ناتوانی بێژی؟ هەر گەوجێ دەتوانێ بێژێ؛ ئەو ڕۆژە کە هەملیتی لاو لە دایک بوو. ئەوەی کە شێت بووە و ناردراوە بۆ ئینگلیز.

هەملیت: ئا، بەخودای وایە، جا لەبەرچی ناردراوە بۆ ئینگلیز؟

لادێیی: لەبەرچی، لەبەرئەوەی کە شێت بوو؛ بەڵکو لەوێ ئاوەزی بگەڕێتەوە، یان هەر نەبێ لەوێدا شێتی شوورەیی نییە.

هەملیت: جا، بۆ؟

لادێیی: لەوێدا لە ڕووی دیاری نادا. پیاوانی ئەوێ وەکو ئەو شێتن.

هەملیت: جا چۆن شێت بووە؟

لادێیی: زۆر سەمەرە، وا دەڵێن.

هەملیت: چۆن سەمەرە؟

لادێیی: چووزانم، بگرە بیری برابێ.

هەملیت: لە کام وڵاتدا؟

لادێیی: چۆن، هەر لێرە؛ لە دەنمارک. ئەمن سی ساڵە لێرەدا -بەمنداڵی و ئازەوی- گۆڕکۆڵم.



هەملیت: مرۆڤ پاش چ ماوەیەک لە خاکدا دادەڕزێ؟

لادێیی: ڕاسەکەی، ئەگەر بەر لە مردن دانەڕزابێ - چونکە ئێمە لەم ڕۆژانەدا تەرمی دەردەداری زۆرمان هەیە بەزەحمەت دەینێژین- دەوروبەری هەشت نۆ ساڵێکی پێ دەچێ. دەباخ نۆ ساڵ دەخایەنێ.

هەملیت: لەبەرچی ئەو زیاتر؟

لادێیی: ئاخر جەناب! بەهۆی ئیشەکەی ئەوەندە پێستی قەڵەو دەبێ، ماوەیەکی زۆری دەوێ تا ئاو دەرکا؛ لە حاڵێکدا ئاوی تۆ هەرە داڕزێنەری لەشی زۆڵی مردووتە. سەیری ئەم کاژەڵەیە: ئەم کاژەڵەیە بیست و سێ ساڵە لە دڵی خوڵە.

هەملیت: هی کێ بووە؟

لادێیی: هی بەچکە زۆڵێکی شێت. پێت وایە هی کێ بووە؟

هەملیت: نا، ئەمن نازانم.

لادێیی: تاعوون لێ کەوتووی شێت! جارێکیان دەفرێکی شەرابی **ڕینیش**ی بەسەرمدا کرد. هەر ئەم کاژەڵەیە، ئاغا! کاژەڵەی **یوریک** حەنە کچی پاشا بوو.

هەملیت: ئەوە!

لادێیی: هەر ئەوە.

هەملیت: دادەی، بزانم. [کاژەڵەکە لە دەس دەگرێ] ئای، **یوریک**ی هەژار! چاکم دەناسی، هورەیشیو! کابرایەکی زۆر نوکتەزان بوو؛ زۆر خاوەن هزر. هەزاران جاری لە کۆڵ گرتووم و ئێستا چەندە لە چاومدا زاڵەبەرە!

دڵم تێک هەڵدێ لە سەیرکردنی. لێوی لێرەوە ئاوێزان بوو کە نازانم چەند جارم ڕامووسیوە. کوانێ تەوزە و حەنەکت؟ هەڵتیقان و هەڵتیزانت؟ گۆرانییەکانت؟ قلانەوە و گەشانەوەت وا تریقەی پێکەنینی جەماوەری سەرکەتی لێ بەرز دەبووەوە؟ ئاخۆ نەبێ

ئێستا گاڵتە بکەی بەڕیچکردنەوەی خۆت؟ چەنەت نەماوە؟ جا بچووە ژووری خانمەکەم و پێی بڵێ، با خۆ لە ڕۆن و کرێم هەڵماڵێ، دوایی، شێوەی وای لێ دەکەوێ. بەو شێوەیە پێبکەنێنە.

هورەیشیو! تکایە، یەک شتم پێ بڵێ.

هورەیشیو: چ بێ، قوربان؟

هەملیت: ئەتۆ پێت وایە ئەسکەندەریش لە خاکدا وای بەسەر هاتبێ؟

هورەیشیو: بێ گومان!

هەملیت: وەهاش بۆن پیسە؟ پیففف [کاژەڵەکە فڕە دەدا]

هورەیشیو: هەروایە، قوربان!

هەملیت: بزانە تا چ ڕادەیەک بێ سوود و بایەخ هەڵدەگرین. هورەیشیو! بۆ نابێ گەر خەیاڵ بکەوێتە شوێنی خاکی ئەسکەندەر، لە قوڕی دەرکی کووپەیەک مەیدا بێ؟

هورەیشیو: وەها پێگەیشتنێ لێکدانەوەیەکی زۆر وردبینانەیە.

هەملیت: نا، لەسەر دینم! ئەوەندەش وردبوونەوەی ناوێ؛ بەڵکو ژیرانە شوێنەکەی بگرە، بەگومان بیرت جوان پێدەگا؛

بەم چەشنە: ئەسکەندەر مرد. ئەسکەندەر لە خاک نێژرا. ئەسکەندەر کرایەوە خاک. خاکیش هەر خۆڵە. لە خۆڵ قوڕ دەکەن. جا بۆ لەو قوڕە -کە لەشی هەڵگەڕاویەتی- دەرکی دەفری بیرە کپ نەکرێ؟

ئەو گەورە سزارە مرد و ژینی براوە
بەخاکی لەشی دەرکی هومە بەسراوە
ئەو خاکە جیهان لە سامی دڵقەڵشێن بوو
درز داگری دیوارە لە دژ سەرماوە



بەڵام بێ دەنگ بە ! بێ دەنگ! خۆ لادەین! پاشا خەریکە دێ –

*[پاشا، مەلەکە و لەیرتیس و دارتەرمێ هاوڕێ چەند کەشە و بەردەست دێنە ژوورێ]* مەلەکە، پیاوانی دیواخان، ئەی ئەوەی لەدووی کەوتوون کێیە؟ بۆ وا بەئاهەنگێکی نەشاسە؟ دەبێ ئەو تەرمەی لەدوی کەوتوون، تەرمی کەسێ بێ کە بەدەستی پەرێشانی ژینی خۆی خاپوور کردبێ.

دیارە خاوەن بنەچەش بووە. با خۆ لادەین و سەیریان بکەین.

*[لەگەڵ هورەیشیو خۆ حەشار دەدەن]*.

لەیرتیس: ئیتر چ ئاهەنگێ؟

هەملیت: ئەوە لەیرتیسە؛ گەنجێکی خاوەن تانوپۆ. سەیر بکە.

کەشە: پرسەکەی دەبێ ئەوەندە بەشکۆ بێ کە ئیزنمان هەیە. لە دنیا چوونی زۆر بەگومان بوو. جا ئەگەر ئەو فەرمانە گەورەیە بەسەر ئاهەنگ و ئاییندا دەرنەچووبای، مەشیا بێ نزا و نیاز تا دوایی سەڵا ماوای گڵ بوایە، دەبوا لە جێگای تەڵقین و دوعای لێبووردن، بەکوچک و کلۆ ڕەسخمان بکردبای؛ بەڵام وەکو کیژێکی ناکام ئیزنی درایە لە گوڵ بگیردرێ؛ بەڕێز و حورمەت بەژەندنی ژام تا دوایی خانووی هاوڕێی بکرێ.

لەیرتیس: دەبێ چی تری بۆ نەکرێ؟

کەشە: چی تر ناکرێ. بێ حورمەتییە بەیاسای پرسە گەر دوعای لەسەر بخوێندرێ و وێنەی ڕوحەکانی هێمن کۆچکردوو داوای بەخشینی بکرێ.

لەیرتیس: لە خاکی دابێڵن؛ با لە لەشی پاک و جوانی وەنەوشەی بەهار سەر هەڵکا! پێت بڵێم، هەی قەشەی قروش، خوشکم فریشتەی ڕەحمەتە کاتێ کە تۆ لە دۆزەخدا لوورەت دێ.

هەملیت: ئەی هاوار! ئۆفیلیای جوانە؟

مەلەکە [*ڕوو لە تەرمەکە*]: ئەوەی جوانییە پێشکەشی جوانیت. بچۆ؛
خوات لەگەڵ! [*گوڵی بەسەردا دەبارێنێ*]
بەو ئاواتە بووم بوایە ژنی هەملیت. پێم وابوو پەردووت گوڵ
سەبەت دەکەم؛ خانمە جوانەکە! نەک گوڵبارانی گڵکۆوەکەت بکەم.
لەیرتیس: ئاخ! بەڵای سیانە دە جار سێ جارە لەو مێشکە هەرمەتکراوە
بکەوێ کە بەهەوڵێکی هەڵە، لە هەستی هەرەبەرز بێ بەشی
کردی؛ دەمێ خۆ لادەن لەسەر خاکەکەی بۆ جارێکی تر لە
باوەشی بگرم.

[*دەچێتە نێو گڵکۆوەکە*]

جا ئێستا خۆڵتان بکەنە سەری زیندوو و مردوومان، بەڵکو لەو
خاکە ساف و بێ گنجە، کێوێ هەڵ بکەن بەرزتر بێ لە کێوی
**پیلیون**[1] یان لە ترۆپکی ئاسمان پێکی **ئولیمپوس**ی شین تێپەڕ
بکا.
هەملیت [*کە دێتە پێشەوە*]: کێیە خەفەتی هیندە بەتاوە؟ هۆنراوەی خەمی
ئەستێرەکانی وێڵی ئاسمانی لەخۆ کردوون، وەکو گوێگرانی سەر لێ
تێکدراو سڕی کردوون؟ ئەوە منم، هەملیت، شازادەی دەنمارک.

[*خۆ لە گلکۆوەکە دەهاوێ*]

لەیرتیس: شەیتان گیانت بکێشێ! [*بەگژیا دەڕوا*]
هەملیت: دوعای چاک ناکەی. دەسا پەنجەت لە گەرووم بەردە. ڕاستە
جەلو و جەنگەران نیم؛ بەڵام لە دەروونمدا شتێکی پڕ مەترسی
هەیە، ئاوەزت بتۆقێنێ. لادە ئەو دەستەت!
پاشا: لێکیان بکەنەوە.

(١) پیلیون: کێوێکی بەرز لە ئەفسانەکانی یۆناندا کە دێوەکان لەسەر کێوی ئوسا سازیان کرد تا بەئولیمپوس بگەن.



مەلەکە: هەملیت! هەملیت!
هەمووان: ئاغایان!
هورەیشیو: سەروەری هێژام! هێمن بە.

[*خزمەتکاران لێکیان دەکەنەوە و لە گڵکۆ دێنە دەر*]

هەملیت: ئەرێ، لەسەر ئەو باسە ئەوەندەی لەگەڵ بەشەڕ دێم تا برژانگم لە
ترووکان بکەوێ.
مەلەکە: ئەی هاوار! کوڕم! کام باس؟
هەملیت: ئەمن ئوفیلیام هیندە خۆش دەویست، کە چل هەزار براش
بەوپەڕی خۆشەویستییانەوە بەوەندەی من ناگەن. ئەتو لەبەری چ
دەکەی؟
پاشا: کوڕە وازی لێ بێنە لەیرتیس! شێتە.
مەلەکە: بۆ خاتری خودا وازی لێ بێنن!
هەملیت: دەسا، دەریخە بزانم چ دەکەی. شیوەن؟ شەڕ؟ ڕۆژووی لەبەر
دەگری؟ یەخە دەدڕی؟
سرکەی(*) لەبەر دەنۆشی؟ سوسمار قووت دەدەی؟ هەمووی دەکەم.
بۆ شەپۆڕ و شین هاتووی؟
بەخۆهاوێشتن لە گڵەکەی ڕووم دادەماڵی؟ هاتووی زیندوو لەگەڵی
چاڵت کەن، منیش دەیکەم. و ئەگەریش وری کەژ و کێو لێ دەدەی،
با بەملوێن خەروار خۆڵمان بەسەردا بکەن، تا گۆڕەکەمان لووتی لە
گڵپەی هەڵگراوی ئاسمان بدا. کێوی ئوسا بەلایەوە وەکو بالووکێ
بێ! دەم دادڕە تا دەقی تۆ وشە هەڵڕێژم.
مەلەکە: ئەوە تەنیا لەخۆچوونێکە، ماوەیەک لە مێشکی دەدا؛ زووش،
وەکو کۆتری مێ کە دوو بێچووە زێڕینەی سەرهەڵدێنن،

(*) Eisell: ترشاوێک بووە خەمهێنەر؛ بەمانای سرکەش هاتووە.

هێمنییەکەی لەسەر دەنیشێ.

هەملیت: گوێ بگرە، جەناب! هۆی چییە وا لە دژم ڕادەوەستی؟ ئەمن هەر تۆم خۆش ویستووە. بەڵام ئەوە بەلاوە. با **هیرکولیس** بکا ئەوەی پێ دەکرێ؛ پشیلە میاو دەکا و سەگ ڕۆژی لێ دەبێتەوە.

*[دەچێتە دەرێ]*

پاشا: تکات لێ دەکەم، هورەیشیوی هێژا! پێ ڕابگە.

*[هورەیشیو دەچێتە دەرێ]*

پاشا [*ڕوو لە لەیرتیس*]: لەسەر باسەکەی دوێنێ شەومان، لەسەرخۆ بوونت پتەو ڕاگرە. هەوڵێکی دوابڕی لەسەر دەدەین.

گیرترودی چاک! چاودێرێک بۆ کوڕەکەت دیاری بکە. ئەو زێدەش بارەگەیەکی بیرەوەری لەسەری ساز دەبێ.

سەردەمی ئاسایش و ئاسوودە بوون نێزیکە؛ تا ئەو کاتە لەسەرخۆ دەبین و هێدی هەڵدەکەین.

*[دەچنە دەرێ]*



**شانۆی دوو – هۆڵێک لە قەڵادا**

*[هەملیت و هورەیشیو دێنە ژوورێ]*

هەملیت: ئەوەت بەدی کرد، ئاغا! ئێستا با دووەمییەکەشی بزانی. خۆ چاک بارودۆخەکەت لەبیرە؟

هورەیشیو: لەبیرمە، قوربان!

هەملیت: ئاغە! لە دڵمدا جۆرە ئاشۆیەک کەوتبوو، دەرفەتی نووستنی نەدەدام. پێم وابوو لە یاخییە مل لە نێڵەکان بەدترم. جا هەڵمەتم دا و هەڵمەتی ئەوتۆ با هەر پیرۆز بێ. با ئەوەش بزانین، جاری وا هەیە کەللە بۆشی چاکمان خزمەت دەکا – کاتێ کە بیروبۆچوونی قووڵمان جاڕز دەبێ – و ئاگەدارمان دەکا هێزێکی ئاسمانی هەیە دوایی کاروباری ناکۆکمان هەر بەو چەشنە ئارەزوومانە پێکدێنێ.

هورەیشیو: بێ گومان وایە.

هەملیت: لەسەرێ لە ژوورەکەمەوە، جلی زەریا لە شان و لەو ڕەشاییەی شەودا بەپەل کوتان کەوتمە ڕێ؛ بینیانمەوە و بەئاواتم گەیشتم؛ قامکم لە گیرفانیان گیر بوو؛ ئەوەم کە ویست دەسم کەوت. بەئەسپایی، ڕوو لە ژوورەکەم هەڵکشامەوە. بێ شەرمانە – ترس دابونەریتی لەبیر بردبوومەوە–مۆرم لەسەر فەرمانی مەزن هەڵکەند؛ لەوێدا چم دی، هورەیشیو! فەن و فێڵی پاشایەتی! فەرمانێکی ڕاستەوخۆ، پڕ لە بەر و بیانو و سۆنگە و سەبەب بۆ سەلامەتی دەنمارک و بێ وەیی بوونی ئینگلیز؛ کە بەهۆی پڕبوونی گیانی من -ئەی هاوار!- لە دێو و درنج، خەیریانت لەوەدایە دەسوبرد- تەنانەت خۆ گیر نەدەن بۆ تیژکردنی تەوەریش- سەرم بپەڕێنن.

هورەیشیو: شتی وا نابێ!

هەملیت: ئەوە فەرمانەکە، جا لە دەرفەتێکدا بیخوێنەوە. بەڵام گوێ دەگری چم کرد؟

هورەیشیو: دادەی و تکایە.
هەملیت: لە تەڵە کەوتووی ئەو فێڵ و فەرەجانە، بەرلەوەی بیر و ڕاوێژم بخەمە کار بۆ هەوڵدانێک، خۆیان هاتنە جووڵە. لەسەرخۆ دانیشتم فەرمانێکی نوێم دەرکرد؛ بەخەتێکی جوانم نووسی. جا سەردەمێک جوان نووسینم، بەو چەشنە کە ڕامیارانمان هەوڵیان لەسەر دەدا بەرەنجێکی بێبەر دەزانی و بگرە هەوڵم دەدا ئەو فێربوونە لەبیر بکەم؛
بەڵام قوربان! لەو کاتەدا بەفریام گەیشت. جا دەتەوێ بزانی چم نووسی؟
هورەیشیو: ئا، سەروەری هێژام!
هەملیت: تکایەکی گرینگ لە لایەن پاشاوە: «هەروەها کە ئینگلیز پیتاک و باجدەرێکی بەئەمەگە، هەروەها کە دۆسایەتیمان دەبێ وەکو دارخورما گەشە بکا، هەروەها کە ئاشتی دەبێ هەر تانجی هوشە گەنمی لە سەر بێ و ساقوتەکانی بەپێوەنییەکانمەوە هەڵبەسرابێ و... گەلێ تریش «هەروەها»ی گرینگ. هەر کە چاوتان بەم نامەیە کەوت و لە ناوەڕۆکی ئاگەدار بوون، بێ درەنگ، دەسبەجێ، ڕاسپاردەکانی بەمەرگ بسپێرن. تەنانەت دەرفەتی شایەتیمانیشیان نەدەنێ».
هورەیشیو: چۆن مۆر کرا؟
هەملیت: لەوەشدا خودا یارمەتیدەر بوو. مۆرەکەی بابم لەنێو جانتاکەمدا بوو، کە مۆری دەوڵەتی دەنمارک لە ڕووی ساز کراوە. بەشێوەی نامە بەرینەکە لۆم کرد و نیشانم کرد و مۆرم لەسەر کوتا و هێدی لە جێگای ئەوم دانا.
ئەو گۆڕانکارییە هەر دەرنەکەوت. جا ڕۆژی دوایی تووشی شەڕە زرێییەکە بووین. ئیتر خۆت دەزانی چی بەدووودا هات.



هورەیشیو: کەوابوو، گیلدینیستیرن و ڕوزینکرانتز پێوە بوون.
هەملیت: بۆ نەبن، پیاو! زۆریان کەیف دەکرد لەسەر ئەو ئەرکە. ویژدانم نابزوێنن، نوقمەسار بوونیان لەسەرخۆ تێهەڵکوتانیان بوو. بەڵێ، پڕ مەترسییە کە مرۆڤی خواردەس خۆ دەخاتە نێوان گێروکێشەی ڕک لێکراوی دوو پایەبەرزی نەیار.
هورەیشیو: جا چۆن، ئەوە چ پاشایەکە!
هەملیت: ئێستا -بەڕاوێژی تۆ- لەسەرم نییە لە دژی ڕابێم؟ ئەوەی کە پاشاکەمی کوشت و دایکمی فەلیتە کرد؛ خۆی هەڵکوتا نێوان ئاواتەکانم و هەڵبژاردنەکە بۆ پاشایەتی دەنمارک. فەرمانی بۆ گرتنی گیانیشم دەرکرد؛ جا بەفێڵ و تەڵەکەی ئەوتۆش. ئاخۆ دەقی ویژدانپاکی نییە بەم باهۆوەم بنەبڕی بکەم؟ ئاخۆ ئیزندان بەوەها ژانێک لە گیانی ئێمەی مرۆڤدا - کە زیاتر ژەنگی لێ ببێتەوە - تف و نەحلەتی بەدواوە نابێ؟
هورەیشیو: دەبێ بەم زووانە لە ئینگلیزەوە بۆی دەرکەوێ ئاکامی هەوڵەکەی بووەتە چی.
هەملیت: هەر بەم زووانە؛ جارێ دەور، دەوری خۆمە و ژیانی مرۆڤیش درێژتر لەوەی نییە بڵێی: یەک! بەڵام زۆر بەداخم، هورەیشیوی هێژا! کە لە عاستی لەیرتیسدا لەخۆچووم؛ چونکە بەخۆم و خەمەکەمدا دەزانم ئەویش چ حاڵێکی هەیە. داوای لێبووردنی دەکەم. ئەو بەخۆدادان و خەم نواندنەی قەڵسی کردم و ڕکی هەستاندم.
هورەیشیو: بێ دەنگ! کێیە خەریکە دێ؟

*[ئازریکی جەوان، پیاوێکی دیوەخان دێتە ژووریّ]*

ئازریک: سەروەری پایەبەرز. بەخێرهاتەوە بۆ دەنمارک.

هەملیت: بەڕێزەوە سوپاست دەکەم، جەناب!
[*ڕوو لە هورەیشیو و لە پەناوە*] ئەم **پیازپاککەرە** دەناسی؟(*)
هورەیشیو: نە، قوربان!
هەملیت [لە پەناوە]: جێی شانازییە نەیناسی؛ چونکە ناسینی نابەکارییە. دیارە خاوەنی خاک و خەرمانە. با هەر سپڵۆیەک سەر گەورەی گەلی سپڵۆتەکان بێ و ئاخوڕی لە پاڵ خێوەت پاشا بێ. قەلەڕەشێکە؛ بەڵام هەروا کە گوتم، کەلێنە، لەبەرئەوەی کە خاوەنی کەلاوەبەرەیە.
ئازریک: سەروەری جوانم! ئەگەر جەنابتان لەسەر چۆڵی دان، بەڕێزەوە، لە لایەن پاشای پایەبەرزەوە پەیامێکم هەیە.
هەملیت: وەری دەگرم، ئاغە! لەسەر گیانی گەشم! کڵاوەکەیشت لە جێی خۆ دانێ؛ کڵاو بۆ ئەوەیە لەسەری بکەی.
ئازریک: سوپاسی جەنابتان، هەوا زۆر گەرمە.
هەملیت: نا بڕوام پێ بکە زۆر ساردە؛ بای شەماڵ هەڵی کردووە.
ئازریک: نەختێ ساردە، قوربان! وایە.
هەملیت: بەڵام پێم وایە زۆر شەدار و گەرمە بۆ حاڵ و هەوای من.
ئازریک: زۆر، قوربان! زۆر هوتن و نمدارە، ئەوەندە کە پێم ناگوترێ. بەڵام، گەورەم، جەنابی پاشا ئەمریان کردووم بەخزمەت ڕاگەیەنم لەسەر جەنابتان مەرجێکی گەورەی کردووە. جا قوربان! مەسەلەکە –
هەملیت [ئاماژە دەکا کڵاوەکەی لەسەر نێ]: تکایە لەبیری نەکەیت.
ئازریک: نا، سەروەری هێژام! لەبەر ئاسوودەیی خۆمە، بەئاییینم سوێند. قوربان تازە لاوێک هاتووەتە دیواخان، نێوی لەیرتیسە. بڕوام

(*) پیازپاککەرم بۆ Waterfly هێناوە. مەبەست کابرای ڕیاکار و خۆ نیشاندەر و خولتەکەرە.



پێ بکەن، بەرزە پیاوێکی تەواوە، پڕ لە جیازیبەکانی تایبەتی، نەرمونیان، ڕێکوپێک و جوان. بەڕاستی و لەسەر ڕاستۆکی باسی لێوە بکەین، نامیلکەیەکە لە پیاوەتی؛ چونکە لەودا هەر بەرجەوەندییەک کە جوامێرێک پێی خۆشە بیبینێ بەدی دەکرێ.
هەملیت: جەناب! تاریف و پێداچوونەکانت کەموکورتییەکیان نییە؛ گەرچی دەزانم بۆ ئەژماردنی تایبەتییەکانی، حەساوگەری مێشک گێژ هەڵدەگەڕێ و لە هەڵکردنی شوێنی بادەوانە با پەسێوەکەی تووشی گێژاو دەبێ. بەڵام لەسەر پێ هەڵگوتنێکی پاراو و ڕاست، ئەمن پێم وایە ڕوحێکی خاوەن ڕەسەنە. تایبەتییە سروشتییەکەشی هیندە دەگمە و دەس نەکەوتووە، بۆ دیتنی دەقێکی وەکو خۆی؛ وێنەی لە ئاوێنەکەی دایە و کێ تر بیهەوێ شوێنی ئەو بگرێ، سێبەری خۆیە و نەک هیچێکی تر.
ئازریک: جەنابتان زۆر بێ هەڵە و خەڵەت باسی دەکەن.
هەملیت: مەلموراد، ئەفەندی؟ ژ چ ئەو بەرزە پیاوە هامێتەی هەناسەی هاڵ و کاڵمان کەین؟
ئازریک: قوربان؟
هورەیشیو [*لە پەناوە بەهەملیت*]: ناکرێ بەزمانێکی تر تێیگەیێنی؟ دەتوانی قوربان! بێ گومان.
هەملیت: چ مەبەستێک هەیە لەنێوبردنی ئەو ئاغایە؟
ئازریک: هی لەیرتیس؟
هورەیشیو [*لە پەناوە*]: توورەکەی والا بوو؛ وشە زێڕەکانی هەمووی خەرج کرد.
هەملیت: ئا سەبارەت بەئەو.
ئازریک: ئەمن دەزانم جەنابتان بێ خەبەر نین...

هەملیت: خۆزگە بتزانیبا، جەناب! جا بتزانیباش قازانجێکی بۆ من نەبوو. دەی!

ئازریک: بێ خەبەر نین لە وزە و هێزی لەیرتیس...

هەملیت: ناوێرم دانی بەسەردا بنێم؛ نەکا لە شارەزاییدا بەوێ خۆمی لەگەڵ هەڵسەنگێنم. چونکە بۆ چاک ناسینی مرۆڤ، دەبێ خۆ بناسی.

ئازریک: مەبەستم قوربان! دەس و چەکیەتی. جا بەو چەشنە کە لەو بابەتەوە ناوبانگی دەرکردووە و پێ ناسراوە هاوتای نییە.

هەملیت: چەکی چییە؟

ئازریک: شیر و خەنجەرە.

هەملیت: ئەوە دوو چەک؛ لە چەکەکانییەتی؛ دەی چاکە.

ئازریک: پاشا؛ قوربان! لەگەڵیدا لەسەر شەش ئەسپی **بەرپەر** مەرجی کردووە؛ بەرانبەر بەوە، ئەویش – کە من بزانم، شەش شیر و خەنجەر، بەکەلوپەل و قفڵ و قایش و بەرگ و داپۆشی بۆ هەڵبەستووە، لەو داپۆشانە سێ دانەی، –بەخودا– جوان دووراون: دەزگەی یەک دەس، لە بار و خوەش دەس، دڵ دەرفێنن.

هەملیت: داپۆش بەچی دەڵێی؟

هورەیشیو [*لە پەناوە بەهەملیت*]: دەمزانی بەرلەوەی بیبڕنەوە باریک بینی لەسەر دەکەن.

ئازریک: داپۆش، قوربان! هەر کالانە.

هەملیت: ئەو وشە بۆ تۆپ جوانتر دەبوو؛ ئەگەر بکریا تۆپ لە شاڵ بکەین.

دەی جارێ با هەر کالان بێ. ئادەی! شەش ئەسپی **بەرپەر** لە بەرانبەری شەش شیری فەرەنسی بەکەلوپەلیانەوە و سێ کالانی



جوان و ڕازاوە؛ ئەمە مەرجی فەرەنسییەکان لە دژی دەنمارکییەکانە. جا بۆ ئەوەندەی –بەزاراوەکەی خۆت– بۆ هەڵبەسراوە؟

ئازریک: پاشا، قوربان! ئەو مەرجەی داناوە، لە دوازدە هەڵمەت کە لە نێوان جەنابتان و ئەودا دێتە کایەوە سێ زەبری ئەو هەر حەسێو ناکرێ؛ واتە دوازدە بەنۆ. جا هەر کەی جەنابتان وەڵام بدەنەوە ئەو کێبەرکێیە بەڕێوە دەبرێ.

هەملیت: جا ئەگەر ئەمن وەڵامم «نە» بێ؟

ئازریک: ئاخر، قوربان! نەیارەتی جەنابتان جێی پرسینەوەی دەبێ.

هەملیت: جەناب! ئەمن لە هۆڵەکەدا پیاسە دەکەم. گەر جێی پەسەندی جەنابی پاشایە، ئێستا بۆ من کاتی پشوودانی ڕۆژە. با شیرەکان بێنن، ئەو ئاغاشە ئامادە بێ و پاشاش لەسەر مەبەستی بێ، بۆ پاشای دەبەمەوە، گەر بتوانم؛ ئەگەریش دۆڕاندم، چم دەس نەکەوتووە جگە لە سێ زەبر و سەرشۆڕیم.

ئازریک: هەر بەو چەشنە ڕای بگەیێنم؟

هەملیت: لەسەر ئەو مانایە، جەناب! پاش تام و خوێ کردنی بەکەیفی خۆت.

ئازریک: ئەرکم بەرانبەر بەجەنابتان بەڕێوە دەبەم.

هەملیت: سوپاس! سوپاس!

[*ئوسریک دەچێتە دەرێ*]

چاک دەکا خۆی بەرێوەی دەبا، زەمانێکی تر نییە ئەرکی ئەو جێبەجێ بکا.

هورەیشیو: پەپووئاسایی، قونەقون بەتۆکڵ هێلکەی بان سەریەوە ڕۆیشت.

هەملیت: بێ گومان پێش ئەوەی کە مەمکی دایکیشی بچەکێنێ، خوڵتەی پێ کردووە. جا ئەو و ژمارەیەکی زۆر لەو چینە –کە دەیانناسم– دنیای بێ بایەخ ئاواتەخوازیانە. تەنیا بەسازی زەمان دێنە

هەڵپەرکێ و ڕواڵەت و جل دەڕازێننەوە - وەکو مەلاتێکی بلّقاوین، کە ڕۆژگار بەبیر و بۆچوونەکانی هەڵبژاردراو و ئێلەککراودا سواخیان دەدا. خۆ ڕادەگرن؛ بەڵام بۆ تاقیکردنەوە پفێکیان لێ کەیت بلّقیان دەتۆقێ.

*[ پایەبەرزێ دێتە ژوورەوە]*

پایەبەرز: سەروەرم! جەنابی پاشا بەئازریکی جەواندا سلاّو و پەیامێکی بەرێکردن و وەڵامەکەیان وەرگرتەوە کە لە هۆڵەکەدا بەخزمەتی دەگەن. ئەوا ناردوویانە بزانن ئامادەن لەگەڵی لەیرتیسدا گەمە بکەن، یان دەرفەتێکی زیاترتان دەوێ.

هەملیت: ئەمن لەسەر مەبەستم سوورم؛ مەبەستم لە ڕێ ڕەزای پاشایە. ئەگەر بەکەیفن، کەیفی من سازە؛ ئێستا بێ یان هەر کاتێکی تر، بەمەرجێ وەکو ئێستا بەتوان بم.

پایەبەرز: پاشا و مەلەکە و هەموو هاوڕێیان خەریکن دێن.

هەملیت: هەر بەخۆشی.

پایەبەرز: مەلەکە داواکارتانە بەرلەوەی دەست لە یەکتر بکەنەوە تۆزێ دڵخۆشی لەیرتیس بدەنەوە.

هەملیت: وانەیەکی جوانی داوم.

*[ پایەبەرز دەچێتە دەرێ]*

هورەیشیو: ئەو مەرجە دەدۆڕی، قوربان!

هەملیت: پێم وا نەبێ. لەو کاتەوە چوو بۆ فەڕەنسە تا ئێستا بێ وچان مەشقم کردووە؛ بەو سێ خاڵەوە دراومەتێ دەیبەم. بەڵام تێناگەی چ پەژارەیەک دڵی داگرتووم... دەسا، لێگەڕێ.

هورەیشیو: نا، سەروەری هێژام!

هەملیت: شتێکی جەفەنگە؛ بەڵام جۆرە دڵەڕاوکێیەکە شایەت ژنێک تووشی تووش بکا.



هورەیشیو: ئەگەر دڵت پێوە نییە، بەدڵت بکە. ئەمن بەرهەڵستی هاتنیان بۆ ئێرە دەبم و دەڵێم جەنابت ساز نیت.

هەملیت: نا، قەت! ئێمە نەیاری بەخت خوێندنەوەین؛ گەر چۆلەکەیەک سەرنخوون دەبێ، بێ حیکمەت نییە. گەر کاتی مردنی ئێمەش ئێستا بێ، پەکی ناکەوێ؛ ئەگەر پەکی نەکەوتبێ، هەر ئێستایە؛ ئەگەر ئێستاش نەبێ، خۆ هەر دەبێ؛ گرینگ ئامادەبوونە کە مرۆڤ بەشێکی نادرێ لە پاشمەنەکەی، زوو یان درەنگ چوون چ سوودێکی هەیە؟ دەسا، با بێ.

*[ پاشا، مەلەکە، لەیرتیس، ئوسریک، پیرە پیاوێک و هاوڕێیان دێنە ژوورێ لەگەڵ چەند شیر و لەپک و یەک دانە مێز و چەند تونگەی شەراو لەسەری]*

پاشا: وەرە، هەملیت! وەرە، ئەم دەستەم لێ وەرگرە.

*[ دەستی لەیرتیس لە دەستی هەملیت دەنێ]*

هەملیت: داوای لێبووردنت دەکەم، ئاغە! خراپەم لەگەڵ کردی؛ بەڵام تۆ گەورە پیاوی و لێمان ببوورە. ئەوانەی لێرەن دەزانن و بێ گومان تۆش بیستووتە کە چۆن سزا دەدرێم بەپەرێشانییەکی پرووکێنەر. ئەوەی لێم قەوما، گەر توندی بووە بەپلەوپایە و پیاوەتیتان لێرەدا دەڵێم لەسەر شێتی بووە.
ئەوە هەملیت بوو لەیرتیسی ڕەنجاند؟ قەت هەملیت نەبووە. ئەگەر هەملیت لە خشتە بچێ و لە نەگومیدا لەیرتیس بڕەنجێنێ، ئەوە هەملیت نییە؛ هەملیت حاشای لێ دەکا. کەوابوو کێ بوو؟ هەر شێتییەکەی بوو. گەر شێتیش بووە، هەملیتیش کەسێ لەو کەسانەیە خراپەی لەگەڵ کراوە؛ شێتییەکەی بووەتە دوژمنی هەملیتی بێ دەرەتان.
ئاغە! لەم کۆڕەدا ئیزن بدە حاشاکردنم لە خراپەکردنی ئەنقەست،

گـــەردنم لە بیـــر و بڕوای بەربلاوتدا ئازا بکا. تۆ وای بزانە لە سەربانەوە تیرێکم هاوێشت و براکەم زامار کرد.

لەیرتیس: ئەوا بەدڵ، ئەوڕکـەم -کـە زیاتر هانی دەدام بۆ تۆڵەکـردنەوە- دامرا. بەڵام لەسەر شەرەف و شانم خۆ ڕادەگرم و ئاشت نابمەوە تا چەند ڕیش سپی خاوەن ڕەسەن تکام لێ بکەن و بۆ ئاشتیـخوازیم پێشنیار بدەن با نێوم پاک ڕاگرم. جا تا ئەو کاتە خۆشەویستی پێشکەشکراوت وەکو ئەوین وەردەگرم و نایدەمە دواوە.

هەملیت: ئەمنیش بێ خورتی لە باوەشی دەگرم و لەسەر مەرجی ئەم برایە -ڕاست و بێ ڕیا- دێمە کایەوە.

شیرەکانمان بدەنێ. وەرە.

لەیرتیس: وەرن، یەکێکیش بۆ من.

هەملیت: لەیرتیس! دەبم بەئاڵقـەی ژێر نقـێـمـەکـەت؛ لە نابەڵەدیمدا شارەزاییـیـەکـەت وەکـو ئەسـتـێـرە لە شـەوی تاردا -بەڕاستی دەگەشێتەوە.

لەیرتیس: گاڵتەم پێ دەکەی، قوربان!

هەملیت: نا، بەم دەستە سوێند.

پاشا: شیرەکانیان بدەرێ، ئوسریکی لاو! هەملیت، برازام! خۆ لە مەرجەکە باش ئاگەداری؟

هەملیت: زۆر باش، قوربان! جەنابتان سێ خاڵی نسیو لانی کەم هێز کردووە.

پاشا: هیچ باکم نییە، ئەمن هەردووکم دیون؛ بەڵام لەبەرئەوەی کە ئەو شارەزاترە، سێ خاڵمان بەتۆ بەخشیوە.

لەیرتیس [*ئاماژە دەکا بەشیرەکەی دەستی*]: ئەمە زۆر قورسە؛ با یەکێکی تر تاقی بکەمەوە.



هەملیت: ئەمە، باش پڕ دەستی منە. ئەم شیرانە یەک ئەندازەن؟

*[ئامادە دەبن بۆ یاریکردن]*

ئازریک: ئا، سەروەرم!

پاشا: ئەو تونگە شەرابەم لەسەر ئەو تەختە بدەنێ. ئەگەر هەملیت زەبری یەکەم یان دووەم ڕاوەشێنێ، یان لە قەرەبووی زەبری سێیەمدا دەس بکاتەوە، با بورجەکان، هەموو، تۆپەکانیان ئاگر بکەن؛ پاشا بەسەلامەتی بڕستی باشتری هەملیت، دەخواتەوە و لە پەرداخەکەی گەوهەری دەخا گرانتر لەوەی کە چوار پاشای پێشووی دەنمارک لەسەر تاجی پاشایەتییان داناوە. ئەو پەرداخانەم بدەنێ با دەهۆڵەکان بێنە دەنگ لە زوڕناکان و زوڕناکان لە تۆپچییەکان و تۆپەکان لە ئاسمان و ئاسمان لە ئەرز کە ئێستا پاشا بەسەلامەتی هەملیت دەخواتەوە. وەرن، دەس پێ بکەن! ئێوەش داوەران، چاوتان تیژ بکەن.

هەملیت: وەرە، ئاغە!

لەیرتیس: فەرموو، قوربان! [*دەس پێ دەکەن*]

هەملیت: یەک.

لەیرتیس: نە.

هەملیت: داوەر!

ئازریک: زەبرێک، زەبرێکی زۆر دیار.

لەیرتیس: چاکە، دیسان!

پاشا: ڕاوەستن؛ شەرابەکەم بدەنێ. هەملیت! ئەو گەوهەرە بۆ تۆ بێ، ئەوەش بەسەلامەتیت.

[*دەهۆڵ و زوڕنا کوتەیەک دەنگیان لە پشتی شانۆ بەرز دەبێتەوە*]

پەرداخەکەی بدەنێ.

هەملیت: با ئەم دەورەش یاری بکەم؛ تۆزێ ڕایگرن. وەرە!

*[ یاری دەکەن]*

ئەوا زەبرێکی تر. چ دەڵێی؟

لەیرتیس: لێم کەوت، لێم کەوت، وابوو.

پاشا: کوڕەکەمان دەبیا.

مەلەکە: قەڵەو بووە؛ بۆیە لە هەناسە کەوتووە. ها، هەملیت! دەسڕەکەم بگرە، ڕوومەتت بسڕە. مەلەکە بۆ بەختی بەرزت بادە دەنۆشێ، هەملیت!

هەملیت: خانمی خاس!

پاشا: گیرترود! نەخۆیتەوە.

مەلەکە: دەخۆمەوە، قوربان! تکایە لێم ببووری.

*[ دەخواتەوە]*

پاشا [*لەبەرخۆیەوە*]: ئەوە پەرداخە ژەحراوییەکە بوو؛ تازە هیچ.

هەملیت: جارێ ناوێرم بخۆمەوە، خانم! دەمێکی تر.

مەلەکە: وەرە با ڕوومەتت بسڕم.

لەیرتیس: قوربان! ئەوا لێ دەدەم.

پاشا: پێم وا نەبێ.

لەیرتیس [*لەبەرخۆیەوە*]: وەک بڵێی ویژدانم نامهێڵێ.

هەملیت: وەرە بۆ دەوری سـێـیـەم، لەیرتیس! لە دوودڵی دای، تکایە بەتەواوی هێزتەوە دەس بکەرەوە؛ دەترسم کایەکلێم لەگەڵ بکەی.

لەیرتیس: وات گوت؟ بگرە!

*[ پەلامار دەدا]*

ئازریک: هیچ کام، نە ئەملا نە ئەولا.

لەیرتیس: ئەمجا، وەریگرە.



*[ لەیرتیس هەملیت زامار دەکا و لە کێش و بڕدا شیرەکانیان دەگۆڕدرێ و هەملیتیش لەیرتیس زامار دەکا]*

پاشا: جیایان بکەنەوە. تێکهاڵاون.

هەملیت نا، وەرە! دیسانەوە!

*[ مەلەکە دەکەوێ]*

ئازریک: سەیری مەلەکە! لەوێ، ها!

هورەیشیو: هەردووکیان خوێناوڵێن بوون. چۆنی، سەروەرم؟

ئازریک: چۆنی، لەیرتیس؟

لەیرتیس: چۆن بم، وەکو دارکرۆک کەوتمە نێو کۆت و داوی خۆم؛ ئازریک لەسەر خەبت و خەیانەتی خۆم کوژرام.

هەملیت: مەلەکە چۆنە؟

پاشا: لە خۆی چوو کە چاوی بەخوێنەکان کەوت.

مەلەکە: نا، نا! شەرابەکە، شەرابەکە! ئاخ هەملیتی عەزیزم! ئەو شەرابە بوو، ئەو شەرابە... ژەحراژن کرام.

هەملیت: ئای جەنایەت! زوو! دەرکەکان داخەن. خەیانەت، دەری بخەن.

*[ لەیرتیس دەکەوێ]*

لەیرتیس: هەر لێرەیە، هەملیت! ئەتۆش، هەملیت! لێت کەوتووە؛ دەرمان نییە لە جیهاندا چاری بکا. نیوە سەعاتێ زیاترت بەدونیاوە نەماوە. کەرەسەی خەیانت لە دەستت دایە: شیری کول نەکراو و ناراوی!

ئەو پیلانە پیسە ئاوڕی داوە لە منیش. ئاخ، ئەوا کەوتم و قەت ڕاست نابمەوە. دایکیشت ژاراژن کرا.

ئیتر برستم لێ براوە. پاشا، پاشا تاوانبارە.

هەملیت: نووک شیرەکەش ژاراوییە؟ کەوابوو، سا، ژەحر، کاری خۆ بکە.

*[ پاشا بریندار دەکا]*

هەمووان: خەیانەت، خەیانەت.
پاشا: ئاخ! بەڵام بمپارێزن، هاوەڵان! هەر زامێکم کەوتووە.
هەملیت: ها، هەی زیناکار، پیاوکوژ، پاشای نفرە لێکراو! ئەو پەرداخە
ژەحرە هەڵخە. ئەوە بوو گەوهەرەکەت؟
دەبچۆ لەدوی دایکم.

*[پاشا دەمرێ]*

لەیرتیس: سزای خۆی بوو، ئەو ژاراوە دەسکردی خۆی بوو. با گەردن
ئازایی بکەین هەملیتی بەشەرەف!
تاوانی مردنی من و بابم ئەستۆی تۆ ناگرێ و هی تۆش لەمن
ناکەوێ.

*[دەمرێ]*

هەملیت: خودا لەو سووچە ڕزگارت بکا. منیش لەدووی تۆ هاتم. مردم
هورەیشیو! مەلەکەی داماو! لای تۆ خۆش. ئێوەش وا ڕەنگتان لە
ڕوو براوە و لەو کارەساتە لەشتان دەلەرزێ، دەنگتان دەرنایە و هەر
چاولێکەرن، یەکتان ناوێرێ شتێک بپرسێ. دەرفەتم بوایە بەیانم
دەکرد؛ بەڵام با وس بم. فەرمانبەری مەرگ لە گیان کێشاندا زۆر
بێ ئەمانە. هورەیشیو، ئەوا من مردم؛ ئەتۆ زیندووی؛ بەسەرهاتم و
هۆی هەڵبەزانم ڕاست بگێڕەوە بۆ نەیارانم.
هورەیشیو: قەت بڕوا مەکەن پاش ئێوە تازە من خۆ بژێنم.
ئەمن زیاتر ڕۆمییەکی ڕەگەزدارم تا دەنمارکییەک. نەختێ لەو ناراوە
لێرەدا ماوە منیش خۆبەختکەم.
هەملیت: لەسەر پیاوەتیت، بمدەیە ئەو پەرداخە. وازبێنە سا! بەو خودایە
ئەمن دەیخۆمەوە. ئاخ! هورەیشیوی هێژا! ئەگەر ئەو بەسەرهاتە
نەدرکێ، دەزانی چ نێوێکی ناحەزم لەدوو دەکەوێ! ئەگەر بەڕاستی



خۆشەویستی منت لە دڵ دایە، دەمێ خۆ لە ئاسمانی بوون لادە و لە
دنیای دوونی بەداخ و دەردەوە هەناسە بدە با چیرۆکەکەم
بگێڕیتەوە.

*[دەنگی مەشقی سەربازان دێ و تەقە لە دوورەوە بەرز دەبێتەوە]*

ئەو شەپە و شەقە شەڕوێنە چییە؟
ئازریک: فورتینبراسی جەوان، سەرکەوتوو لە پۆڵاندەوە گەڕاوەتەوە. بۆ
شانازی باڵوێزەکانی ئینگلیزی ئەو تەقە و شەقەیە ڕاست
کردووەتەوە.
هەملیت: ئاخ! ئەوا دەمرم، هورەیشیو! ئەو ژارە تیرە تەواوی گیانمی پڕ
داگرتووە. نەمام ببیسم هەواڵی ئینگلیز؛ بەڵام پێشبینی دەکەم
تیشکی هەڵبژاردوو لە فۆرتینبراس دەکەوێ. ئەوا منیش دەنگی
سەرەمەرگی خۆمی لێ دەکەم.
کەوابوو پێ بڵێ – ورد ورد و جوان بێ کەموکورتی – چی وا
هانیدام... ئیتر بێ دەنگی!
هورەیشیو: ئەوا دڵێکی خاوەن پۆ قەڵشا. شەوباش! شازادەی شاز و
شیرینم، ئەوا فریشتەکان بەنەوا و نەغمە بۆ حەسانەوەی بێ
برانەوەت بانگێشتنت دەکەن.

*[دەنگی مارش و هاتنی سەربازان دێ]*

بۆچ ئەو دهۆڵە ڕوو لە ئێرە دێ؟

*[فورتینبراس و باڵوێزانی ئینگلیزی، بەدهۆڵ و بەیاخ هاوڕێی پاکاران دێنە ژووری]*

فورتینبراس: ئەم دیمەنە کوێیە؟
هورەیشیو: چییە ئەوی کە دەتەوێ بەدی بکەی؟ ئەگەر چەمەڕای چەمەر و
چەواشەیی ببینی چاوە چاو مەکە و چاوی لێ بکە.

فورتینبراس: ئەم جەندەک و جەنازەگەلە جاڕی جەنایەت دەدەن. هەی مەرگی ملهووڕ! چ سوورێکت لەسەرا سەرمەدیەکەتدا ساز کردووە کە ئەو هەموو شا و شازادەتە بەجارێ و وەها خوێنمژانە خەسار کردووە؟

باڵوێزێک: تاشاگایەکی ترسێنەرە و هەواڵەکانمان لە ئینگلیزەوە درەنگ گەیشتن. گوێ لە گۆ کەوتووە کە گوێمان بدا ئەمرەکەی هەمووی جێبەجێ کرا و ڕوزنیکرانتز و گیلدینیستیرن لە ژین هەڵبڕان. لە کام لا ئیتر سپاس وەربگرین؟

هورەیشیو: ئەگەریش ژیلەی ژینی لە گیان بوایە، قەت بۆ مردنیان لە زاریەوە ڕێزتان نەدەبیست. ئەو قەت فەرمانی مردنی وانی دەرنەکردبوو. سا، ئێستا ئێوە کە لە شەڕی پۆڵاند و ئێوەش کە لە ئینگلیزەوە گەیشتوونەتە سەر ئەم ڕووداوە خوێناوییە، فەرمانێ دەرکەن ئەم تەرمانە لەسەر بەرزاییەک لە پێش چاو بنرێن و ئیزنم بدەن بەئاخافتنێک. ئەو خەڵکە هێشتا هەر بێ خەبەرە، ئاگەدار بکەم کە چۆن بوو ئەمانە بەسەرماندا هات. با ئێوەش ببیسن: لە دڵچەرێنی لە پیاوکوژی، لەوەی کە دوورە لە خووی ئینسانی. لە دادوەری دایاخ لێ براو، کوشتن و بڕین پێشبینی نەکراو، مەرگ و مردنی بەپیلان و داو و بەزۆر پێ کراو و لە ئاکامیشدا چۆن مەبەست ونبوو و هەر پیلانگێڕ بوو کە سەرنخوون بوو. هەمووی ئەمانە ئەمن دەتوانم ڕاستە ڕوو بکەم.

فورتینبراس: با پەلە بکەین بۆ ئەژنەفتنیان و لە گەورە پیاوان بانگێشتن دەکەینە کۆڕی گوێگران. ئەمنیش –بەشی خۆم– بەپەرۆشەوە بەخت و ئیقباڵم لە باوەش دەگرم.
ئەمن لەو پاشایەتییەدا مافی مێژینەم هەیە؛ کە ئێستا بۆ وەرگرتنی بانگێشتن کراوم.



هورەیشیو: سەبارەت بەوەش، ئەمن شانیم هەیە بۆ ڕاگەیاندن لە زاری کەسێکەوە کە دەنگی ئەو لایەنگری پتر ڕاکێش دەکا. بەڵام با ئەم ئەرکانە جارێ جێبەجێ بکرێن. ئێستا بیروباوەڕی خەڵک ئاڵۆز و تێکهاڵاوە؛ نەکا خەزر و خاکەساری زیاتر لەسەر پیلان و هەڵەکاری ڕوومان تێ بکا.

فورتینبراس: چوار ئەفسەر هەملیت وەکو سەربازێک بەرنە سەر سەکۆ؛ چونکە بێ گومان ئەگەر تاجی لەسەر بکردبای پاشایەتی خۆی بەجوانی دەسەلماند. لە بەڕێکردنیدا دەنگی سروودی سەربازی و ئاهەنگی شەڕڤانی بەرز بکەنەوە. تەرمەکان هەڵگرن. وەها شانۆیەک شایانی گۆڕەپانی خەباتە و لێرەدا دڵگیر و دڵتەزێنە. دەبچن، فەرمانی تۆپ دەرکردن بەسەربازەکان بدەن.

*[هەمووان دەچنە دەرێ و پاشان چەند تۆپ دەردەکرێ]*

## کورتەیەک لە چیرۆکی دراماکە و دەوری یاریکاران

چوارچێوەی چیرۆکی ئەو درامایە لەسەر بەسەرهاتی هەملیت - کوڕی هەملیتی گەورە، پاشای دەنمارک - دارێژراوە. لە سەرەتای دراماکەدا هەملیت تووشی تووڕەیی و پەرێشانییە؛ بەهۆی مێردکردنی مەلەکەی ئێستاکەی دەنمارک بەمامی، پاشای ئێستاکەی دەنمارک.

پاشان کە بۆ هەملیتی جەوان دەردەکەوێ باوکی بەپیلانی دایک و مامی لە ژین هەڵبڕاوە، تۆوی تۆڵە لە مێشکیدا سەرهەڵدەدا. درێژەی دراماکە بەوردی نیشاندەری ئاڵوگۆڕەکانی جۆربەجۆرە کە تووشی گیان و ڕۆحی هەملیت دەبێ. بۆ نیشاندانی ئەو ئاڵوگۆڕانە یاریکارانی تر، وەکو ئاوێنە هەر کام لەونێ لە بیر و بۆچوونەکانی هەملیت دەنوێنن.

کلادیوس -مامی هەملیت و پاشای ئێستاکەی دەنمارک- خاڵی نیشانەکراوی هەملیتە لەوەی مرۆڤی مێوینەیە.

ئۆفیلیا-دەزگیرانی هەملیت- دەکەوێتە بەر لافاوی دڵچەپەڵی هەملیت.

هۆرەیشیو -دۆستی گیانی و دەستەبرای هەملیت- پیاوێکی دڕدۆنگ و پێڕەوی مەکتەبی شەککاکییەکانە لە درێژەی دراماکەدا نیشاندەری دەقی دەروونی هەملیتە.

پۆلۆنیوس -ڕاوێژکاری پاشا و باوکی ئۆفیلیا- پیرێکی بەرزە بلێس و هەرزەبێژە؛ لە دواییشدا تیری گومان ڕەشی هەملیت دەیپێکێ

ڕۆزینکرانتز و گیلدینیستێرن -دوو پایەبەرزی دیواخاننشین- لە دۆستانی هەملیت؛ بەڵام خوڵتەکەری پاشا کە دەکەونە داوی خوڵتە و خۆتێ هەڵکوتانی خۆیان.

یاریکارانی تریش کە هەر کام بەجۆرێ و لە لایێکەوە هەوا و هەستی هەملیت نیشان دەدەن.



## ویلیەم شەیکسپیر کێ بوو:

لە ئاڤریلی ساڵی ١٥٦٤ی زایینی لە شاری ستراتفۆردی ئینگلیز لە دایک بووە. ڕاستەقینەی ژیانی ڕێکوپێک دەس نەکەوتووە؛ بەڵام ئەوەی وتراوە و ماوەتەوە نیشان دەدا یەکێ لە هەشت منداڵی جان شەیکسپیری بازرگان بووە. خوێندنی سەرەتایی لە شوێنەزاکەیدا تەواو کردووە؛ بەڵام لە زانستگە نەیخوێندووە. لە تەمەنی هەژدە ساڵاندا ژنی هێناوە.

لە ساڵی ١٥٨٥ لە لەندەندا یاریکاری سەر شانۆ و نووسینی دراما دەس پێ دەکا. لەو کارەدا هێندە سەردەکەوێ کە لە ماوەیەکی کورتدا ناوبانگ دەردەکا و دراماکانی لە لایەن درامگێڕانی گەورەی ئەو سەردەمەوە دەچنە سەر شانۆ.

لە ویلیەم شەیکسپیر سەد و پەنجا و چوار پارچە شیعریش بڵاوبووەتەوە؛ بەڵام نەک هاوشانی دراماکانی. دەوروبەری سی و حەوت درامای داناوە؛ ئەوانەی کە ناوبانگی پتریان دەرکردووە بریتین لە: هەملیت، ئۆتێللۆ، مەکبیس، شالیر، ڕۆمیۆ و ژولیێس کە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا کۆنەبوونەوە؛ بەڵکو حەوت ساڵ پاش مەرگی، دوو هاوکاری خۆی لە نامیلکەیەکدا بەنێو first folio یان «یەکەم پەرتووک» بڵاویان کردەوە.

ئەو بلیمەتە نەمرە؛ لە بیست و سێی ئاڤریلی ١٦١٦ زایینی کۆچی دوایی کرد و لە کەلیسەیەک لە شوێنەزاکەیدا نێژرا.